# سێوی هۆشیاری

# سێوی هۆشیاری

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمەسەعید حەسەن
سێوی هۆشیاری
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## که گیرفانی با پڕ دەبێت لە چرپە

نیشتمان تاقە شوێنێکە،
هەتا وەک جەستە لێی دوورتر بکەوینەوە،
وەک ڕۆح لێی نزیکتر دەبینەوە.

باسکردنی جەستە، بریتی نییە لە باسکردنی پێداویستییە سێکسییەکان، نووسینەوەی جەستە، گیرخواردن نییە لە بازنەی ئێرۆتیکادا، داگیرسان و کوژانەوەی ئارەزووە سێکسییەکان نییە، ئاخر جەستە دابڕاو نییە لە ژینگەی ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی. جەستە لە ئەدەبدا، جەستەیەکی بۆ سێکس تینوو نییە، چونکە ئەگەر هەر لەو ڕوانگەیەوە، جەستە بەسەر بکەینەوە، ئەوە نووسینمان ناکەوێتە خانەی داهێنانەوە. جاکلین سەلام گوتەنی، (جەستە تەنیا ژوورێکی داخراو و جێخەوێکی سوور نییە.) قەتیسکردنی جەستەی ژن لە ژووری نووستندا، بریتییە لە کوشتنی خەونەکانی، کە شتێکە وەک زیندەبەچاڵکردنی. کوشتنی خەون، چونکە زیندەبەچاڵکردنێکی مەعنەوییە، لە زیندەبەچاڵکردنی جەستەیی دژوارتریشە.

(بە پێش ژانی دووگیانبوونی مندا دایکم
دوعای دەکرد کوڕم ببێ،
کچەکەم بە خوشکی برا و
وەجاخم پیاوێکی تیابێ.)[١]

جێی حەسرەتە گەلێک جار، ئەوە ژن خۆیەتی، سووک سەرنجی جەستەی خۆی دەدات و ڕۆڵێکی پاسیڤی پێ ڕەوا دەبینێت. هەندێک جار، ئەوەی

نووسەری ژن لە واقیعدا لێی بێبەشە و توانای بەدیهێنانی نییە، لە دەقدا جێبەجێی دەکات. دڵسۆز حەمە یەکێکە لەو ژنەشاعیرە دەگمەنانەی بە ئاگاییەکی باڵاوە جەستە بەسەر دەکاتەوە و وەک هەندێک ژنەشاعیری دیکە، ناچێت لە ڕێی وروژاندنەوە، خوێنەری ساکار ڕاو بکات.

(گوڵدانێکی چینی نەبوو،
ئەوەی شکاندت ڕۆحم بوو،
زەویم بۆ هەڵکێشی لە گوڵ،
کۆ نابنەوە پارچەکانی.) ل١٧٤

ڕامبو هێشتا تەمەنی بیست ساڵێک بوو کە جوانترین شیعری نووسیبوو. سیحری جوانیی شیعرەکانی، بریتیبوو لەوەی لە گوڵی کێوی دەچوون نەک گوڵی ناو ئینجانە. ئەو وەک هەڵسوکەوتیش کەسێکی مەیلە و کێوی بوو. سەیرە کەسێک لە نووسینی شیعرەوە، دەست بداتە بازرگانی بە چەکەوە کردن، لەوەیش سەیرتر ڕەنگە ئەوە بێت، کەسێک لە تافی لاویدا، شیعری وەها نەمر بنووسێت. جۆرە خۆڕسکییەک بە شیعری (دڵسۆز حەمە)یشەوە دیارە کە زادەی هەستێکی ڕاستەقینەیە و لە تێکستی ئەو شاعیرانەدا بوونی هەیە، کە دەستپاکانە خەریکی نووسینەوەی خودی خۆیانن، نەک هی ئەوانەی ڕۆڵی شاعیر نمایش دەکەن.

(هێشتا برینێکی کاڵ و
چڵێ گریانی خەڵفە بووم،
عیشق نەیکردبوومە پووش،
هێلانەی تیا نەکردبووم.) ل١٢٠

ڕەنگە بایەخی فەرووغ فەررووخزاد (١٩٣٥ – ١٩٦٧) بەوەوە بەند بێت، یەکەمین ژنەشاعیری ئێرانییە، وەک مێیینەیەک شیعری نووسیبێت، ئاخر پێش ئەو، ژنەشاعیرە ئێرانییەکان هەر بە هەوای پیاوانە و بە زمانی باوی نێر

دەیاننووسی. ئەوە فەرووغ بوو زمانێکی ژنانەی داهێنا کە ژیانی لێ دەچۆڕا و هیچ دیوارێکی لە نێوان شیعر و ژیاندا نەهێشتەوە، ئاخر ئەو هێندە بوێرانە هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕی، ئەو سەروەختە نەک ژن، تەنانەت پیاویش زاتی نەدەکرد، وەها ڕاشکاوانە بنووسێت. فەرووغ شتێکی جیاوازی بە شیعری فارسی کە زێتر لە دەوری عیرفان دەسووڕایەوە، بەخشی، ئەوە ئەو بوو بۆ یەکەمین جار، هات باسی لە ئازادیی ژنان و تەنانەت باسی لە پێوەندییە سۆزدارییەکانی دەرەوەی ژنومێردایەتیی خۆیشی کرد کە ئەوە لە تابووشکاندنیش ئەستەمتر بوو. ئاسیا جەبار دەڵێت: (لە دژی دواکەوتوویی، کۆنەپارێزی و دیدی پیاوانەی زاڵ، دەستم دایە نووسین و ئەوە نووسین بوو، هەم بەرەو یاخیبوونی بردم و هەم وایشی کرد بۆ کن ڕەگوڕیشەی خۆم بگەڕێمەوە.) لە دەستپێکدا فەرووغ فەرووخزادیش هەمان ڕێگەی تاقی کردەوە، وەلێ مەرگ مەودای نەدا، بەرەو ڕەگوڕیشەی خۆی بگەڕێتەوە.

(لەوە دەکات هێشتا دڵسافیی منداڵیی
لە چەپەری پەراسووەکانما جێ مابێ،
دەنا دەبوو پێش ئەوەی لێم جوێ بێتەوە،
مەلی ڕۆحم لە قەفەزی پەنجەکانتا دەربێنایە.) ل٤٩

دڵسۆز حەمە یەکێکە لەو ژنەشاعیرانەی خاوەنی زمانی شیعریی تایبەت بە خۆیەتی و لایەنێکی گەشی شیعری وی، ڕاستگۆییە، ئەوە بۆیە هەر شیعرێکی دەخوێنینەوە، هەر زوو هەست دەکەین، بنووسەکەی ژنە، (ژنێک کە چارۆکەی خەیاڵی بێ منەتە لە ڕەشەبا، ژنێک لە عەتر و لە خەم و لە ڕامنەبوون، ژنێک لە تەنیایی، ژنێک کە بێباکانە مەحاڵی خۆش دەوێت) و سەرسەختانە بەڵام بە شیعری ناسک، بە گژ بابسالاریدا دەچێتەوە. ئەو بە زمانێکی ڕوون دەنووسێت کە هەر دەڵێیت لە سەرچاوەی دڵییەوە هەڵدەقوڵێت، زمانێک بە هۆیەوە خوێنەر هەست دەکات، هیچ جیاوازییەک لە نێوان شاعیر و شیعرەکانیدا نییە، چونکە خودی شاعیر بێ ئەوەی هانای بۆ ماسک بردبێت،

لە هەموو دەقێکیدا ئامادەیە.

(بوصیری) گوتوویەتی:

فلولا زفيري أغرقتني أدمعي
ولولا دموعي أحرقتني زفرتي.

نالی دەڵێت:

ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز.

لە بەیتەکەی نالیدا، تا نیوەدێڕی دووەم نەخوێنیتەوە، لە نیوەدێڕی یەکەم تێناگەیت، کە نیوەدێڕی دووەمیش دەخوێنیتەوە، ئەوسا ڕوونتر دەرک بە مەبەستی نیوەدێڕی یەکەم دەکەیت. ئەمەیش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، ئەو هونەرەی نالی نواندوویەتی، گەلەک لە هی شاعیرە عەرەبەکە بالآترە،[٢] هەرچەندە سوودیشی لە شیعرەکەی ئەو بینیوە، ئاخر لە شیعرە عەرەبییەکەدا، لە هەر نیوەدێڕێکدا، هەم هۆ ئاشکرایە و هەم ئەنجامیش، بەمەیش سیحری شیعرەکە بەتاڵ بووەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین نالی لە بواری سەرلەنوێ نووسینەوەی دەقێکی دێریندا، داهێنانی کردووە. ژنەشاعیری سوێدی کارین بۆیە (١٩٠ –١٩٤١) کە لە شیعرەکانیدا، بە شێوەیەکی ئاسان، باس لەوە دەکات، ئینسان پێویستبوو چۆن ژیابا و لە واقیعیشدا چۆن دەژی، لە هۆنراوەی (لە کچێکی لاسارەوە)دا کە تەنیا دوو چوارینەیە، دەڵێت:

(هیوادارم هەرگیز باشت بۆ نەڕەخسێ
هیوادارم تۆیش وەکوو من
خەو لە چاوانت بتۆرێ،
هەمیشە جێی پێکەنین بی،
هەمیشە هەر ورووژاو بی،
وڕ و بێزار و ترساو بی.)[٣]

نازانم دڵسۆز حەمە ئەو شیعرەی کارین بۆیەی دیتوە یان نا؟ وەلێ ئەوە دەزانم، وەک چۆن نالی لە بوصیری تێپەڕاندووە، دڵسۆز حەمەیش گەلەک لە کارین بۆیە جوانتر، هەمان هەستی دەربڕیوە:

(چ دەکەی چی؟
چراکان دادەگیرسێنی؟
یان گوڵەکانت ئاو دەدەی؟
هیوادارم حەوسەڵەی هیچیانت نەبێ.
خۆت دەشۆی یان
ڕیش و سمێڵت دەتاشی؟
یان شووشەی پەنجەرەکانت
لە تەم خاوێن دەکەیتەوە؟
هیوادارم قەت شووشەکانت پاک نەبن،
خۆر نەکەوێتە ماڵەکەت.) ل٧١ تا ٧٤

هەر لەو بوارەدا کە دەقەکان ئاوێزانی یەکدی دەبن، شاعیری ئەڵمانیایی، ئیریش فرێد (١٩٢١ – ١٩٨٨) دەڵێت:

منداڵەکان
بە گاڵتەوە بەردیان دەگرتە بۆقەکان،
بۆقەکان بە ڕاستی دەمردن.

(دڵسۆز حەمە)یش دەڵێت:

(ئەو بە گاڵتە چراکانی دەکوژاندەوە،
من بە ڕاستی تاریک دەبووم.) ل٦٨

ئەوە (گۆران) بوو، کارێکی کرد، زمانی شیعری کوردی، خۆڕسکانە هەڵبقوڵێت، سروشتییانە ڕێڕەوی خۆی بگرێتە بەر و بێ ئەوەی کۆسپ بێتە

ڕێی، درێژە بە ڕەوتی خۆی بدات، وەک چۆن شەراب هەتا کۆنتر ببێت، ڕوونتر دەنوێنێت، گـۆران زمـانـی کـوردیی وەها ڕوون کـردەوە و بـەو زمـانـە ڕوونە شیعری کوردیی گەیاندە لوتکە، ئەو کارە لە شیعری ئینگلیزیدا (ئۆدن) کردی. شاعیر هەیە، توانای نووسینی شیعرێکی کێش و سەرواداری نییە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە خەریکی نوێکردنەوەی شیعرە، تەواو وەک ئەو کەسەی بە کـۆمـەکی ڕەوتی ڕووباریش مـەلەی پێ ناکـرێت و باس لەوە دەکـات کـە بە پێچـەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە خەریکی مـەلەیە. گۆران کـە نوێکرنەوەی لە شیعردا کرد، لە بواری نووسینی شیعری دێرینیشدا، لوتکەیەکی بڵند بوو. ناڵێم دڵسۆز حەمە، شۆڕشی لە زمانی شیعریدا بەرپا کردووە، وەلێ توانای هەیە بە زمانێک کە بە ڕوواڵەت تەنکە، شیعری قووڵ بنووسێت. قووڵنووسین لە شیعردا ئەوە نییە، تێکستەکە پڕ بێت لە حیکمەت، ئەوەیە شیعربوونی خۆی بسەلمێنێت، بە چاوپۆشین لەوەی بە کام فۆرم دەنووسین.

ئەو ژنە نیم کە بتوانم بە ئاسانی بڕیار بدەم،
کەچی منداڵی لاسار و چەتوونی ئەم عیشقە سەیرە،
بە ئاسانی بۆ کوێی بوێ،
پەلکێشی دوای خۆیم دەکا. ل٥٤

٢٠١٠/١/١٠

ستۆکهۆڵم

پەراوێزەکان:

(١) دڵسۆز حەمە، لەپاییزێکدا دەمخوازێت، ل١٤٧ (ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.) ٢٠٠٩ سلێمانی.

(٢) مەسعوود محەممەد، دەستەودامانی نالی، ل٦٨ دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.

(3) Karin Boye, frn en stygg flicka, Händarna 1927 Albert Bonniers Förlag, Stockholm.

(*) ناونیشانی باسەکە، دەربڕینێکی دڵسۆز حەمەیە.

## پەری

## سەرقاڵی ڕاوی ئەستێرەیە

مرواریی تەمەنم دەدزی،
بۆ کێی دەکەی بە ملوانکە؟
کێ وەکوو من
کلی جەستەی سووتاوی خۆی،
نم نم دەکاتە چاوانت؟
پەری شێخ ساڵح

لەتیف هەڵمەت لەو پێشەکییەدا کە بۆ کۆشیعری: (کە تەمەنم ئەبێ بە با)ی (پەری شێخ ساڵح)ی نووسیوە، دەڵێت: (پەری بە خۆڕسک شاعیرە، دەزانێت چۆن بە وشە تابلۆگەلێکی شیعریی بکێشێت. زمانە شیعرییەکەی، گەرموگوڕە، ڕوون و ڕەوانە، زمانی منداڵییەتی شیعرە و بوار بۆ ناوەڕۆک دەڕەخسێنێت، شێواز بۆ خۆی دیاری بکات.)[١]

د. عارف حیتۆ کە خوێندنەوەیەکی دەروونی و جڤاکی بۆ هۆنراوەی (ئاسمان دوورە)ی پەری شێخ ساڵح کردووە، بایەخی بەو دووانە هاودژانە داوە کە بەردی بناغەی تەلاری شیعرەکە پێک دەهێنن، وەک: سەرەتا و کۆتایی، هەبوون و نەبوون، یان: خودی شاعیر و جڤاک. ئەوەیشی بە لاوە گرنگ بووە، ڕەمزەکان لێک بداتەوە و باسی لەو بێهوودەیی و بێزارییەیش کردووە کە بە ئەتمۆسفێری شیعرەکەوە دیارن.[٢]

مانگ منداڵێکه ناتوانێ گۆرانی بڵێ،
ئێمه ناگەینه ماڵی مانگ.
من حەز دەکەم تێکەڵت بم،
خەونەکانم پارچه پارچه هەڵواسراون
به تەنافی سەرسوڕماندا.

تێزەکەی فۆکۆ یاما کە باس له به کۆتایی گەیشتنی دیرۆک دەکات، مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوه، ڕەنگه ناودێرکردنی پەخشانەشیعریش به کۆتاییی شیعر و بانگەشەکردن بۆ ئەوەی ئیدی شیعر فۆرمی دیکه به خۆیەوه نابینێت، گوتوبێژێکی زۆری به دوادا بێت، هیچ نەبێت له سۆنگەی ئەوەوه که (پەخشانەشیعر زێتر گومان دەورووژێنێت وەک لەوەی له هەوڵی جێگیرکردنی یەقیندا بێت و زادەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە و کۆششێکه بۆ ڕامان، ئەزموونگەری و یاخیبوون هانمان دەدات،)[٣] بۆیه ڕەنگه شیعریش، که پێوەندییەکی پتەوی به فەلسەفەوه هەیه، نه سەرەتای هەبێت، نه کۆتایی. (پەری شێخ سالح)یش که ئەم باسه تەرخانه بۆ بەسەرکردنەوەی ئەزموونی شیعری له کن ئەو، دەڵێت:

هیچ شتێک سەرەتای نییه،
هیچ شتێک کۆتایی نییه.

ئەوه گەڕانه به دووی فۆرم و تەکنیکی تازەدا، توانای ئەوەمان پێ دەبەخشێت تا ڕەخنه له خۆمان بگرین، خۆمان جێ بهێڵین و گەشه بکەین. بڕواهێنان بەوەی واقیع بەردەوام له گۆڕاندایه، بەرەو نووسینی دەقێکمان دەبات که کۆتاییەکەی به ڕووی چەندان لێکدانەوەدا کراوه بێت. شیعری قووڵ زادەی تەمومژ نییه، بەرهەمی کورتبڕی، زمانی چڕ و ڕوونییه له دەربڕیندا، دەشێت ڕامان و ئەندێشەی شاعیر له هی فەیلەسووف بچن، وەلێ شاعیر بۆ گەیاندنی له دنیا وردبوونەوەکانی خۆی، هانا بۆ زمانێکی ئاڵۆز

نابات، بە زمـانێک دەنووسـێت، ڕوون وەک ئاوی کانی، قـووڵ وەک زەریا. (کە مـردن دێت، لە ورچێکی برسـی دەچێت.) ئەو وێنە شـیـعرییـە هـی ژنەشـاعـیری ئەمـریکایی، (مـاری ئۆلیـڤەر)ە، وەک چۆن ڕوونـە، هـەر وایش قـووڵە. شـیـعـر نـە پێـویسـتـی بە هـات و هـاوارە، نە هیـچ حـەوجـەی بە تەمـومـژە، پەپوولەیەکـە بە ئاشکرا، بـەڵام بێدەنگ دەسـووتێت، گەڵایەکـە بە بەر چاوی هەمـوومـانەوە، بە ئەسـپـایی دەوەرێت، مـۆمـێکە دەگرێت و هـێدی هێدی خـامـۆش دەبێت، ژنێکی تەنیـایە، شەوان بێدەنگ دەگری. تەنیایـی گۆرانییەکی خـەمگینە لەسـەر زاری زۆربەی شیعرەکانی پەری شێخ ساڵحە:

هـاوڕێکەم خەریکە بڕوات،
دەترسم تەنیایی بمخوات.
ماڵی تەنیاییم ڕووباری بەفر
دڵی عاشقم شەپۆلی ئاگر.
من حەز دەکەم
بە یەک هەنگاو تێکەڵت بم.
دوو دەست پەیکەری تەنیاییان شکاند.

ئەو شاعیرانە جێگەی سەرنج دەبن کە لەگەڵ نوێکردنەوەی فۆرمی شیعردا، زمـانێکی تازەی گونجـاویش دەهێننە ئاراوە. ئەو شـاعـیرانە کە بە مـەبەسـتـی داهێنـانی فـۆرمـی نوێ، فـۆرمـی کـۆن تێکدەشکێـنن، سـووک سـەرنجی فـۆرمـە کۆنەکە نادەن، لە جێی مێژوویی خۆیدا دایدەنێن، تەواو وەک چۆن لە پەیژەدا، پلەی دووەم، پلـەی یەکـەم ڕەت ناکـاتەوە.[٤] پەری شـێخ سـاڵح توانـیـویەتی لە چەند وشـەیەکی کەم، بە زمـانێکی نـوێ، بە کـۆمـەکی خـەیاڵێکی داگیـرسـاو، وێنەیەک بکێشێت کە هەم کۆتری سەرنجمان لە قەفەزی خۆیدا بەند دەکات و هەم بۆ بەرزفڕین هانمان دەدات:

دەمەوێ لە تاڵی پرچم
تۆڕێ بچنم،

شەوانە لە گۆلی واندا
دەیان ئەستێرەی پێ بگرم.

خوێنەری وریا ئەو شاعیرانە پەسەند دەکات کە ئازایانە دەست بۆ زمان دەبەن و سڵ لە سەرکێشی ناکەنەوە، ئەوانەی خەونی یاخیبوونیان هەیە، بوێریی ڕۆحی کردوون بە هێلانە، ئەوانە نە لە شمشێری گوناە دەترسن، نە لە ئاگری حەرام، کە وا دەڵێم، بیر لە (ڤینۆس فایەق)یش دەکەمەوە کە بوێرانە زمان وەگەڕ دەخات، وەک نموونە، ئەوەتا دەڵێت: (دەستت بئاڵێنە لە گەردنم! با وەبیرم بێتەوە کە ژنم.)[٥]

شەیدای شیعری ئەو ژنە شاعیرانەم کە کۆیلەی دەستی دۆگما نین، ئەوانەی بە بەردەم چاوی زەقی شتە بە ناو جێگیرەکانەوە، (ئاخر هیچ شتێک جێگیر نییە، هەموو شتێک وەک شیعر لە گۆڕاندایە،) خەتی سوور دەبەزێنن، ئاخر خەتی سوور و شتی جێگیر زادەی عەقڵی پیاوی ستەمکارن. ئەو ژنەشاعیرەی مل بۆ هێڵی سوور و شتی جێگیر کەچ بکات، نە ئازاد دەبێت و نە چاوەڕوانیی سەرکێشی لێ دەکرێت. شەو کە سیمبۆلە بۆ دنیایەکی تاریک، ڕەش کە ڕەمزە بۆ شەوانی نووتەک، پانتاییەکی بەرینیان لە وڵاتی شیعری پەری شێخ ساڵح داگیر کردووە و مانای تازەی پێ بەخشیون و وێنەی نوێی لێ بەرهەم هێناون:

بۆ شەو مەگەڕێن
کردوومە بە پرچی خۆم،
شەو وەکوو بەفرێکی ڕەش
بەسەر گەردووندا دەبارێ.
ئێواران پەنجەرەکەم
تەنوورە و بلووزێکی ڕەش لەبەر دەکات.
شەو وەک ئاوێکی لێڵ و خوڕ
دەڕژێتە نێو ژیانەوە.

وەک چۆن ئەگەر ناوی کەسیشی پێوە نەبێت کە دەقی شاعیرێکی داهێنەر دەخوێنینەوە، شاعیرەکە دەناسینەوە، من وای بۆ دەچم تەواو وەها، هەقە هەر کە تێکستی ژنێکی شاعیرمان خوێندەوە، بگەینە ئەو ئەنجامەی شاعیرەکەی ژنە نەک پیاو. کەڵەشاعیر دەرهاویشتەی کۆمەڵگەیەکی نێرسالارە، ڕەنگە هەر ئەو دەربڕینە بەس بێت بۆ ئەوەی ژنان بە زمانێکی ژنانە بنووسن نەک بە زمانی باوی نێرانە. کە شیعر لە کۆت و پێوەند ئازاد بوو، ئینجا شاعیری ژن سەری هەڵدا، ئاخر (ئەو شیعرەی کە بە موو لە کێش و سەروا لا نادات، هەر لە ڕۆییشتنی سەرباز دەچێت لە کاتی مەشقدا)[٦] و فۆرمێک نییە ژن هانای بۆ ببات. تا شیعر ئازاد نەبوو، نە فارس، ژنەشاعیری داهێنەری لە چەشنی فەرووغ فەرووخزادیان هەبوو، نە عەرەب خاوەنی غادە ئەلسەممان بوون، نە کوردیش (کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، نیگار نادر، کەژاڵ ئیبراهیم خدر و ڕۆژ هەڵەبجەیی)ی شک دەبرد. سوپاس بۆ پەخشانەشیعر کە وای کرد، دنیای پرشنگداری ناوەوەی ژنان ببینین، ئاخر شیعری ستوونی کە زادەی کولتووری بابسالاری بوو، کە لە قامووسێکەوە سەرچاوەی دەگرت، پیاو دایهێنابوو، جێی خەم و خولیاکانی ژنانی تێدا نەدەبووەوە.

فرمێسکم وەک گەڵای یادگار دەوەرێ،
پرچم لەبەر چۆڕاوگەی حەزتا تەڕ بووە.
پرچی من و دەستی تۆ گفتوگۆ دەکەن،
لەژێر ساباتی باراندا
دەست و پەنجەی تێکئالاومان
چەندە جوان بوون!

پەری شێخ ساڵح وەک ئەویندارێکی بوێر و ئازاد دەپەیڤێت و بێ سڵکردنەوە، خولیاکانی خۆی لە وێنەی شیعریدا بەرجەستە دەکات: (فرمێسکم وەک گەڵای یادگار دەوەرێ،) ئەگەر گوتبای وەک گەڵای دار، پێم وایە ئەو ڕستەیە، بەهای هونەریی خۆی لە دەست دەدا. بۆ ئەوەی بەرهەمێکی

مـەزن بنـووسـین، پێـویـسـتـە عـاشـقـێکی گـەورەیش بـین، ئاخـۆ گـۆتـە ئەگـەر عـاشــقــێکی مـــەزن نەبووایە، (ئازارەکـانـی ڤـارتـەر)ی پـێ دەنووســرا؟ ئەو شـاکارەی، ئـەدەبی لە قۆنـاغی کلاسیکەوە بۆ ڕۆمـانتیک گـوێزایەوە. ژان ژینێ دەیگوت: (تـا لە ڕوانگەی ئێـوەوە، گـوناهبـارتربم، لە ناخی خـۆمـدا وا هەست دەکـەم ئازادترم.) ئـەو بۆیە وەک داهێـنەر ناوی چووە نێـو مـێـژووی ئەدەبەوە، چونکە لاسایی کەسی نەکردەوە، لە هەموو شتێکدا جیاوازبوو لەوانی دیکە.[٧]

ئێوارەیە
پێکێکی سەر بەرماڵی تۆم.
دەڕۆم لە نێو ئاوێنەدا
دەگەڕێم بۆ منداڵیی خۆم.

لە دەقی (پەری شـێخ سـاڵح)دا، ڕسـتـەی شـیـعـری، جـێگەی دێڕەشـیـعـری (بەیت) گرتووەتەوە، لـە ڕسـتـە شـیـعرییـەکانیدا، وابەسـتـەی مـانا دەبێت نەک کێش، بە چاوپۆشین لە کورتی یان درێژیی ڕسـتـە شـیعرییەکان، گەلەک جار خودی خـۆی تێکەڵ بە ڕووداو نابێت و هـەر دەڵێیت لە چـاوی کامێراوە سـەیری واقیع دەکات. زۆر لە دەقەکانی ڕەگەزنامـەی دوو وڵاتیان هـەیە، وڵاتی شـیـعر و وڵاتی پـەخـشـــان، جــارێک لـە چیـرۆک دەچـن و جــارێکی دیکـە لە ڕووداوەوە نزیکتـرن و یان بابەتێک بەسـەر دەکـەنەوە کـە لاقـێکی لە دنیـای ئـەدەبدایە و لاقـەکەی دیکـەی سەر بە دنیای فیکرە. پەری شـیعر بە زمـانێکی هێمن و کپ دەنووسـێت، زمـانێک کـەڵکی ئەوەی پێـوە نییـە، لە بڵندگـۆیەکەوە ئاڕاسـتـەی جەمـاوەر بکرێت، بۆ ئەوە دەست دەدات، بە بێدەنگی بخوێنرێتـەوە و گوێی دڵی بۆ ڕادێرین. شـیـعـرەکانی هەڵگری پەیامـێکی ڕووکـەشی سـۆزداری نین، زێتر موناجاتی دەروونن، وەک لەوەی کڕووزانەوەی جەسـتـە بن. چونکە کێشـەکان لە ناخـی شـــاعــیـــردا ڕوو دەدەن، زمـــان نـەرم و نیـــانـە نەک زبر، زمـــان لـەبری وروژاندنی ئارەزوو، خەریکی دواندنی خودە.

ژنێ خۆی لە تەمومژی یادگار هەڵکێشاوە،
ژنێ تاڵە قژەکانی لەسەر شانت جێ ماوە.

ژنان بۆچی شیعر دەنووسن؟ بۆ ئەوەی هەبوونی خۆیان وەک ئینسانێک بسەلمێنن، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیاندا ئاشت ببنەوە و تەبا بن، بۆ ئەوەی خودی خۆیان بەسەر بکەنەوە و سەرلەنوێ دایبرێژنەوە، بۆ ئەوەی بە گژ ترسدا بچنەوە و هاوسەنگییان ڕابگرن، بۆ ئەوەی کۆرپەی خۆزگە بەدینەهاتووەکانیان بلاوێننەوە، بۆ ئەوەی بوار نەدەن، سووک سەرنجی ژنیەتییان بدرێت، بۆ ئەوەی بڵێن: ژنبوون، سەرچاوەی بەهێزییە نەک لاوازی، بۆ ئەوەی خۆیان پێناسەی خۆیان بکەن، نەک نێر پێناسەیان بکات، بۆ ئەوەیشی وەک دوریس لیسینگ بڵێن: (ئەو کۆمەڵگەیەی ڕەوشی ژنی تێدا باش نەبێت، کۆمەڵگەیەکی دروست نییە).

مەلێکم ئاسمان جێی خۆشەویستیمە.
بەشێکم بەفرە و بەشێکم ئاگر
دەتوێمەوە دەبم بە فرمێسک و شیعر.
جیهان هەر هەمووی نوستووە،
تەنیا چاوانی من و تۆ
جۆلانێیان هەڵخستووە.

ئانا ئەخماتۆڤا دەبێژیت: (ئەوە من بووم، ژنانم فێری پەیڤین کرد.) دەقی ژنانە کامەیە؟ ئەو دەقەیە، بایەخ بە خەمی مێیینە دەدات، ئەو خەمەی جێی بایەخی نێر نییە، تێکستی ژنانە تێکستێکە، جێ بە کولتووری نێرسالاری لەق دەکات، دەقێکە خوێنەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بابسالاری هان دەدات و چارشێو لەسەر ڕووخساری گەمە دزێوەکانی نێر هەڵدەداتەوە و ڕاستگۆیانە و ئازادانە هەست و ناخی مێ دەردەبڕێت و خەم و خولیاکانی ژن دەخاتە ڕوو.[٨] پێم وایە، برینی ناخی مێ، تەنیا لە دەقی ژنان خۆیاندا وەک خۆی،

وێنە دەکێشرێت و بڕوام بەوە هەیە نووسینی تێکستگەلێک کە زادەی خەمی ڕاستەقینەی مێ بن، پێوەندی بە ڕابوونی ژنانەوە هەیە. چونکە بە درێژایی مێژوو، ژن پەراوێزخراو بووە، بۆیە تەنیا ژنان خۆیان دەتوانن، خەمەکانیان بهێننە گۆ. جێگەی بڕوا نییە، پیاوان تەواو وەک ڤیرجینیا وۆلف لە خەمی ژندا بن. ئاخۆ بە شاعیرێکی پیاو دەکرێت، تەواو وەک گابریلا میسترالّ، هەستی تامەزرۆیی بۆ دایکایەتی لە شیعردا جێ بکاتەوە؟ ئاخۆ ئەگەر سیمۆن دی بۆڤوار نەبا، پیاوێک پەیدا دەبوو، کتێبێکی وەک (ڕەگەزەکەی دیکە) بنووسێت؟

شەوی پێشوو
خۆمم لەناو ئاوێنەکەدا لە بیر چوو.

لە ڕوانگەی (کانت)ەوە، (ئەدەب زادەی بەگەڕخستنی خەیاڵە و ئەرکی ئەوەیە، چێژ و خۆشی بە خوێنەر ببەخشێت.) کەواتە نەک هەر پێوەندیی بە نێر یان مێوە نییە، تەنانەت پێوەندیی بەم یان بەو نەتەوەیشەوە نییە و ڕووی دەمی لە خەڵکی هەموو دنیایە و زمانێکە هەموو کەسێکی سەر گۆی زەوی لێی تێدەگات. بۆچوونێکی وەها هەیە کە ڤیرجینیا وۆلف چونکە باوکێکی دڵڕەقی هەبووە، لە لایەن زڕبرایەکییەوە پەلامار دراوە و لە خوێندنی بالایش بێبەش کراوە، بۆیە جاڕی شەڕی دژ بە نێری داوە و ئەدەبی بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو شەڕە تەرخان کردووە.

دڵم تەرمی دەیان عاشقی تێدایە،
یادەکانم لە تابووتی مێیەتیمدا ڕادەخەم.
ئەی خۆر
کەی تیشکی خۆت و قژی من،
دەهۆنیتەوە؟

ژنان هەن، وای بۆ دەچن، نێوزەدکردنی بەرهەمیان بە ئەدەبی ژنانە، سووک سەرنجدانی ئەدەبەکەیانە و پێیان وایە، یەک جۆر ئەدەب هەیە، کە ئەدەبی

ئینسانییه، وەلێ ژنانەبوونی ئەدەب، هیچ لە ئینسانیبوونی کەم ناکاتەوە، وەک چۆن ئەدەبی ڕەشپێستان هەیە و ئەدەبێکی ئینسانیی باڵایشە.

سەلما لاگەرلوێف، پێرل باک، گابریلا میسترالْ، نادین گاردەمیر، فیسوافا شیمبۆرسکا، تۆنی مۆریسۆن، ئێلفریدە ژێلینیک و دۆریس لێسینگ کە نۆبڵیان لە ئەدەبدا وەرگرتووە، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئەو ئەدەبە ژنانەیەی نووسیویانە، ئەدەبێکی باڵای ئینسانیش بووە.

ئەدەبی ژنان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئینسان چ نێر بێت، چ مێ، هەمان بەها و هەمان مافی هەیە و ئەو تێزە ڕەت دەکاتەوە کە گوایە ژن زێتر سۆز بەگەڕ دەخات و پیاویش عەقڵ. ئەدەبی ژنان جەخت لەسەر ئەو تێزەی جۆن ستیوارت میڵ دەکاتەوە کە دەیگوت: سووک سەرنجدانی ژن، بەفیڕۆدانی توانای نیوەی کۆمەڵە و شتێکە وەک ڕاسیزم. ئەدەبی ژنان قسەی دڵی ژنان دەکات و کۆتایی بەو ئەفسانەیە دەهێنێت کە گوایە ژن، پێویستە هەر گوێ بگرێت.

٢٠١١/١/٤

پەراوێزەکان:

(١) پەری شێخ سالْح، کە تەمەنم ئەبێ بە با، چاپخانەی یاد ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) د. عارف حیتۆ، خواندنەک بۆ هەڵبەستا ئاسمان دوورە، مەتین ژمارە ١٧٨ ل١١٨ ئاداری ٢٠٠٩ دهۆک.

(٣) حسن السلمان، قصيدة النثر والشاعر الأخير، الصباح الجديد ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٠ ص٨ بغداد.

(٤) محمد الحمامصي، التجريب يجعل الرواية أكثر مرونة و حرية ١ يناير ٢٠١١ إيلاف.

(٥) لقمان محمود، ڤينوس فائق في طلاء الأظافر ٢٧/ ٠٩/ ٢٠١٠ الحوار المتمدن.

(٦) د. هاشم عبود الموسوي، عن الشعر النسوي العراقي.

(٧) خۆت بەتریفە داپۆشە! دەربڕینی (ژان ژینێ)یە، با هیچ شاعیرێکی کورد بە هی خۆی لە قەڵەم نەدات.

(٨) إيناس البدران ٨/ ٢/ ٢٠٠٩ الحوار المتمدن.

(٩) پەری شێخ ساڵح، شەوی یەکشەممە، بانەڕۆژ، ژمارە ٣٥ ل٦٣ نیسانی ٢٠٠٨ کەرکووک.

(١٠) پەری شێخ ساڵح، چەمێک هاژەی دێ، بانەڕۆژ، ژمارە ٣٥ ل٦٣ نیسانی ٢٠٠٨ کەرکووک.

(١١) پەری شێخ ساڵح، دوو ملوانکە لە وشە، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ١٧/ ٠٤/ ٢٠٠٨ سلێمانی.

## دڵشاد مەریوانی

## شاعیرێک کە ڕیشی پڕ بوو لە پەپوولە

شـاعـیـری داهێنەر بـەردەوام عـەوداڵی گـوتنی شـتی نوێیـە، مـاندوویـیـەتی ناناسـێت و ناچێت لە سـێـبـەری درەخـتی داهێنانە دێرینەکـانیـدا پـاڵی لێ بداتەوە. مـــەحـــمـــوود دەرویش دەڵێت: (دەزانم نـاوبانگم زادەی یەکـــەمـین هەنگاومـە، بەڵام بەوە فـریو ناخـۆم و هەمـیـشـە پەرە بە وزەی داهێنانی خـۆم دەدەم، لە فۆرمە دێرینەکان یاخیی دەبم و بەردەوام لە هەوڵی خۆ نوێکردنەوەدا دەبم.) ئەوە گـرنـگ نیـیـە، شـیـعـری کـێش و سـەروادار دەنووسـین، یان پەخشانەشیعر، گرنگ ئەوەیە، نووسینەکانمان بکەونە خانەی داهێنانەوە، لە کـاتێکدا لە (یۆژین یۆنسکۆ) وابوو، (ڤـیکتـۆر هـوگـۆ) وەک داهێـنان، کـۆچی دوایی کـردووە، کـەچی هێندەی نەبرد، فـەرەنسـا سـاڵێکی بۆ ڕێزلێنان لە (هوگۆ)ی نەمر تەرخان کرد. چونکە حافیزی شیرازی و جەلالەدینی ڕۆمی بە چاوپۆشین لە فـۆرم، شیعری باڵایان دەنووسی، ئەوە بۆیە، تەنانەت (گۆتە) و (پوشکین)یش پێیان سەرسام بوون. شیعر، ئیدی شاعیرەکەی هەر چۆنێک بیربکاتەوە، محەممەد عەلی شەمسەدین گوتەنی: (پێویستی بە ئاوی غەیبە و لەوێوە دەست پێ دەکات کە هەموو شتێک دوایی دێت.)

شیعر لە ڕوانگەی (سەعدی یوسف)ەوە: (پلەی یەکەمی ئەو پەیژەیەیە کە ئینسان بەرەو ئاسمان دەبات،) کەواتە، ئایا ئەوە وەکوو کوفر وا نییە کە (عارف ئەلساعیدی) دەڵێت: (تەنیا کۆمەڵێک شێت، لەوانەی کە شەیدای من و خودن، حەزیان لە شیعرە. شیعر هونەرێکە، تایبەتە بە کەسانێک کە لە هەڵبژاردەیش کەمترن. ئەوی شیعر دەنووسێت، هەر وەک کەسێکە کە خەریکی خووی نهێنییە، ئاخر شیعریش وەک خووی نهێنی، تەنیا بکەرەکەی

چێـژی لێ وەردەگـرێت.)[1] بە پێـچـەوانەی ئەلسـاعـیـدییـەوە، وای بۆ دەچم، شیعرێک ئەگەر سەروەختی نووسین، شاعیرەکەی چێژی لێ وەرگرتبێت، چێژ بە خوێنەریش دەبەخشێت.

(بەرەبەیان کە هەڵدەسان
ئەو دڵنیا نەبوو
تا ئێوارە بژی،
بەڵام ڕیشی دەتراشی،
ئەم دڵنیا نەبوو
تا ئێوارە بژی،
بەڵام شیوی لێ دەنا،
پرچەکانی دادەهێنا،
ژوورەکەی پاک دەکردەوە،
گۆرانیی بۆ حیزبێک دەگوت
لە شەوی ئەنگوستەچاوا
(ئەم)ی کردە بووک،
(ئەو)یش بە زاوا.) ل٢٥٥

دڵشاد مـەریوانی لە یەکەمین کۆشیـعریدا (فرمێسک و زەردەخـەنە ١٩٦٧) (مـانگ)ی بە (کەشـتییـەکی زیوین) شـوبهـاندووە و لەبری ئـەوەی بڵـێت: پێش ئەوەی بمرم، گـوتوویەتی: (پـێش ئەوەی کـاسـەی ژینم بڕژێ،) ل٣٢ ئـەوەیش کـە کێشانی دوو وێنەی جوانە بە وشە، زادەی سەلیقەیەکە کە تەنیا شاعیر شکی دەبات. شاعیر هەیە لێ دەگەڕێت، لە کانیـاوی ناخییەوە، بێ هیچ بەربەستێک، شیـعر ئازادانە بەوپەڕی هێزییەوە هەڵبقوڵێت. ئیدی ئەو هەڵقوڵینە شیـعرییە، نە سنوور دەناسێت، نە مل بۆ هیچ ڕێسـایەک نەوی دەکـات، نە دەکـەوێتـە بەر مـەقـەسـتـی سـانسـۆری خـودی شـاعـیـرەوە، نە خـۆی لە هیچ فۆرم، قـەوارە و

ڕێکخستنێکدا دەبینێتەوە. ئەو جۆرە شیعرە هەر لە منداڵێک دەچێت کە لەگەڵ لە دایکبوونیدا، پێناسەی خۆی پێ بێت.

دڵشاد مەریوانی، لێ دەگەڕا، شیعرەکانی خۆڕسکانە لە ناخییەوە هەڵبقوڵێن، لە چرکەساتی یەکەمدا، چۆن سەریان هەڵدەدا، بێ ئەوەی دەستکارییان بکات، مەگەر بە دەگمەن، بڵاوی دەکردنەوە، واتا: جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕەشنووس و پاکنووسیدا نەبوو، ئەوە بۆیە شیعرەکانی تایبەت بوون بە خۆی، قوتابیی هیچ قوتابخانەیەکی شیعری نەبوون. مەحموود دەرویش دەڵێت: (من لە شیعردا لایەنی گۆرانی دەگرم، ئەو کەشوهەوایەی ئینسانی تێدا دەژی، هێندە خەمناکە، پێویستی بە ڕوونیی هەیە لە دەربڕیندا، ئەو ڕوونییەیش مەگەر تەنیا لە گۆرانیدا هەبێت.)[٢] ئەو بۆچوونەی دەرویش هەر دەڵێیت قسەی دڵی دڵشاد مەریوانیشە.

(ڕووت و تەنیای،
ڕووت و تەنیام،
وەرە باخەڵمەوە، بنوو!
کەی لە من جیای،
کەی لە تۆ جیام،
ئەی حەقیقەت.) ل٣٤٤

دڵشاد مەریوانی لە ڕێی بەسەرکردنەوەی شتە بچووکە ڕۆژانەییەکانەوە، ڕووناکی دەخاتە سەر کێشە هەرە گەورە و گرنگەکانی ژیان. کە باسی شتێکی بە ڕووکەش تایبەت بە خودی خۆی دەکات، لەودیو پەیڤەکانییەوە، هەست بەو مەسەلانە دەکەین کە دنیایان سەرقاڵ کردووە. کە بە ناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە، ئەوە سەرقاڵی وەدەرخستنی ناخی هەموو مرۆڤایەتییە. شیعرەکانی نە بایەخ بە دیکۆر دەدەن، نە بە زەخرەفە، نە بە وشەی گران، نە بە دەربڕینی قەبە. ڤیکتۆر هوگۆ و ئەلفرێد دی موسێ باڵای پەخشانیشیان وەک هی شیعریان بڵندبوو. (دڵشاد مەریوانی)یش یەکێکە لەو شاعیرە

کوردانەی چیرۆکەکانی هاوبالآی شیعرە هەرە جوانەکانییەتی.

(میشیل تورینێ) دەڵێت: (نیشانەیەکی مشتومڕ هەڵنەگر کە لەوە دڵنیامان دەکاتەوە، کەسێکمان خۆش دەوێت، ئەوەیە هیچ جێیەکی لەشی ئەو کەسە، هێندەی ڕووخساری هەستمان نابزوێنێت.) دڵشاد مەریوانیی عاشق یەکێکە لەو شاعیرانەی، لەبەر تریفەی مانگی ڕووخساری ژندا، جوانترین شیعری بۆ ستران نووسیوە:

لەبەر خاتری ئەو جووتە چاوە،
بووم بە نەمامێ لە جادەی کاوە. ل٣٩١ کە (عوسمان عەلی)ی نەمر گوتوویەتی. یان:
ڕوو وەرمەگێڕە، خۆت لێم لا مەیە،
کە ناویان هێنام، مەڵێ کامەیە! ل٣٦٠ کە سامان عومەر گوتوویەتی، وەلێ بالآترین شیعری بە گۆرانی گوتراوی دڵشاد، (خەوی سەوز)ە کە کاکە (حەمەی نێرگز) چڕیویەتی و لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:
وەک کۆترێکی لانەواز
تەرە و ماندووم،
هاتووم لەناو چاوەکانتا
تێر تێر بنووم. ل٨٧

(لە ناخی هەموو پیاوێکدا، گەنجێکی هەوەسباز هەیە،) ئەوە بۆیە هەندێک جار شیعری دڵشاد مەریوانی لە بەرهەمی هەست و بیری گەنجێک دەچێت کە تینوو بێت بۆ ماچ و برسی بێت بۆ ئامێز، وەلێ زۆربەی جار شیعری ئەو وابەستەی میللەتە، بە ڕوونیی لە سەنگەری گەلەوە، بە گژ دوژمندا دەچێتەوە و لە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوەوە، سێرەی لە دوژمن گرتووە. بە گشتی بە شیعری دڵشاد مەریوانییەوە ئەوە دیارە کە ئەو بڕوای وایە، لە دەرەوەی خەم و هیوای خەڵک، شتێک نییە بە ناوی شیعرەوە و خەون و خەیاڵیش لە کن وی هەر زادەی واقیعەکەن.

کە لە (لۆرکا) دەپرسن، ئەوە بۆچی هێندە بایەخ بە سیاسەت دەدەیت؟ دەڵێت: ئەوە چونکە سەرقاڵی ئەوەم، داکۆکی لە زەردەخەنەی سەر لێوم بکەم.[٣] لایەنی هاوبەش لە نێوان لۆرکا و دڵشاد مەریوانیدا کەم نین، لۆرکا بەردەوام دەینووسی، وەک دڵی خەبەری دابێت کە زوو ژیان جێ دەهێڵێت، ئەوە نییە دەڵێت:

(ئاخ! ئەوە مەرگە،
کە لەسەر ڕێی کۆردۆبا
چاوەڕێم دەکات.)

فاشیستەکان لۆرکایان کوشت، بەڵام لەسەر ڕێی (کۆردۆبا) نا، لە نزیک (گرانادا.) دڵشادیش وەک لۆرکا، هەم زۆری دەنووسی و هەم لە بواری جیاوازیشدا، ئەمیش وەک ئەو، فاشیستەکان کۆتاییان بە ژیانی هێنا. دڵشادیش وەک لۆرکا، بە ڕێگەی ئاسان و خۆڕسک، مانای قووڵی بەرهەم دەهێنا. لۆرکا شیوەننامەیەکی هەیە، کە بۆ برادەرێکی نزیکی نووسیوە، هەر دەڵێیت شین بۆ خودی خۆی دەگێڕێت، دڵشادیش شیوەنێک بۆ (ئەکرەمی حەپسە) کە بەعس لە موسڵ لە سێدارەی دا، دەکات، هەر دەڵێیت بە هۆی ژیانی ئەوەوە باس لە داهاتووی خۆی دەکات.

دەشێت جیاوازییەکی زەق لە نێوان قسە و کردەوەی هەندێک شاعیردا هەبێت، دڵشاد مەریوانی لەو شاعیرانە نەبوو کە هیچی هاوبەش لە نێوان ڕەوتار و گوتاریاندا نییە، ئەو بە کردەوەیش بەشێک بوو لە شیعرەکانی، لە دەرەوەی شیعر، ژیانێکی دیکەی جیاوازی نەبوو، شیعر درێژەپێدانی ژیانی بوو، ئەوە نییە تەواو وەک خۆی پێشبینیی کردبوو، ژیانی وەها کۆتایی هات، ئەوەتا دەڵێت:

(من دەزانم دەکوژرێم،
من دەزانم تەرمەکەم

له سارایەک فڕێ دەدرێ،

وا دەشێوێ ...

هاوڕێیانم نامناسنەوە.....)

تاقە ئەدیبێک کە بتوانێت، ڕاستگۆیانە باسی ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ مەرگدا بۆ بکات، (دەستۆیفسکی)یە، ئاخر ئەو کاتێک لە سەرەی ئیعدامکردندا ڕاوەستابوو، بەر لێبوردنی سیزار کەوت و لە گۆڕەپانی مەرگەوە، ژیانی بۆ نووسرایەوە. جێی داخ و حەسرەتە نە لۆرکا، نە دڵشاد مەریوانی، بەخت یاوەریان نەبوو، لە گۆڕەپانی مەرگەوە نەگەڕانەوە ناومان.

(کە هاتەوە زۆر ماندوو بوو

هەتا ئەم پیاڵەکانی شت

ئەو نوستبوو،

وتی قەینا بۆ سبەی شەو،

بەڵام سبەی شەو کە هاتن،

هێشتا ماچی نەکردبوو....) ل١٩٣

جوانترین شیعرەکانی دڵشاد مەریوانی، ئەوانەن کە لە چیرۆکی کورت دەچن، قارەمانانی ئەو شیعرانە، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی ئاسایی، ژیان دەگوزەرێنن و سەرقاڵی دابینکردنی بژێوین، لەناکاو دەستی ئاسنینی بەعس دەیانگاتێ و بە دەستڕێژێک سەریان بەسەر شانیاندا لار دەبێتەوە. یان هیچ نەبێت بە بەرگی ناو جێوە، بێ ئەوەی فریای ماچی ماڵئاوایی بکەون، بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبەن. زۆربەی ئەو چیرۆکە کورتانە بەو شێوەیە کۆتاییان دێت کە ژیانی شاعیری پێ دوایی هات.

(شیرم بە تووتک حەڵاڵ بێ

نەک بەو کوڕەی کە پاکانەی لە خەیاڵ بێ.

ڕۆڵە ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە،

دووباره کۆست دەخاتەوە،
شەهیدەکان لەنوێ شەهید دەکاتەوە.

سەری دایکێک نانەوێنم
بە شیری گۆشی کردبم،
بینای حیزبێک نارووخێنم
بە خوێنم گۆشم کردبێ.) ل٣١٢ و ٣١٤

ڕەنگە (پاکانە) ناودارترین شیعری (موزەفەر نەوواب) بێت، دڵشاد مەریوانی ئەوەندە هونەرمەندانە تەرجومەی کردووە، هەر دەڵێیت ئۆرگینالە، ئەمەیش بەشێکی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، شیعرەکەی هێندە لە کن جوان بووە، حەزی کردووە، یەکێک بووایە لە شیعرەکانی خۆی.

گۆگۆڵ (١٨٠٩ – ١٨٥٢) وێڕای ئەوەی نووسەرێکی گەورە بوو، ئەکتەرێکی (کۆمیدیان)یش بوو کە لە ئەنجامی تووشبوونی نەخۆشیی (خەمۆکی)یەوە، کۆچی دوایی کرد. دڵشاد مەریوانی بۆ یەک جار بەشداری لە نواندندا دەکات، لە (لانەوازان)دا، ڕۆڵێک نمایش دەکات کە هاوزەمان تراژیدیا و کۆمیدیایش دەبێت. ئەوی یەک جار ئەو کارە هونەرییەی دیتبێت، ئەستەمە کارەکتەری (قوتبەدین)ی لە بیر بچێتەوە کە ئەوە دڵشاد مەریوانی بوو، گیانی کردبوو بە بەر جەستەی ئەو کەسایەتییەدا، ئاخر ئەوە کارێکی ئاسایی نییە، ڕۆڵێک وازی بکەیت بینەر هاوزەمان بەزەیی پێتدا بێتەوە و پێکەنینیشی پێت بێت.

ئەوانەی لەگەڵ هەبوونی ئیعدامدان وای بۆ دەچن: (بۆ تۆقاندنی خەڵک، پێویستییان بە دیمەنی ترسناک هەیە.)[٤] سەروەختی بەرەو مەرگ چوون، ڕۆشنبیران زێتر لە کەسانی دیکە، ترسیان لێ دەنیشێت، لەبەر ئەوە نا کە ئەو توێژە، هێندەی خەڵکی دیکە ئازا نین، لە سۆنگەی ئەوەوە لە خەڵکی تر خەیاڵفراوانترن. ئینسان کە بەرەو ڕووی مردنی مسۆگەر دەبێتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە، هەر ڕۆحی هەرەس دەهێنێت.)[٥] دڵشاد (١٣ی ئاداری ١٩٨٩) گیانی لێ زەوت کرا، واتا هەر دوو ساڵێک پێش

ڕاپەڕین ئیعدام کرا، بریا تا ٧ی ئاداری ١٩٩١ ژیابا و ڕاپەڕیوان، ئەویشیان لەژێر چنگی بەعس قوتار کردبا. ئەوسا ئەو کە تەمەنی بریتی بوو لە زنجیرەیەک سەرکێشی و ژیانی زۆر جیاواز بوو لە ژیانی ئەدیبانی دیکە، ئەدەبێکی سەرنجڕاکێشتر و دەوڵەمەندتری لەوەی لە پاشی جێ ماوە، دەنووسی. دڵشاد مەریوانی لە نێوان شکۆمەندی و ژیاندا، یەکەمیانی هەڵبژارد، ئەگەر نا، لە تافی بەخشیندا، ژیانی لە کیس نەدەچوو. ئایا ئەوە جێی ڕامان نییە کە ماوەی نێوان گرتن و (جیاکردنەوەی گیانی لە جەستەی) تەنیا مانگێک بوو!

ئەلبێرکامو دەڵێت: (کە خۆشەویستێکمان تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت، زمانمان نایهێنێت، بە ڕاشکاوی ناوی نەخۆشییەکە بهێنین، ئەوە نییە کە کەسێکمان تووشی سیل دەبێت، دەڵێین تووشی نەخۆشیی سینگ بووە، یان لەبری شێرپەنجە، لوو (وەرەم) دەڵێین.)[٦] ئەوە چونکە دڵم نایەت، بڵێم کوشتیان، بۆیە گوتوومە کۆتاییيان بە ژیانی هێنا، یان گیانی لێ زەوت کرا. ئەوانەی دڵی ناسکی (دڵشاد)یان شکاند و ناچاریان کرد لە شاخەوە ڕوو بکاتەوە شار و دواتر بەعس دەستگیری بکات و گوڵی ژیانی هەڵبوەرێنێت، ئەگەر خاوەنی ویژدانێکی زیندوو بن، بڕوا ناکەم بتوانن بە ئارامیی درێژە بە ژیانیان بدەن.

٢٠٠٩/١٢/١٤

پەراوێزەکان:

(١) عبدالجبار العتابي، ما جدوى الشعر الأن ٩ ديسمبر ٢٠٠٩ إيلاف.

(٢) صلاح فضل، محمود درويش حالة شعرية، كتاب دبي الثقافية، عدد٢٨ سبتمبر٢٠٠٩

(٣) عبدة وازن، لوركا شاعر الينابيع و الفقراء، دبي الثقافية، عدد ٥٤ ص١٠٦ نوفمبر ٢٠٠٩

(٤) ألبير كامو، المقصلة، ترجمة: جورج طرابيشي، ص١٧ الطبعة الأولى، دار المدى ٢٠٠٧ دمشق.

(٥) ألبير كامو، المقصلة، ترجمة: جورج طرابيشي، ص٣٩ الطبعة الأولى، دار المدى ٢٠٠٧ دمشق.

(٦) ألبير كامو، المقصلة، ترجمة: جورج طرابيشي، ص١٢ الطبعة الأولى، دار المدى ٢٠٠٧ دمشق.

(٧) دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەم، دەزگای ئاراس ٢٠٠٩ هەولێر.

* لە ڕوانگەی لۆرکاوە، واڵت وایتمان پیرەمێردێکی جوانی ڕیش تەڕی لە پەپوولە بوو.

** کۆردۆبا و گرانادا، ئەو دوو شارەن کە عەرەب کردوونی بە قورتوبە و غەرناتە.

## سامی شۆڕش وەک شاعیرێک

۱۹۷٥ – ۱۹۷۰

لە نیوەی دووەمی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا، کە گیڤارا، دەچووەوە بە گژ هەژمــوونی دۆلارا، کــە هۆشی مین، ئـەمـریکای هێنـابووە لەرزین، کـە هـاواری خـوێندکارانی فـەرەنسـا، دەگـەیـیشـتـە هـەمـوو گـۆشـەیەکی دنیـا، کە فـەلەسـتـینییـەکـان لە نسکۆی حـوزەیران یاخـی بووبوون، کە چـرای شـۆڕشـی ئەیلوول گەش گەش دەسووتا، کە باڵە چەپڕۆیەکەی حیزبی شیوعی عێراق، لە زۆنگاوەکـانی باشـوورەوە، ئاڵای خـەباتی چەکداریی بڵند کردبـووەوە، سـامی شۆڕش (۱۹٥۰ – ۲۰۱۰) خەریکی ئەوە دەبێت ڕاست و چەپی خۆی بناسێت. لەو کەشوهەوا بە بروسکە بارگاوییەدا، لە دنیا ڕادەمێنێت و لە کۆتایی ۱۹٦۹ دا بۆ خـوێندن لە بەشـی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیات، دەگاتە بەغدا، لەوێ هەر زوو بە حـوسێن عارف و جـەلالی میـرزا کـەریم ئاشنا دەبێت و ۱۹۷۰ یەکەمین پارچەشیعری لە (هاوکاری)دا بڵاو دەکاتەوە.

ئەو سـەروەختـەی سـامی شـۆڕش دەست بە نووسـینی شـیـعـر دەکـات، سـەردەمی سـەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ دەبێت، نەوەیەک هەمـوو شتێک دەخاتە ژێر پرسـیـارەوە، پرسـیـاری ڕووکەش نـا، هـی قـووڵ و ڕیشـەیی. ئەو سـەردەمـە شـاعـیـرانی نوێخوازی کـورد، عـەوداڵی نووسـینی دەقـێک دەبن، جـیـاواز لە شـیـعـری داخراوی زاڵ، دەقێک کە هەڵگری شـتی نوێ بێت. ئەو سـەروەختـە سامی شۆڕش لە هەوڵی سەلماندنی خودی خۆیدا دەبێت، خۆ سەلماندن لە ڕێی داهێنانەوە، نەک لە ڕێی کوشتنی ئەم یان ئەو باوکەشاعیری دێرینەوە.

لە کـۆتایی ئەپریلی ۱۹۷۰ دا بـەیاننامـەی ڕوانگە بـڵاو دەکـرێتـەوە، سـامی

شـۆڕشـی سـەرسـام بـە حـوسـێن عـارف و جـەلالی مـیـرزا کـەریم، دەبێـتـە شاعیرێکی چالاکی ئەو شەپۆلە ئەدەبییە. گۆڤاری ڕوانگە کە سێ ژمارەی لێ دەردەچێت، لە دووەم و سـێـیـەمـیـانـدا، شـیـعـری ئەو بڵاو دەکـاتـەوە. ئەو سەروەختـەی سامی شۆڕش ڕێگەی شیعر هەڵدەبژێرێت، شاعیرانی کورد یان بە کامێرای وشـە، وێنەی شتـە ڕۆژانەییـەکانیـان دەگرن و شـیعریان ئـاسۆیی دەڕوانێت، یان خـاوەنی دنیابینییەکی ستوونی دەبن و بە ناخـی شتەکاندا ڕۆ دەچن. سـامی شـۆڕش لـە بەرەی دووەمـیـانەوە نزیکتـر دەبێت، ئەوە بۆیـە لە هەندێک لە شیعرەکانیدا، لەودیو زمانە ئاسانە فریودەرەکەیەوە، مانـای قووڵ خۆی حەشار دەدات.

هەمـوو شـیـعـرێک لێکدانەوەی جیـاواز هەڵدەگـرێت، هەر هـیچ نەبێت لە سۆنگەی ئەوەوە، خـوێنەران خـاوەنی هەمـان پێشـینەی ڕۆشنبـیـری نین، یان سـەروەختی خـوێندنەوە، لە ڕووی دەروونییـەوە هەمـان ئامـادەییـان نییـە و بە هەمـان مـەودا لە تێکسـتـەکـە نزیک نابنـەوە، ئاخـر هەیانە بە جـۆرێک لە نووسـینـەوەی دەقـەکـەدا بـەشـدار دەبێت، هـەر تەواو وەک ئەوەی گـوێی لە هەناسە و لێدانی دڵی شاعیرەکەی بێت. نزیکترین خوێنەر لە شاعیرەوە، ئەو خوێنەرەیە، بە جۆرێک خۆی لە دەقەکەدا دەبینێتەوە، وا هەست دەکات، دەق ڕووی دەمی لەوە و بەتایبەتی بۆ ئەو نووسـراوە. کە شـیعری سـامی شـۆڕش دەخوێنمەوە، هەست دەکەم بەشدارییەکی کارام لە نووسینیدا کردووە، یان هیچ نەبێت پێم وایە، سـەروەخـتی نووسـین منی لەبەر چاو بووە و چێـژ و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەوشی دەروونیی منی ڕەچاو کردووە.

شۆڕەسوارێ
سەری نایە ناو بێدەنگیی زامەکانمان،
ماچی کردین،
شەو درەنگە لە (ڕێ)کاندا
کلۆ کلۆ بەفرەبارێ،

ئەوی ئاشقی هەتاو بێ،
هەموو دنیاشی لێ بکەن بە نیوەشەو،
خەوی نایە.[1]

وێنەی شیعری لەو وشە و دەربڕینانە پێک دێت کە مانا یان بیرۆکە بەرجەستە دەکەن، فۆرمێکە لە ناخیدا هەڵگری چەندان مانا و بیرۆکەیە و جەستە بە بەر شێوازی دەربڕین و داڕشتنی شاعیردا دەکات. سامی شۆڕش دەڵێت: (شاعیری تازەی کورد، ئیستیعارە بە شیاوترین شێوە دەزانێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی واقیعە پڕ ئەشکەنجەکەی بگرێتە خۆی.)[2] وێنەی شیعری ئەگەر دەربڕی حەقیقەتێکیش بێت، پشتی بە خەیاڵ قایمە، ڕەنگە هەموو مێتافۆرێک وێنەیەکی شیعری بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو وێنەیەکی شیعری زادەی میتافۆر بێت، ئاخر میتافۆر یەکێکە لە شێوەکانی وێنەی شیعری. ڕاستە میتافۆر وێنەی شیعری دەخوڵقێنێت، بەڵام هەمیشە بۆ لە دایکبوونی وێنەی شیعری پێویستمان بە مێتافۆر نابێت و دەشێت هونەری وێنەی شیعری لەوەدا چڕ ببێتەوە کە لە ڕێی ئەبستراکتەوە، بگەینە دنیایەک لە کۆنکرێت. وێنەی شیعری دەتوانێت لە ڕێی موزیک و خەیاڵ و خوازەوە، هەست و بیر و ویژدانی شاعیر بهێنێتە بەر دیدەی خوێنەر.

وەک فەرهادێ
قوڵنگم سواری ڕەشەبای زام کردووە و
بێستوونم داوەتە پشت و
شیرین لە کوێی؟
کام غەریبیی ڕێگای دڵت دەشواتەوە؟
کەی سواری جوانەماییني ئەستێرەی بەربەیان دەبی؟

وێنەی شیعری شاعیر لەوە دەپارێزێت کە بیرۆکەکانی ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی وشکوبرینگ پێشکەش بکات. ئەوە وێنەی شیعرییە، ئەم شاعیر

لەوی دیکە، شیعری نوێ لە هی دێرین جیا دەکاتەوە و لە کۆتاییشدا ئەوە وێنە شیعرییە جوانەکانن، بە نەمریی دەمێننەوە. هیچ ڕێگەیەک هێندەی وێنەی شیعری، بۆ گەیاندنی ئەزموونی شاعیر لەبار نییە، ئاخر هەست و بیر و خەیاڵی شاعیر ئەگەر لە وێنەدا چڕ نەبنەوە، بەهایەکی هونەریی ئەوتۆیان نابێت، ئاخر ئەوە وێنەی شیعرییە، دەربڕینی هونەری لە ئاخاوتنی ئاسایی جیا دەکاتەوە و تەنانەت هەر بیرۆکەیەک شاعیر لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە، دەری ببڕێت، زێتر جێی متمانەی خوێنەر دەبێت. ڕەنگە وێنەی شیعری کرۆکی نەگۆڕی شیعر بێت، شیعر بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، وێنەی شیعرییش ملکەچی یاسای گۆڕانە، ئەوەی کە جێگیرە هەبوونی وێنەی شیعرییە بە درێژایی مێژووی شیعر. وێنەی شیعری مانای جیاواز دەبەخشێت و لەوە بەرفراوانترە کە لە بازنەی یەک لێکدانەوەدا گیر بخوات، ڕەنگە هەر وێنەیەکی شیعریی جوان، هێندەی ژمارەی خوێنەرانی لێکدانەوە هەڵبگرێت.

من شیرینم،
شیرینیش وەک چەپکێ هەتاو،
کە دەیگرن نایەتە دەست،
کاتێ بەرەڵاشی دەکەن
لە لەپی دەست نابێتەوە.

لە ڕوانگەی (د. عیززەدین مستەفا ڕەسوول)ەوە، سامی شۆڕش لەو وێنە شیعرییەیدا، (ژیان دەباتەوە سەر یەکیەتیی بوون.)[٣] سەرنجی ئەو سیحرە بدەن کە لەو وێنە شیعرییەدا هەیە! شیرین هەتاوە، نە بە دەست دەگیرێت، نە لە دەست دەبێتەوە، تەواو وەک خوداوەند کە بێ ئەوەی بتوانین دەستی لێ بدەین، هەستی پێ دەکەین و ڕۆحی داگیر کردووین. سۆفییەکان خودا لەو خوڵقاوە جوانانەدا کە خودا خۆی ئەفراندوونی و یەکێکیان ژنە و یەکێکی دیکەیان هەتاو، دەبینن، سامی شۆڕشیش، شیرین کە هەر ژن نییە،

نیشتمانیشه، وەک هەتاو دەبینێت. نزیکەی هەمیشە تامەزرۆیی بۆ ژن، لە کن سامی شۆڕش، تامەزرۆییی ڕۆحی شاعیرە بۆ نیشتمانێکی بزربوو، ئاخر ئەو شیعرێکی نەنووسیوە تەنیا تایبەت بووبێت بە خودی خۆی، باشی کردووە یان خراپ ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەوە هیچ گومانێک هەڵناگرێت، ئەوە خوێنی خۆیەتی بە دەماری شیعریدا دەگەڕێت، ڕێی خۆی گرتووەتە بەر، شوێنپێی کەسی هەڵنەگرتووە و لە قسەی خۆیەوە دەستی بە گوتن کردووە.

کچە هاوڕێم!
تەنیا هەر چوار یاساوڵ نین،
نایەڵن چی لە دڵمایە
پێتی بڵێم.

سامی شۆڕش دەستی دایە نووسینی شیعر، بێ ئەوەی گوێ بۆ مۆچیارییەکانی نەوەکانی پێش خۆی ڕادێرێت، تاقە ڕێسایەک ڕەچاوی دەکرد، ئەوەبوو کە دەڵێت: (شاعیری لاو! هەموو توانات بەکار بێنە، دژی ڕێسای دێرینی باو.) سامی شۆڕش یەکێک بوو لەو شاعیرە جادووگەرانەی توانای ئەوەی هەبوو، ڕاستگۆیانە گیانی هەستی خۆی بەبەر جەستەی وشەدا بکات، قاوغی ڕەوانبێژیی دێرین بشکێنێت و وا بکات شیعرەکانی کە هەندێک جار حیکایەتی میللی و ئەفسانەیشیان بەسەر دەکردەوە، وەکوو ئاوێکی ڕوون هەڵبقوڵێن. ئەو بە کۆمەکی فەنتازیای زەنگینی، شتگەلێکی دەبینی کە ئێمە پێمان ناکرێت بیانبینین و ئەوی سەرەتای سالآنی حەفتا سامی شۆڕشی بینیبێت، هەستی کردووە، رووخسار و ڕەوتاری لە سیما و کرداری شاعیر دەچێت، شاعیرێک کە بە دەستی پرسیار لە دەرگای مەعریفە دەدات و بە ڕۆنانی گومان، خەریکی خاپوورکردنی تەلاری یەقینە و (شاعیرێکە ژیاندۆست کە بە شیعر بە گژ لەشکری مەرگدا دەچێتەوە.)[٤]

بنوو ڕۆڵە!
دنیا یەک پارچە سەهۆڵە،

بنوو ئەی حەبیبی نەججارِ!
خودا یەکە و دەرگەی هەزار.(*)

ئەو سەروەختەی جەلالی میرزا کەریم پرسیاری (ئەی بۆچی کورد، ئالای ڕزگاری هەڵنەکرد؟)ی دەورووژاند، شێرکۆ بێکەس، (تینوێتیی خۆی بە گڕ دەشکاند،) سامی شۆڕش سەرقاڵی قەرزکردنی ئاگر بوو لە پرۆمیتیۆس، تا بەرچاوی چەوساوەکانی پێ ڕۆشن بکاتەوە. ئەو لە نیوەی یەکەمی سالانی حەفتادا بڕوای وا دەبێت (خۆر لە کەلی تفەنگی سوورەوە هەڵدێت) و (چەوساوەکان تەنیا بە زەبری چەک، بە دەسەلاتی سیاسی دەگەن،)[٥] ئیدی ئەوە چاوەڕوانکراوە خۆی لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی (سەرکردایەتیی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراق)دا ببینێتەوە و ئەو پێنج شەش ساڵەی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) شیعر دەنووسێت، ئەو پرسیارە لە خۆی نەکات، ئایا ئەدەب دەبێت لایەنگیر بێت یان نا؟ ئاخر لە نووسینی یەکەمین شیعرییەوە، وەلامی ئەو پرسیارەی بە بەڵێ دابووەوە و تەنانەت هەر شیعرێکی نووسیبێت، نەک هەر ئەدەبێکی لایەنگیر، بەڵکوو سەر بە ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەیش بووە، ئەوە نییە بە برژانگ خۆڵی سەنگەر بۆ گوڵدانی پێشمەرگە دەگوێزێتەوە؟

گەورەکانم!
بڕوای بیری نوێخوازی هۆنراوەکانم،
مشتەخۆڵی سەنگەرێکیان
بۆ گوڵدانی پێشمەرگەکانتان هێناوە،
بانگی پێغەمبەرێکیان بۆ مزگەوتەکانتان هێناوە،
تەقینەوەی کانییەکیان
بۆ تینوێتیی تفەنگەکانتان هێناوە.[٦]

سامی دەڵێت: (شاعیر دەبێت شۆڕش بەرپا بکات و خۆی ببێتە لرفەی گڕی شۆڕش و ئازار و دوورەولاتی و مردنیش، بە لایەوە درێژەپێدانی ئەو شۆڕشە

بن.)[٧] ئەوە وردبینییەکی زۆری ناوێت، بگەینە ئەو ئەنجامەی، شیعر لە کن سامی، کانیاوێکە دەرژێتە نێو ڕووباری شۆڕشەوە و تفەنگێکی بەرەنگاربوونەوەیە، ڕووی لە داگیرکاران و چەوسێنەرانە، ئەوەتا لەگەڵ (گیڤارا)دا دەڵێت: (تفەنگێکم دەوێ، سەنگەرێکم دەوێ و هیچی تر نا.)[٨] سامی شۆڕش ئەو شیعرانەی کردووە بە کوردی کە دەکەونە خانەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەوە، هەر لە (گۆرانیی شۆڕش)ی ڤیرۆنیکا ساسۆت)ەوە کە دەڵێت: (هەموو شتێک بۆنی وەرسیی لێ دێت، بەڵام ژیان پێویستە جۆرێکی تر بێت،)[٩] تا شیعری بەرگریی ڤێتنامی[١٠] و شیعرەکانی مەحموود دەرویش کە فەلەستینییەکان بۆ بەرگری هان دەدەن.[١١]

شیعر ملکەچی هیچ ڕێسایەک نابێت، ئاخر شیعر زادەی ڕێسا نییە، بەڵام شاعیرانی یاخی و ئەزموونگەر و نوێخواز، ئەوانەن کە شارەزای کەلەپووری شیعرین. یاخیبوونی سامی شۆڕش لە کەلەپووری شیعری کوردی لە بۆشاییەوە سەر هەڵنادات، ئەو بە هۆشیارییەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، شیعری جیاواز لەوەی نەوەی دوای (گۆران)ی بنووسێت و ڕێچکەیەکی تازە و تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. ڕەنگە سامی شۆڕش وشەیەکی تازەی دانەهێنا بێت، وەلێ چونکە بە شێوازی تایبەت بە خۆی وشە دێرینەکانی دەخستە ڕستەوە، مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ دەکردن و پێوەندیی تازەی لە نێوانیاندا دەبینییەوە، دەیتوانی وێنەی شیعری نوێ و مێتافۆر و دەربڕینی تازە، بهێنێتە نێو شیعری کوردییەوە.

من نیازم نییە، بیۆگرافیای شاعیر بنووسمەوە، وەلێ پێم خۆشە ئەوە بڵێم، شاعیرێک ئەگەر دراما لە ژیانیدا نەبێت، ڕەنگە توانای ئەوەیشی نەبێت، شیعرێک بنووسێت درامای تێدا بێت. ئەگەر سەرنجێکی خێرای ژیاننامەی سامی شۆڕش بدەین، دەبینین تەژییە لە هەڵچوون و گۆڕانکاریی درامایی. ئیدی هەر لە پێوەستبوون بە ڕێکخستنێکی نهێنی و قەدەغەوە کە ئاشکرابوونی ئەندامەکانی کوشتنی بە دوادا دەهات، تا پێشمەرگایەتی و هەڵاتن بۆ تاراوگە. سامی شۆڕش لە یادی چلساڵەی حیزبی شیوعیدا دەڵێت:

تۆ چل ساڵە هەم دەردیت و هەم دەرمانی،
تۆ چل ساڵە هەم خەنینی، هەم گریانی،
تۆ چل ساڵە لە دەریای بێ سەروشوێنما
هەم شەویت و هەم بەیانی.
*
چل ساڵە وەک داوەخوێنێ،
بە لالێوی عێراقەوە دێمە خوارێ و ناگەمە خاک،
چل ساڵە وەک قومەئاوێ،
جۆگە دەمداتە دەست جۆگە و
ناگەمە ڕووبارێکی پاک.

سەرنجی ئەم وێنە شیعرییە نوێ و نایابە بدەن: (وەک داوەخوێنێ، بە لالێوی عێراقەوە دێمە خوارێ،) هەر دەڵێیت، تابلۆیەکی سوریالییە و سیلڤادۆر دالی کێشاوێتی. ئەمە وێڕای ئەوەی لەو شیعرەدا، دوو دەنگ هەیە، دەنگی شاعیر و دەنگی حیزب، کە بە هۆی ئەو تەکنیکەوە هەست دەکەین شیعرێکی درامایی دەخوێنینەوە. ئەوەیش هەر وێنەیەکی دەگمەنی سوریالییە کە دەڵێت: (وەک چۆرەخوێنێکی گەرۆک، برینی خۆم ون کردووە.) یەکێکی دیکە لەو تەکنیکە نوێیانەی سامی شۆڕش لێی سوودمەند بووە، پارادۆکسە کە خۆی لە زمانێکی ناکۆک و دژەباودا دەنوێنێت، وەک: (تا کەی لێوی گەشمان لەناو لێوی سەهۆڵدا بسووتێ؟) سەرنجی ئەو دەربڕینە تازەیە بدەن: (سووتان لەناو سەهۆڵدا!) یان: (با، نوستووە، ڕووبار، پێڵووی داخستووە.) ئەوەیش هەر پارادۆکسە، با کە سیمبۆلی جووڵەیە، بنوێت و ڕووباری هەمیشە بێدار و چاوکراوەیش، پێڵووەکانی دابخات.

لە شیعری (سامی شۆڕش)دا کێش هەیە، وەلێ کێشە دێرینەکە، نا، کێشێک هەیە تایبەت بە خۆی کە لە زەنگ و ڕیتمێکی نوێدا بەرجەستە دەبێت. کێش لە کن وی، پێوەندیی بە باری دەروونی خۆی و خێرایی یان خاویی

لێدانی دڵییەوە هەیە، ڕیتم لە کن ئەو شتێکە خۆڕسک هەڵدەقوڵێت، زادەی ئەو کێشە دەرەکییە نییە کە لە چوارچێوەیەکی ئاسنین دەچێت. ئەوە بۆیە بۆ هەستکردن بە ڕیتمی شیعری ئەو، تەنیا گوێگرتن بە هانامانەوە نایەت، دەبێت دەرک بەو هەژانە دەروونییە بکەین کە شاعیر وەختی نووسین تووشی هاتووە. ئەوە نییە ئونسی ئەلحاج دەڵێت: (شیعر زمانە، زمانی شیعری، پێش هەموو شتێک پێوەندیی بە سووڕی خوێن و هەناسە و لێدانی دڵی شاعیرەوە هەیە.) ڕەنگە ئەو خوێنەرانەی کێشی دێرین دەکەن بە پێوانە، هەندێک دێڕەشیعری سامی شۆڕشیان پێ لەنگ بێت، بەوەی باشە، شیعر زادەی کێش نییە، ئەگەر نا، دەبوو شیعری وەرگێڕدراو هیچ بایەخێکی نەبووایە.

موزیک یەکێکە لە نهێنییەکانی شیعر، شیعر دەشێت کێشێکی دیاریکراوی نەبێت، وەلێ ناشێت موزیکی نەبێت، ئاخر موزیک لە شیعردا کەرەسەیەک نییە بتوانین بیگۆڕین بە یەکێکی دیکە، یان پشتگوێی بخەین، چونکە شیعر، ڕەنگە هیچ نەبێت، جگە لە دەربڕینێکی تەژی لە موزیک. کێش پێوەندیی بە وشەوە هەیە، ڕیتم لە ڕستەدا خۆی نمایش دەکات و زادەی پێکەوە گونجاندنی وشەکانە. ئەو ڕۆڵەی لە شیعری دێریندا کێش دەیبینی، لە شیعری نوێدا ڕیتم دەیبینێت. ڕیتم لە هەناسەدان، لێدانی دڵ و هاتوچۆی خوێندا هەیە، لە خوڕەی ئاو، لە کۆچی هەور و لە بە دوای یەکدا هاتنی وەرزەکاندا هەیە. کێش شتێکە لە دەرەوەی شیعردا هەیە، ڕیتم لەگەڵ لە دایکبوونی شیعردا دێتە کایەوە. ڕیتمی ناوەکی شتێکی خۆڕسکە و لە چرکەساتی شیعرنووسیندا سەر هەڵدەدات، وەلێ ڕیتمی دەرەکی وابەستەبوونە بە یەکێک لە (کێش)ە دێرینەکانەوە.(١٢)

ئەگەر شیعر دوو جۆر ڕیتمی هەبێت، دەرەکی کە زادەی کێش و سەروایە و ناوەکی یان دەروونی کە پێوەندیی بە گرژیی یان خاویی باری دەروونی شاعیرەوە هەیە لەسەر وەختی نووسیندا، ئەوا ڕیتمی شیعری سامی شۆڕش زێتر دەروونییە و بەشێکی باش لە شیعرەکانی بۆ ئەوە دەست دەدەن بە بێدەنگی بخوێنرێنەوە، نەک بە دەنگی بڵند بگوترێن. شیعری سامی شۆڕش

نە ئازادە، بە هەموو مانای وشەکە، نە لەو شیعرانەیشە کە نەوەی دوای گۆران دەیاننووسی، شیعرێکە، ئازاد لە هەندێک کۆت و پێوەندی دێرین، کە شەپۆلی (ڕوانگە) لەگەڵ خۆیدا هێنای. ئەو بۆ نووسینی شیعر ئیلهامی لەو ڕێسایانە وەرنەدەگرت کە پێشینیان دایانهێنابوون، کەڵکی لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆی دەبینی. ئەو یەکێک بوو لەو شاعیرانەی بە پلەی یەکەم پەیامی تێکستەکە بە لایەوە گرنگ بوو، ئەوە لە کن وی جێی بایەخ نەبوو، ئەوانەی مێژووی شیعری کوردی دەنووسنەوە، ئەو لە کوێدا دادەنێن.

لە شیعریدا، نە گوێمان لە تۆنی بڵندی گوتاردان دەبێت، نە هەست بە نمایشکردنی هەڵوێستی فیکری دەکەین، نە لە نیشاندانی ئەو کارەساتانەدا کە بەسەر خەڵکدا هاتوون، زێدەڕۆیی دەکات. شیعرەکانی سامی شۆڕش ڕوونن نەک تەمومژاوی، سادەن نەک ئاڵۆز، کورتن نەک درێژ و بۆ بە شیعرکردنی تێکستەکانی، پشت بە ناکۆکییەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبەستێت و موچڕکێکی تازە بە جەستەی شیعری کوردی دەبەخشێت. بە شیعرکردنی سیاسەت تاقیکردنەوەیەکی سەختە، سامی شۆڕش بە سەرکەوتوویی لە هۆڵی ئەو تاقیکردنەوەیە هاتە دەرەوە.(١٣)

تۆ ئەو دەستەی
هەر کە کەوتم
لە خاک گیر دەبیت و بەرزم دەکەیتەوە،
ئەو هەڵبەستەی
شەوان دڵی خەفەتبارم دەدەیتەوە،
خۆشم دەوێیت و دەزانم
بۆ کام ئەنجام دەمهێنیت و دەمبەیتەوە.(١٤)

شیعر لای سامی شۆڕش جێیەک بوو، بۆ گەیشتن بە خوێنەر، ئاخر ئەویش وەک خۆسیە باچیکۆ حەزی لە سێرکی ئەدەبی نەبوو، پێی وابوو: (شیعر شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەوین، یان نییە، یان ئەگەر هەبوو، بە

بێدەنگی لە شوێنێکی نهێنیدا، لە نێوان دوو کەسدا (شاعیر و خوێنەر) ڕوو دەدات، کە بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت یەکتری بناسن.)[١٥]

منداڵەکان!
ئەی برسییە ژینتاڵەکان،
لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ،
نێزیک تاڤگەی سەرەوژووری زێڕینی گڕ،
گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی،
لێی نووسرابوو:
ئا لێرەدا
منداڵێکی چاوگەشی کورد،
لە برسا مرد.[١٦]

تاڤگەی ئاو زیوینە و بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە، تاڤگەی گڕ زێڕینە و بەرەو ژوور هەڵدەکشێت، جگە لەو وێنە شیعرییە کە تابلۆیەکە بۆ خۆی، (عەبدوڵڵا پەشێو) لەو کۆپلەشیعرەیدا هەم بندەستیی کورد بەرجەستە دەکات و هەم کێشەی چینایەتییش بەسەر دەکاتەوە، وەلێ ئەو سەروەختە چونکە ڕەخنە زێتر لە هەڵوێستی سیاسیی خاوەنی دەق دەگیرا نەک لە دەق، هەڵسەنگاندن زێتر بۆ فیکری ناو شیعر دەکرا، نەک هونەری شیعر، بۆیە سامی شۆڕشی کۆمۆنیست، لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەشیعرەی پەشێوی (ناسیۆنالیست)دا دەنووسێت:

منداڵەکان! شاعیرێ هات
ویستی لە دەرگای عاتیفەی ئێوە بدات،
ویستی ژەنگی شمشاڵەکەی
لە ڕووباری چاوتان بشوات،
ویستی ڕەشماڵی دووکەڵی گۆشەگیری
لە ئاسمانی بیرتان ڕاخات.[١٧]

لێرەیشدا وەک نزیکەی هەمیشە، شیعری سامی شۆڕش جوان و سەرنجڕاکێش دەست پێ دەکات. ئەو لە ١٩٧٢ دا، پێی وابووە، (دەنگی نەتەوەپەرستان، ورێنەی دەم گرانەتایە و لە بازاڕی کوردایەتیدا، قیژەقیژی عەتارە،)[١٨] کە ئەوەیش زادەی ناکۆکیی فیکریی نێوان ناسیۆنالیستان و ئینتەرناسیۆنالیستان بووە و ئەو شیعرە وەک بەڵگەنامەیەکی دیرۆکی، ئەو ململانێیەی تۆمار کردووە.

سامی شۆڕش کە باس لە وشکبوونەوەی کامەران موکری دەکات، دەڵێت: (پێوانەمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەوەیە کە ماوتسی تۆنگ دەستنیشانی کردووە. ئەو نووسینەی لە ئایدۆلۆژیایەکەوە هەڵنەقوڵابێت، وشک و بێ سوودە. کامەران وەک بۆرژوایەکی نەفەسکورت، ئیمانی بەم خاک و خۆڵە نەماوە و تووشی پچڕانی فیکری هاتووە.)[١٩] بە مەرجێک کامەران چەندان جار، لە پێناوی گەلەکەیدا، لە زیندان توند کراوە! (لە کۆتی پێ کەلەپچەی دەست بپرسن، من چیم و کێم، ئەوان چاکم دەناسن.) ئەو هەڵسەنگاندنە کە هیچ پێوەندییەکی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە نییە، زادەی ئەوەیە کامەران شاعیرێکی نەتەوەیی بوو. ئەوەیش بۆ خۆی پارادۆکسێکە سامی شۆڕش کە هەر زوو دەستبەرداری نووسینی شیعر دەبێت، باس لە وشکبوونەوەی کامەرانێک دەکات کە دەیان ساڵ شیعری جوانی نووسیوە!

ئەنوەر قادر مەحەممەد و جەلالی میرزا کەریم کە لە نیوەی یەکەمی سالانی حەفتادا، ڕۆڵی گرنگیان لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا وازی کرد، کەم و زۆر کاریگەریەتییان لەسەر سامی شۆڕشیش جێ هێشت. کە ئەنوەر قادر مەحەممەد لە (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)دا دەڵێت: (فەرهاد کەی دێی؟)[٢٠] زایەڵەی ئەو شیعرە لای سامی شۆڕش دەبێت بە: (شیرین لە کوێی؟) سامی شۆڕش هێندە بە شێوازی شیعرنووسینی جەلالی میرزا کەریم سەرسام دەبێت، کە سی و سێ ساڵ دوای سەرهەڵدانی بەیاننامەی ڕوانگە، دەیەوێت پێناسەی شیعری ئەو سەردەمە بکات، هانا بۆ شیعرێکی ئەوسای ناوبراو دەبات و دەڵێت: (شیعر تەقینەوەی زامە، شیعر هەڵسانی شەقامە.)[٢١]

چونکە هیچ شاعیرێک لە هێلانەی یادەوەرییەکی ڤالا و سپییەوە لە شەقەقەی باڵ نادات، ئەوە شتێکی چاوەڕێکراوە، هەندێک جار لە نائاگاییەوە، ڕستەی شاعیرانی دیکە، لە شیعریدا بەر چاو بکەون.

لە شیعری نوێی فارسیدا، شاعیرانی (گوفتار) ئەوانە بوون کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا چۆن دەپەیڤین، شیعریشیان وەها دەنووسی، نە گوێیان بە جوانیی گوتە دەدا، نە بەو کاریگەریەتییەی وشە لەسەر خوێنەر جێی دەهێڵێت، تەنانەت ڕێساکانی زمانیشیان فەرامۆش دەکرد. شاعیرانی سەر بە (ڕەوتی زمان)یش، زمانێکیان داهێنا کە هیچ بایەخی بە پێوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئاخاوتن نەدەدا و زمانێک بوو لە چرکەساتی لە دایکبوونیدا مانای پەیدا دەکرد.[٢٢] ئەرکی شیعر، دەوڵەمەندکرنی خەیاڵی خوێنەرە، بڵندکردنەوەی ئاستی هەست بە جوانی کردنیەتی و کۆمەککردنە پێی تا لە بواری زماندا لێهاتووتر بێت لەوەی کە هەیە. ئەمانەیش بە دەربڕینی باو و بە قسەی ڕۆژانە جێبەجێ ناکرێن، پێویستییان بە تێپەڕاندنە لە چێژی زاڵ و بە هەژاندنی گۆلی تێڕوانینی زۆربەیە، بەو مەبەستە نا، هەستی زۆربە بریندار بکرێت، بەو ئومێدەی، د. سەلاح فەزڵ گوتەنی: (بازنەی تۆلێرانسیان بەرینتر و بەرچاویان ڕوونتر بکرێتەوە.)

بە تفەنگ و خەنجەر بڵێن،
بە کەلاوەی سەنگەر بڵێن،
ڕۆژێ دادێ
ڕەشەبا
بەردەرکی سەرای سلێمانی دەگرێتەوە،
ڕۆژی دادێ
هەوری سووری شۆڕش دەجمێ و
پێشمەرگە هەڵدەسێتەوە.

تی ئێس ئەلیەت دەبێژێت: (جوانترین شیعر، ئەو شیعرانەن، پێش ئەوەی

تەمەنمان ببێت بە بیستوپێنج ساڵ دەیاننووسین.) لە (هەڵسانەوە)دا (ئابی ١٩٧٥) کە ناودارترین و ئاخرین شیعری سامی شۆڕشە و بە بیستوپێنج ساڵی لە تاراوگە (بەرلینی خۆرئاوا) نووسیویەتی، شاعیر جاڕی لە دایکبوونی ئینسانێکی نوێ دەدات، ئینسانێک کە مل بۆ نسکۆ نادات و لە ڕووی ڕۆحییەوە بە سەریدا زاڵ دەبێت و دیسان ڕا دەبێتەوە. سامی لەو قۆناغە نووتەک و دژوارەی دوای نسکۆدا، بەو شیعرە هونەرییە ئاگرینەیەوە، لە شتێک دەچوو وەک کاریزما و لە نێو کورددا مەحموود دەرویشێک بوو، دەیگوت: بنووسە من کوردم! ئەو شیعرەی هێندە تەڕ و پاراو بوو، لەو پەلکەگیایەی بەربەیان دەچوو کە هێشتا ئاونگی پێوەیە. ئەو شیعرەی هەرچەندە کوردی بۆ بەرەنگاربوونەوە هان دەدا، وەلێ هیچ ڕەخنەگرێکی ویژدانزیندوو، ناتوانێت لە خانەی دروشمبازی و ڕاستەوخۆییدا جێی بکاتەوە. ساڵێک بەسەر نوقڵانە لێدانەکەی (سامی)دا تێناپەڕێت، شۆڕش سەرلەنوێ هەڵدەگیرسێتەوە و شازدە ساڵێک داوتریش لە بەهاری ١٩٩١ دا، ڕەشەبا کە مەبەستی ڕاپەڕینە، بەردەرکی سەرای سلێمانی دەگرێتەوە.

ڕەنگە هیچ شاعیرێکی کورد وەک سامی شۆڕش، کە هەر شیعرێکی جوانی هێندەی ڕووداوێکی گرنگ دەنگدانەوەی هەبوو، بێفیزانە باسی ئەزموونی شیعری خۆی نەکردبێت: (شیعر لای من هەر لە بنەڕەتەوە، بە نیوەچڵی لە دایک بوو، کە لە دایک بوو، حیزبایەتی دەستی خستبووە بینەقاقای، بۆیە زۆر نەژیا.) ڕاستگۆییەکیش لە شیعری سامی شۆڕشدا هەیە، هەر زوو (خوێنەری دووڕوو)[٢٣] بێزار دەکات، ئاخر لە (شاڕل بودلێر)ەوە فێر بووبوو، بە گژ ئەوانەدا بچێتەوە کە لە بەخشینەوەی ڕکوکینەدا هەست بە شادی و لە سووکایەتی بەم و بەو کردندا، هەست بە شکۆمەندی دەکەن. سامی شۆڕش مرد، وەلێ مەرگ کۆتایی بوونی ئەو نییە، ئاخر ئەو وەک هاوڕێیەک دەیڕوانییە مەرگ و لێی نەدەترسا، ئەوانەی وەک ئەو جوان بژین، مەرگ قەت ناپاکییان لێ ناکات. ئەو لە ژیان دەترسا، نەک لە مەرگ، ئەو وەک جان کۆکتۆ زەندەقی لە ژیانێکی پووچ و بێ مانا چووبوو.

مەحموود دەرویش کە یەکەمین نەشتەرگەریی دڵی بە سەرکەوتوویی بۆ دەکرێت، دواتر بە شیعرێک کە ناوی لێ دەنێت: (في حضرة الغياب) ئەو ئەزموونەی خۆی کە سەردانێکە بۆ لای مەرگ، دەگێڕێتەوە. سامی شۆڕشیش کە ٢٤/ ١١/ ١٩٨٧ سەروەختی پێشمەرگایەتی، لە گوندی (سێروان)ی ناوچەی مەرگە، بە دەستی بەعس ژارخواردوو دەکرێت، لە لێواری قەورەوە، بەسەر باڵی هەورەوە، بۆ ناو ژیان دەگەڕێتەوە و چالاکانە دەست بە نووسین دەکاتەوە، جێی حەسرەتە ئێستا ئیدی دڵی لێ نادات و قەڵەمەکەی چی تر ناحیلێنێت، هەرچەندە زۆر قسەی پێ مابوو، قسەگەلی زێڕین، کە شیاوی ئەوە بوون، ئێمە بە ڕێزەوە، گوێیان بۆ ڕادێرین.

٢٦/ ١٢/ ٢٠١٠

پەراوێزەکان:

(١) سامی شۆڕش، شۆڕەسوارێکی ئاشق، ژمارە (١٣٦)ی هاوکاری، ٣٠/ ٩/ ١٩٧٢ بەغدا.

(٢) سامی شۆڕش، سەرنجێک لە ڕووالەتی شیعری تازە، ژمارە (٦)ی هاوکاری، مایسی ١٩٧٢ بەغدا.

(٣) د. عیززەدین مستەفا ڕەسوول، شیعرەکانی ئەم ژمارەیە و چەند سەرنجێک، بەیان، ل٤٤ ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٧٣ بەغدا.

(٤) حسن مخافي، تحولات القصيدة المغربية في الثمانينات.

(٥) دەسەڵاتی سیاسی لە لوولەی تفەنگەوە هەڵدەقوڵێت، بە عەرەبی دەبووە: (السلطة السياسية تنبع من فوهة البندقية) کە گوتەی (ماو) بوو.

(٦) سامی شۆڕش، دەنگی خوێن، ڕوانگە، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٧٢

(٧) ئەرسەلان بایز، شیعر لە بەشی کوردیدا، ژمارە (١٤٤)ی هاوکاری ١/ ١٢/ ١٩٧٢ بەغدا.

(٨) سروودێک بۆ فیدل، شیعری گیڤارا، وەرگێڕانی سامی شۆڕش، ژمارە (١٤٣) ی هاوکاری ٢٤/ ١١/ ١٩٧٢ بەغدا.

(٩) گۆرانیی شۆڕش، ڤیرۆنیکا ساسۆت، و. سامی شۆڕش، ژمارە (١٥٥) ی،

هاوكاری ١٢/ ١/ ١٩٧٣ بەغدا.

(١٠) شیعری ڤێتنامی، و. سامی شۆڕش، ژماره (١٥٢)ی هاوكاری ٢/ ٢/ ١٩٧٣ بەغدا.

(١١) گۆرانییەكی ساكار دەربارەی خاچی سوور، شیعری مەحموود دەرویش، و. سامی شۆڕش، ژماره (١٣٣) ی هاوكاری ٩/ ٩/ ١٩٧١ بەغدا.

(١٢) داحو أسية، الإيقاع المعنوي في الصورة الشعرية محمود درويش نموذجا.

(١٣) معن الطائي، ميلر يلامس هموم الناس، ١ نوفمبر ٢٠١٠ الإتحاد الثقافي.

(١٤) سامی شۆڕش، دەست، ڕۆشنبیری نوێ، ٢١/ ١٠/ ١٩٧٤ ژماره (١٠)

(١٥) عبدالقادر الجنابي، خوسية باتشيكو، نحو إعادة تعريف كلمة شعر، ٥ يونيو ٢٠١٠ إيلاف.

(١٦) عەبدوڵڵا پەشێو، پشت لە نەوا و ڕوو لە كرێوە، ل٢٣٣ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٦ هەولێر.

(١٧) بریا لەبری (ڕاخات،) (هەڵدات)ی نووسیبا، ئاخر ڕایەخ ڕادەخرێت، ڕەشماڵ هەڵدەدرێت.

(١٨) سامی شۆڕش، كۆشیعری هەڵسانەوە، ل٤٢ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(١٩) سامی شۆڕش، زەبری هۆنراوە و كارەساتی وشكبوونەوە، ژماره(٤٤) ی هاوكاری ١٩٧١/١٢/٤ بەغدا.

(٢٠) ئەنوەر قادر مەحەممەد، زریان، ل١٥ كۆڕی زانیاری كورد ١٩٧٨ بەغدا. (بەیان، ژماره (٨)ی سالی ١٩٧٣ بەغدا.)

(٢١) سامی شۆڕش، كۆشیعری هەڵسانەوە، ل٣٠ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(٢٢) حمزة كوتي و أحمد الحيدري، مقدمة للشعر الإيراني المعاصر.

(٢٣) دەربڕینی بودلێره.

(*) لە ڕوانگەی (نەوزاد رەفعەت)ەوە، ئەو شیعرە (كاریگەریەتییەكی زۆری، داڕشتنی هونەری و تەكنیكی بڵند حەیدەریی لەسەرە.) نەوزاد ڕەفعەت، أغاني الحارس المتعب یا زامێكی بێدار لە سایەی چەقۆدا، ژماره (١٥٥)ی هاوكاری ٢٣/ ٢/ ١٩٧٣ بەغدا.

## شیعر و غەیب

سیزیف چۆن بە دەست بەردەکەیەوە گیری خواردبوو،
هەموومان بەم یان بەو شێوە، بە دەست ژیانەوە،
وەک ئەومان لێ قەوماوە یان دەقەومێت.

زمان کە بنچینەی شیعرە، شاعیر نەک هەر پێویستە بە چاکی بیزانێت، بەڵکوو دەبێت، گەشەی پێ بدات و مانای تازەی جیاواز لە مانا کۆنەکانی، تێدا بدۆزێتەوە. لە شیعردا دەشێت ئیدۆلۆگی هەبێت، وەلێ دەبێت بەردەوام شیعر بەسەر فیکردا زاڵ بێت. شیعر چونکە هونەرە و هونەریش لە واقیع یاخیی دەبێت و سەرلەنوێ هەوڵی بنیاتنانەوەی یان گۆڕینی دەدات، شیعر چونکە زمانە و زمانیش میراتێکە لە کۆمەڵەوە ماوەتەوە، هەڵگری بۆچوونی دێرینە و هەڵوێستی فیکریی کۆن بەرجەستە دەکات یان دەشێت مانا و تێڕوانینی نوێی پێ ببەخشرێت، شیعر چونکە فۆرمە و فۆرمی هونەرییش، بارگاوییە بە فیکر و دەفرێک نییە، خاڵیی لە واتا، بۆیە هەموو گۆڕینێک لە فۆرمدا، نیشانەی ڕوانگەیەکی نوێیە، شیعر چونکە دەربڕی هەڵوێستێکە، با هەڵوێستەکە ناسیاسییش بێت، لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، شیعر بە مانایەک لە ماناکان، بریتییە لە ئیدۆلۆگی. پێویستە هەست بە جیاوازیی نێوان شیعری ئێدۆلۆگی و ئیدۆلۆگیی شیعردا بکەین، یەکەمیان بریتییە لە دەربڕینی هەڵوێست بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی دوور لە شیعریبوون، بەڵام دووەمیان هەڵگری فیکر و فەلسەفەی نوێیە، بە زمان و فۆرمی تازە.

ئەوی خاوەنی هەستێکی شاعیرانە بێت، وەک ئەوە وایە کلیلی دەرگای غەیبی پێ بێت، ئەوە بۆیە شاعیران لە پێشبینییەکانیاندا بە هەڵەدا ناچن.

شاعیربوون دەرچوونە لە دنیای عەقڵ و نزیکبوونەوەیە لە شێتی، ئەوە بۆیە شەکسپیر پێی وابوو شاعیر و شێت و منداڵ هاوخەیاڵن. وێنەی شیعری هەم ئەبستراکتە و هەم کۆنکرێت، کە خەمی کەسێک بە گەرموگوڕی بەرجەستە دەکات، هاوزەمان گەردوونییشە، کە ڕۆحییە، ماددییشە، وێڕای ئەوانە ڕیتمیشی لێ دەچۆڕێت. داهێنانی شیعری جوان، لەبەر ئەوە کارێکی دژوار نییە کە پێویستە ملکەچی ڕێساکانی بین، بۆیە سەختە کە پێویستە لێزانانە لەو ڕێسایانە یاخیی ببین. شاعیر کە لاسایی نموونە باڵاکانی شیعری دێرین ناکاتەوە، نە لە سۆنگەی بێ توانایییەوەیە، نە لەبەر ئەوەیشە کە سووک سەرنجی ئەدەبی کۆن بدات و ددان بە لایەنە گەشەکانیدا نەنێت، بەڵکوو خولیای سەرکێشی و دۆزینەوەی دنیایەکی تایبەت بە خۆیەتی، هانی دەدات، شوێنپێی هیچ کەس هەڵنەگرێت. شاعیری چاک ئەوی ڕێزی قەڵەمی خۆی و چێژی خوێنەر دەگرێت، لاسایی ئەو شاعیرە ناکاتەوە کە پێی سەرسامە، هەوڵ دەدات خۆی لە بازنەی کاریگەریی ئەو شاعیرە دەرباز بکات کە بە نموونەی باڵای دەزانێت.

مۆنتیسکۆ پێی وابوو، هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی گەلانی موسڵمان، ئەوەیە کە لە ژینگەیەکی وشکوبرنگدا دەژین، پێی وابوو بیابان زەوینەیەکی لەبار نییە، بۆ سەرهەڵدانی لێبوردەیی، کرانەوە و فیکری ڕۆشن. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بووایە، دەبوو کوردستان کە وەک ژینگە و ئاووهەوا لە وڵاتانی ئەورووپاوە نزیکە، هەنووکە نیمچە فەرەنسایەک بووایە. لە کۆمەڵگەی داخراودا کە بە دیمۆکراسی نامۆیە، باوک سەروەرە و بڕیار دەدات، ئەوەی مامۆستا گوتی حەقیقەتە و قوتابی گوێڕایەڵە و هیچی دیکە، لەو کۆمەڵگەیەدا کە باسێک لە ئازادیی ڕادەربڕین و جیاوازیی لە بیرکردنەوەدا نییە، تەنانەت ئەدیبیش خۆی لە سەروو ڕەخنەوە دەبینێت و پێی وایە دەقەکانی پیرۆزن و ئەو مافە بە کەس ڕەوا نابینێت کە گوتوبێژی لەگەڵدا بکات. منیش هاتم لە وەها کۆمەڵگەیەکدا بووم بە ڕەخنەگر! ڕەخنەگرێک کە بە زمانێکی ئەدەبی و هونەری، بە وشەگەلی ئاسان و بە ڕەچاوکردنی کورتبڕی و بە شێوازێکی

زراف، بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو.

ئایا ڕەخنەگری ئەدەبی ئەرکی سەرشانی خۆی، بە چاکی جێبەجێ دەکات؟ نەخێر. ئاخر لەم وڵاتەدا کەس ئەرکی سەرشانی بە چاکی جێبەجێ دەکات، تا ڕەخنەگریش بیکات. لەم وڵاتەدا ئیدی پۆلیس بێت یان پەرلەمانتار، دۆکتۆری ددان بێت یان مامۆستای زانکۆ، بازرگان بێت یان سەوزەفرۆش، کەسیان ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشی جێبەجێ ناکەن، ئیدی بۆچی چاوەڕێی ئەوە بین، ڕەخنەگری ئەدەبی بە چاکی ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات؟ لەم وڵاتەدا تەنیا گەندەڵکار ئەرکی سەرشانی خۆی بە جوانی جێبەجێ دەکات و بەردەوام لە بەرەو پێشەوە چووندایە. ئەوە پوختەی وەڵامی (حەمدی عابدین)ی شاعیری میسرییە بۆ پرسیارەکەی محەممەد حەمامسی.

ئەوە دورکاهایم بوو تایبەتمەندییەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتیی کە بناغەی زانستی کۆمەڵایەتییە، دەستنیشان کرد. ئەوە دیاردەی کۆمەڵایەتییە کە سەربەخۆبوونی کۆمەڵ و وابەستەبوونی تاک دەهێنێتە ئاراوە، ئاخر ئەوە کۆمەڵە کە بەها و نەریت و خوو بە سەر تاکدا دەسەپێنێت نەک بە پێچەوانەوە. ئایین چونکە لێکدانەوەی کۆمەڵە بۆ دیاردەکان، بۆیە بە ئاسانی تاک دەخاتە نێو بازنەی خۆیەوە. دورکهایم ئیشێکی زۆری لە بواری ناکۆکییەکانی نێوان لێکدانەوەی کۆمەڵ و تاکدا کردووە. لێکدانەوەی تاک کە زادەی هۆشیاریی تاکە و تەنیا خاوەنەکەی ڕەچاوی دەکات، زوو زوو گۆڕانی بەسەردا دێت، وەلێ لێکدانەوەی کۆمەڵ تەمەنی درێژە و دەشێت سەدان ساڵ بڕ بکات، بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوت و لێکدانەوەی تاکێک تێبگەین، پێویستمان بەوە هەیە، شارەزای لێکدانەوەکانی کۆمەڵەکەی ببین. بە پێچەوانەی دۆرکهایمەوە، تارد بایەخێکی زۆر بە دەستپێشخەریی تاک دەدات. لە ڕوانگەی تاردەوە، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بیروڕاکان بە خاوی گۆڕانیان بەسەردا هات، ئەوە زادەی نەبوونیی یان بە دەگمەن هەبوونی گوتوبێژ و ئازادیی ڕادەربڕینە. هابەرماس پێی وایە تاکەکان کە لەناو جەماوەردا کۆ دەبنەوە، وەک کەسانی بە موگناتیس خەوێنراویان لێ دێت و کاردانەوەیان

زۆر جیاواز دەبێت لەوەی کە بە تەنیا بن. گوستاڤ لۆبۆنیش وای بۆ دەچێت، جەماوەر قەوارەیەکی توندوتۆڵە، تاکەکان بە جۆرێک لە ناویدا دەتوێنەوە، خودی خۆیان لە دەست دەدەن و ملکەچی بڕیاری کۆمەڵ دەبن.

ڤۆڵتیر دەیگوت: ئەورووپا پێش ناکەوێت، تا ڕیخۆڵەی دوا قەشە بۆ گەردنی دوا پاشا، نەکرێتە پەتی سێدارە، بەڵام ژان ژاک ڕۆسۆ پێی وابوو: ئەگەر خودا لە ئاسمان بێت، هەقمان بە سەریەوە نییە، ئاخر ئێمە لەسەر زەوی، سەرقاڵی ئیشوکاری خۆمانین. شەریعەتی دەیگوت: پیاوانی ئایین، پاسەوانانی دنیای داستانن، پارێزەرانی ئەفسانە و غەیبن، بەڵام عەبدولکەریم سرووش، پیاوانی ئایین بە بار دەزانێت بە سەرشانی کۆمەڵگەوە و پێی وایە بۆ دابینکردنی بژێوی، خراپ کەڵک لە ئایین وەردەگرن، هەرچەندە ئایین بۆ ئەوە دانەهاتووە، پێویستییە مادییەکانی خۆمانی پێ دابین بکەین، بۆ ئەوە داهاتووە، بۆشاییەکانی هەواری ڕۆحمانی پێ پڕ بکەینەوە. ئایین ئەزموونێکە ئینسان وەک تاک پێیدا تێدەپەڕێت، نەک وەک گرووپ، ئایین هەمیشە ئەزموونێکی تایبەتییە و پێوەندیی بە خودی تاکەوە هەیە. وەک چۆن بە تەنیا عاشق دەبین، بە تەنیا دەمرین، بە تەنیایش ئایینێک ئەزموون دەکەین.

کینێت کلارک کە یەکێکە لە ڕۆشنبیرە هەرە ناودارەکانی بەریتانیا دەڵێت: (تاشینی پەیکەری ئافرەتێکی ڕووت، یان وێنەکێشانی ژنێکی ڕووت، لوتکەی هونەرە، ئاخر جەستەی ژن، جۆرێکە لە هونەری باڵا، بەڵام خۆ ڕووتکردنەوەی ژن، یان بە ڕووتی نیشاندانی ژن، لە دەرەوەی هونەر، هەر بۆ وروژاندنە و هیچی تر.) وێنەکێشانی جەستەی ژن بە ڕووتی و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، هونەرێکە لە دژی دەسەڵاتی کڵێسا، لە سەروەختی ڕۆشنگەریدا برەوی پەیدا کرد. جەستەی ژن کە سەرچاوەی ژیانە، بەردەوام دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەو پیاوانەوە کە دەستیان بە داوێنی ئایینەوە گرتووە و کولتووری مەرگ بڵاو دەکەنەوە.

*

(١) حلمي سالم، الأيدولوجيا تنتصر للشعر، ٢٤ أبريل ٢٠١٠ الحياة.
(٢) عبدالعزيز المقالح، أنسي الحاج الشاعر معلما ٢٧ مارس ٢٠١٠ الحياة.
(٣) هاشم صالح، التضاد بين التصورات الجماعية و الفردية، ٣، ٩، ٢٠٠٩ الشرق الأوسط.
(٤) محمد الحمامصي، في مصر شعراء كبار يكتبون قصيدة النثر ٢٨، ٤، ٢٠١٠ إيلاف.

## هەڵوێستە شیعر

بیستو حەوت ساڵە من بە تەماتم
چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەڵاتم
ببووژێتەوە خاکی وڵاتم
هیج گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم
چونکە ئەیزانی بێ دەسەڵاتم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟

بیستو حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم
ئەپاڕێمەوە هەر هاوار دەکەم
یا خوا کافریش نەبێ بە جەستەم
وێڵ و سەرگەردان بێ تین و خەستەم
هیچم پێ ناکرێ دیل و دەستبەستەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟(١)

مامۆستا (فایەق بێکەس) یادی بە خێر، ١٩٤٦ لە سلێمانی، شیعری (بیستوحەوت ساڵە)ی بەرەو ڕووی (مەعرووف جیاووک)ی موتەسەڕیف و (ئەدمۆنز)ی ڕاوێژکاری ئینگلیز خوێندەوە، نووسەری ئەم دێڕانەیش لە دووەمین فێستیڤاڵی شیعری کوردیدا کە لە ڕۆژانی کۆتایی ئاداری ١٩٧٩ دا، لە هەمان شار ساز کرا، هۆنراوەی (هەڵەبجە غەززەی خەمناکە)ی بەرەو

ڕووی (ئەرشەد زێباری)ی پارێزگار و (عەبدولڕەززاق فارس)ی[٢] بەرپرسی بەعسییەکان خوێندەوە. مەعرووف جیاووک کوردێک بوو دڵسۆزی گەلەکەی و ئینگلیزیش لە چاو بەعسی دڕندەدا، پەپوولە بوو. بەراوردکردنی هەڵوێستەشیعرەکەی بێکەسی نەمر (کە لە نێوان پاڕانەوە و بەرەنگاربوونەوەدا، لە یەکەمیانەوە نزیکترە،) لەگەڵ ئەوەی مندا، بۆ سەلیقە و لێکدانەوەی خوێنەر جێ دەهێڵم. تەنیا ئەوەندە دەڵێم، لەسەر ئەو شیعرە، لە ئاسایشی سلێمانی پێیان گوتم: (تۆ بە ئێمەت گوتووە نەوەی هیتلەر، لەسەر ئەوە کوشتنت ڕەوایە، بەڵام تا نەتڕووخێنین ناتکوژین، ئێمە قارەمان دروست ناکەین.)

هەڵەبجە (غەززە)ی خەمناکە و
منداڵانی پۆلیس بەردەباران ناکەن،
دووکاندارەکانی دووکان
بە ڕووی پۆستاڵدا داناخەن،
سلێمانی (سۆیۆتۆ)یە و
گەنجەکانی دەست نادەنە یەخەی سیخوڕ،
هەموو گوندێکی کوردستان
چاوەڕوانی ئەنجامەکەی (گێرنیکا)یە و
کەچی ڕۆژنامە و گۆڤار و
ئاژانسی دەنگوباسەکان
نوستووی گوێی گان.

وړووژاوە
هەر شارەزەردەواڵەیە وړووژاوە،
هەر قوتابیی قوتابخانەکەی هیتلەرە و
گەڕی لەم ناوە ئاڵاوە.

زەردەواڵە بە شانەکان
بەو سنوورەیش ڕازی نابن
باپیریان نەخشەی کێشاوە،
لایان وایە مێژوو عەرەبانەیەکە و
بە پاڵی ئارەزووی ئەوان
دەگەڕێتەوە بۆ دواوە.

ئەی شارە بچکۆلانەکەم!
ڕۆژی دەیان
مۆخی لاوان
دەرخواردی ماری سەر شانی
زوحاک دەدەیت و مارەکان هەر تێر نابن،
ئەی مارەکانی سەر شانی زوحاکی نوێ!
ڕۆژێ دادێ
ئەوەندەی بەرزاییی هەڵگورد،
ئەوەندەی پانیی شارەزوور
لەبەر بینی ئاغاکانتاندا خڕ دەبێ،
جامی شارە بچکۆلەکەم فراوانە
بەڵام با سەد هێندەی تریش فراوان بێ،
ئەو ڕۆژە دادێ پڕ دەبێ
ئەو ڕۆژە دادێ پڕ دەبێ.(٣)

*

(١) ئومێد ئاشنا، دیوانی بێکەس، ل٣٣ و ٣٤ چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ٢٠٠٥ هەولێر.

(٢) بە ئەبو حاتەم بانگیان دەکرد، بەڵام چونکە لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەددام

حوســـەینی گـوتبـوو: أنت الجـبل، أنت السـهل، أنت النهـر، أنت الهـور، بۆیە بە ئەبولهۆڕ ناسرابوو.

(٣) غـەززە شـارێکە لـە فـەلەسـتین، ئەو سـەردەمـە لە بن دەسـتی ئیـسـرائیلدا بوو. سۆیۆتۆ: شارێکە لە باشووری ئەفریکا، ئەو سەروەختە زوو زوو خەڵکەکەی بە گژ سپیپێستە ڕەگەزپەرستەکاندا دەچوونەوە. شارەدێی گێرنیکا: ١٩٣٧ لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا نازیستەکانی ئەڵمانیا لەسەر خواستی فاشیستەکانی ئیسپانیا خاپووریان کرد و (پیکاسۆ)یش لە تابلۆیەکدا ئەو کارەساتەی بەرجەستە کرد.

## نووسین و نوێژ

١

### جیماعی جەماعی لە شیعری جیلی جەدیددا

(عادل سەییاد) کە ناسراوترین شاعیری ساڵانی نەوەدی جەزائیرە، چەندان خەڵاتی شیعریی وەرگرتووە و بە شاعیری یاخیبوو ناسراوە، لە کێڵگەکەی باوکیدا، گۆڕێک بۆ دیوانەکانی چێ دەکات و سەرجەمی شیعرەکانی، بەوانەیشەوە کە هێشتا بڵاوی نەکردوونەوە، بە خاک دەسپێرێت و وەک شاعیر جاڕی مەرگی خۆی دەدات. شاعیری ناوبراو لەو ڕێوڕەسمەدا کە هاوڕێیانی و هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانی بۆ بانگ کردبوو، گوتی: (وەختی ئەوە هاتووە، بێ شەرم و ترس بڵێین، شیعر کۆچی دوایی کرد، بۆ من ئەوە مایەی پێکەنینە، ئەگەر وەک شاعیر بناسرێم، ڕەنگە ئیدی دەست بدەمە ڕۆماننووسین.)[١]

(تا بۆی کرا
لە ئاودەستەکەی دڵی مندا گووی کرد.

بمگێ و پێم مەڵێ کاتژمێر چەندە.
میز بکەرە دەممەوە و پێم مەڵێ حەزت لە چ خواردنێکە.

ژنەکەم پێی خۆشە وەک قەحبە و مشتەری پێکەوە بژین،
ژنەکەم وەک ژنی تۆیە حیزە،
ژنەکەم بووە بە ژنی هەموو پیاوەکانی گەڕەک،
ژنەکەم پێی خۆشە مێردەکەی تۆی بە دیاری بۆ بەرم،

بەم بێ جێگاییەوە باشترین شوێن بۆ کێرم ناو پانتۆڵەکەمە.

پیاوەکەم لە مێردەکەی تۆ دەچێت بووە بە گەواد،
پیاوەکەم ئەوەندە بێ ئەخلاقە هەر نازانم چۆن وەسفی بکەم،
پیاوەکەم باوکی هیچ کام لە منداڵەکانم نییە.
حەزم لە سێکسە لە یەک کات و لە یەک جێگادا
لەگەڵ ماڵ و خاوەنماڵ و میوانەکانیشدا،
حەزم لە سێکسە لەگەڵ خۆمدا
لەگەڵ کەر و پەپووله و ژن و پیاودا
لەگەڵ دراوسێ و خزم و ناسیاودا.)[٢]

ڕەنگە ئەو (شیعر)ە هیچی وای تێدا نەبێت شیاوی ڕوونکردنەوە بێت، ئاخر نە ڕەمزێکی تێدایە تا لە مەبەستەکەی بدوێم، نە لایەنێکی تەمومژاوی تێدایە، تا ڕۆشنی بکەمەوە، نە سوودی لە ئەفسانە بینیوە، تا ئاماژەی بۆ بکەم، نە مامەڵەی لەگەڵ داستاندا کردووە، تا بزانین هونەرمەندانە بە گەڕی خستووە یان نا؟ چونکە خۆیشم بە مامۆستای مۆراڵ نازانم، ئەو مافە بە خۆم ڕەوا نابینم، وانەی ڕەوشت بڵێمەوە و قسەی دزێو ئاراستەی بنووسەکەی یان سەرنووسەری گۆڤارەکەی بڵاوی کردووەتەوە، بکەم. تەنیا هێندە دەڵێم، ئەگەر شیعر ئەوە بێت کە ئاریان ئەبوبەکر نووسیویەتی و گۆڤاری هەنار لە ئامێزی گرتووە، ڕەنگە ئیدی ئەوانەی خۆیان بە شاعیر دەزانن، وەک ئەو شاعیرە جەزائیرییە، چی زووە پاکانە لە شیعر بکەن. تۆ بڵێیت ئەو لە داخی (هەڵبەست)ێکی وەها، وازی لە نووسینی شیعر هێنابێت؟

ئایا دەتوانین بە وشەگەلی (گوو، میز، قەحبە، حیز، گان و گەوواد،) شیعر بنووسین؟ ئایا بابەتی کۆسێکس شیاوی ئەوەیە، دەرگای شیعری بە ڕوودا بکەینەوە؟ پەخشانەشیعرەکانی بودلێر، ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی شارە گەورەکان بوون. ئەو لە ناشیرینیدا بۆ شیعر نەدەگەڕا و لە

هەوڵی بە شیعرکردنی ناشیرینیدا نەبوو. ئایا لە قوڕی ئەو وشە دزێو و جنێوە قێزەونانە، تۆزی هیچ جوانییەک هەڵدەستێ؟ ئایا ئەگەر خاوەنی توانایەکی مەزنیش بین، دەتوانین بە کەرەسەیەکی ناشیرین، تەلارێکی جوان ڕۆ بنێین؟

حەسەن باکوور کە ڕۆمانووسێکی عەرەبە دەڵێت: (ئەوی لە بواری پێوەندییە ئینسانییەکاندا داهێنەر نەبێت، ناتوانێت لە بواری ئەدەبدا داهێنەر بێت.)[٣] ئایا ئەوە داهێنانە لە بواری پێوەندییە ئینسانییەکاندا، بە ژن بڵێین قەحبە و بە پیاو بڵێین گەوواد؟ یان ڕێکلام بۆ سێکسی بە کۆمەڵ و بانگەشە بۆ سێکسی ئینسان لەگەڵ ئاژەڵدا بکەین؟ ئایا هیچ کۆمەڵگەیەک گەیشتووەتە نێو ئەو زەلکاوەی، ژنێک هاوار بکات و بڵێت: (مێردەکەم باوکی هیچ کام لە منداڵەکانم نییە؟) یان پیاوێک ددان بەوەدا بنێت کە (ژنەکەی ژنی هەموو پیاوانی گەڕەکە؟) شاعیر هەیە، پێی وایە: (مەرج نییە شیعر مانای هەبێت،) بە ڕاست شیعری بێ مانا، جوانتر نییە لەو بەناو شیعرانەی، سووکایەتی بە هەموو مانایەکی جوان و بەهایەکی باڵا دەکەن؟ گەلەک (شیعر) هەنە لە وڕێنە دەچن، ئەو وڕێنەشیعرانە بەرهەمی بیری شاعیرە بێتواناکانن، ئاخر شاعیری بەتوانا، چونکە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئینسانییە و شتێکی پێیە شیاوی گوتن بێت، وڕێنە نانووسێتەوە.

تا زیاتر خەریکی قۆشمە بین و زۆرتر پێبکەنین، چاکتر بەرگەی نەخۆشی دەگرین، ئاخر قۆشمە و پێکەنین هەر لە ڕووی دەروونییەوە کۆمەکمان ناکەن، سوودێکی زۆریان بۆ جەستەیشمان هەیە. وەک چۆن وەرزش بۆ جەستە بەسوودە، پێکەنینیش جۆرێکە لە وەرزش، وەرزشی ناوەکی کە توانای بەرگریی لەشمان بۆ بە گژداچوونەوەی نەخۆشی بەهێزتر دەکات. پێکەنینیش تەواو وەک وەرزش، کارێک دەکات، ئەگەری تووشبوونمان بە نەخۆشییەکانی دڵ و شەکرە کەمتر ببێتەوە، پێکەنین تەنانەت ڕۆڵی لە باریککردنەوەی ناوقەدیشماندا هەیە. ئایا دەتوانین، ئەو شیعرە کە هێندەی گەردێک لە جوانیی تێدا نییە، وەک قۆشمە وەربگرین و لە ناخەوە پێبکەنین؟ دەشێت لە شیعریشدا ڕەگەزی قۆشمە هەبێت، ئەوەی کە ناشێت ئەوەیە، گاڵتە بە شیعر

بکەین و بە چاوێکی سووکەوە سەرنجی بدەین.

خـــۆم لەو (شـــاعـــیــــر)ە ناکـــەم بە دەروونناس، وەلێ پێم وایە، ئەوە هەلومەرجێکی تەواو دژوارە وای لەو گەنجە کردووە، هانا بۆ جنێو ببات و دەست بە داوێنی وشەی دزێوەوە بگرێت، ئاخر گەنجێک ئەگەر هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، لە ڕووی دەروونییەوە هێور دەبێت و بەم و بەودا هەڵناشاخێت. ئەوە ئەوپەڕی نائومێدییە، ئەو گەنجەی گەیاندووەتە لوتکەی ڕەشبینی، ئەوە ڕەشبینییە، ئەو گەنجەی بۆ جۆرە یاخیبوونێک هان داوە کە زیندانی تەنگی کۆیلەیی لە چاویدا، هەواری هەراوی ئازادییە. سارامـاگۆ دەیگوت: (جاران پێیان دەگوتم، ئینسانێکی چاکە، بەڵام کۆمۆنیستە، لەوساوە خەڵاتی نۆبێلم وەرگرتووە، پێم دەڵێن، کۆمۆنیستە بەڵام ئینسانێکی چاکە.) ئەگەر وڕێنەشیعر درێژەی هەبێت، ئەوە دەبێتە شتێکی ئاسایی، بە کام شاعیر چاکە، بڵێن: ئینسانێکی چاکە، بەڵام جێی داخە شاعیرە.

٢٦/ ٠٦/ ٢٠١٠

پەراوێزەکان:

(١) الشرق الأوسط ٦ یونیو ٢٠١٠ لندن.

(٢) ئاریان ئەبوبەکر، سێکسی ژمارە هیچ، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٥٢ لاپەڕەکانی ٨٩ تا ٩٤ ئایاری ٢٠١٠ بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

(٣) الشرق الأوسط ٢٠ یونیو ٢٠١٠ لندن.

(*) کۆسێکس: سێکسی بە کۆمەڵ.

(**) هەراو: پان و بەرین.

٢

## شاعیرێکی سیگارکێش

ڕامبو که له تافی لاویدا، نەخشەی شیعری لەسەر ئاستی جیهان گۆڕی، بەردەوام سیگاری دەکێشا، کە سەری لەم و لەو دەدا، هێندە دووکەڵی سیگاری بە سەروچاویاندا دەکرد، هەر زوو لێی بێزار دەبوون و پاڵێکیان پێوە دەنا و خۆیان لێ قوتار دەکرد. ڕامبو هەر سیگار نا، دەڵێن حەشیشەیشی دەکێشا و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، قسەی زۆری لە دوا بوو، تا ئاستی ئەوەی کە گوایە پێوەندیی نائاسایی لەگەڵ (فێرلین)ی شاعیر و کەسانی دیکەیشدا هەبووە. ڕامبو هەر چۆنێک هەڵسوکوتی کردبێت، ئەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە لە بواری نووسینی شیعردا، موعجیزە بووە و زۆر زەحمەتە کەسێکی دیکە پەیدا ببێت، لە تەمەنی بیستساڵیدا لەسەر ئاستی دنیا، بگاتە بڵندترین لوتکەی شیعر.

لە کن ئێمەیش (ڕابەر فاریق)ێک هەیە، (شیعر) دەنووسێت و زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە لاسایی ڕامبو دەکاتەوە و لە بواری جگەرەکێشاندا کەس بە تۆزی پێیدا ناگات، ئەوەتا دەڵێت: (جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم، بۆیە لێوم شین و مۆر بووە.) یان: (دڵخوازی هاوسەرم کە دێتە ژوورەوە، کەپووی خۆی دەگرێت، لەبەر ئەوەی بۆنی دووکەڵی جگەرە گێژی دەکات.)[1] ڕابەر فاریق وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوەی خۆی بە (هەندرێن)[*] بناسێنێت لە نامەیەکدا بۆی نووسیوە: (پێشتر منیان گاوە، نازانم لەمە زیاتر چیت بۆ بنووسم!)[٢] بەڵام ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە، ئایا بە زۆر وای لێ کراوە یان نا؟ چونکە ئەگەر بە زۆر بووبێت، کەیسەکە دەگۆڕێت و ئەم دەبێتە قوربانی و هەقە ناوی بکەران ئاشکرا بکات تا سزا بدرێن. ئەو نووسینەی ڕابەر فاریق کە ناوی (خۆم وەک کەسێکی بێ کەڵک)ە و تێیدا ئەوە دەدرکێنێت کە هاوڕەگەزانی

خۆی سێکسیان لەگەڵدا کردووە، تەنیا هەر لە ژمارە سێی گۆڤاری وێراندا کە د. فەرهاد پیربال سەرنووسەریەتی، بڵاو نەبووەتەوە، لە لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ٧٥ی گۆڤاری (گزنگ)یشدا(ئابی ٢٠٠٩) کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک دەری دەکات و حەمەکەریم عارف سەرنووسەریەتی، بڵاو کراوەتەوە، ڕابەر هەمان نووسینی لە چەند وێبسایتێکیشدا دابەزاندووە، لەوانە: (دەنگەکان) و (یانەی ڕۆشنبیریی شەقڵاوە.)

ئەم ڕابەر فاریقە کە لەبری حیبر (مەرەکەب) دەنووسێت عوبر، لەبری ضحیە (قوربانی) دەنووسێت زەعیە و لەبری تەسبیح دەنووسێت: تەزبیع، دەڵێت: (پێش ئەوەی بنووسم ئەخلاقم هەبوو، ئێستە نیمە.)[٣] هەروەها دەنووسێت: (دەشێ ناوم ڕابەر بێ، دەشێ بە باوکم بڵێی فاریق یان مانگا.)[٤] لەوانە سەیرتر لە هەمان باسدا گلەیی لە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت: (شەش شەو و شەش ڕۆژە دڵخوازی هاوسەرم منداڵی بووە، لە هەینێوە من نەمتوانیوە سێکس بکەم، تۆ وەرە حکومەت بیت و نەتوانی شوێنێک بۆ هاووڵاتییەکان دابین بکەیت، تا شەهوەتی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە.)[٥] ئایا لە ئەدەبی هیچ گەلێکدا شاعیری هێندە ڕووقایم هەبووە، ناوی ڕاستەقینەی ژنەکەی وەها بخاتە ڕستەوە؟

بە داخەوە ڕابەر فاریق زوو زوو (گوو) دەخاتە ڕستەوە، ئەوەتا لە (وێران)ەکەی (د. فەرهاد پیربال)دا دەنووسێت: (گوو لە نێو دەمم بکەن!)[٦] هەروەها لە (شیعر)ێکدا دەڵێت: (شیعری من گووە.)[٧] ڕابەر هەر بە گووەوە ناوەستێت، (تڕ)یش دەخاتە نێو ئەدەبی مۆدێرنەوە، ئەوەتا دەڵێت: (تڕم کرد، دەبدەبەش لەبەردەم منداڵەکەمدا تەقی.)[٨] شاعیر کە هەمان (شیعر) بۆ ڕێگای کوردستان کە ئۆرگانی حیزبی شیوعیی کوردستانە، دەنێرێت، لەوێ (تڕ)ەکەی بۆ دەکەن بە (هین!) (هینم کرد، دەبدەبەش لە بەردەم منداڵەکەمدا تەقی.)[٩]

ڕابەر فاریق لە گۆڤاری (وێران)دا دەنووسێت: (لە قوزی دایکی ئەو کەسەش بەم کە دەڵێ تۆ مرۆڤی.)[١٠] هەر لە ژمارە شەشی گۆڤاری وێراندا

(شالاو حەبیبە) کە هەڤاڵێکی نزیکی ڕابەر فاریقە و لە سلێمانی دەژی، لە سەرەتای باسێکدا بە ناونیشانی: (نووسین لە پەنجەرەوە،) دەڵێت: (ڕابەر فاریق بۆ گەوادیکردن دێت بۆ سلێمانی.)[١١] شالاو لە کۆتایی هەمان باسدا دەنووسێت: (ڕابەر فاریق لەمێژە کێری پەشیمانی دەمژێت.)[١٢] لەو دوو نووسینەیدا کە لە ژمارەکانی سێ و شەشی وێراندا بڵاو کراونەتەوە، ڕابەر وێڕای ئەوەی زۆر جار باسی نائومێدی و خۆکوشتن دەکات، (باس)ێکیشی ئامادە کردووە، سەبارەت بە (نووسەر و خۆکوشتن) کە من لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا دیتوومە. بەو هیوایەی ئەوانەی لێیەوە نزیکن، ئەو مەسەلەیە بە هێند وەربگرن، نەک خودا نەکردە لەناکاو خۆی بکوژێت، چونکە وەک بە (نووسین)ەکانییەوە دیارە، ژیان بە لایەوە، شتێکی هیچوپووچە.

*

پەراوێزەکان

(١) وێران ژمارە ٣ ل ٢٩ خولی سێیەم ٢٠٠٩ هەولێر.

(٢) وێران ژمارە ٣ ل ٢٩ خولی سێیەم ٢٠٠٩ هەولێر.

(٣) وێران ژمارە ٣ ل٢٧ خولی سێیەم ٢٠٠٩ هەولێر.

(٤) وێران ژمارە ٣ ل ٢٨ خولی سێیەم ٢٠٠٩ هەولێر.

(٥) وێران ژمارە ٣ ل ٢٨ خولی سێیەم ٢٠٠٩ هەولێر.

(٦) وێران ژمارە ٦ ڕابەر فاریق، لەسەر ڕینگ دەرۆم بابۆ، ل٨١ هەولێر.

(٧) ئاینده، ژمارە ٨٩ ل١٧٣ نیسانی ٢٠١٠ سلێمانی.

(٨) هەنار ژمارە ٤٩ ل٧٨ شوباتی ٢٠١٠ سلێمانی

(٩) ڕێگای کوردستان، ژمارە ٨٥٥ ڕێگای ئەدەب و هونەر ٥ی ئایاری ٢٠١٠ هەولێر.

(١٠) وێران ژمارە ٦ ڕابەر فاریق، لەسەر ڕینگ دەرۆم بابۆ، ل٨٢ هەولێر.

(١١) وێران ژمارە ٦ شالاو حەبیبە، نووسین لە پەنجەرەوە، ل٤٤ هەولێر.

(١٢) وێران ژمارە ٦ شالاو حەبیبە، نووسین لە پەنجەرەوە، ل٥٢ هەولێر.

(*) هەندرێن شاعیر و نووسەرێکی بەڕێزی سوێدنشینە.

## پەیامی سپارتاکۆس

کە هەمان هەواڵ بۆ جاری دووەم بۆ هەمان کەس دەگێڕیتەوە و پێت وایە ئەمە یەکەمین جارتە ئەو هەواڵەی پێ ڕادەگەیەنیت، کە بە هەڵە یادگارییەک دەگێڕیتەوە و سووریشت لەسەر ئەوەی خەڵکەکە هەموویان بە هەڵەدا چوون و تەنیا چیرۆکەکەی تۆ ڕاستە، ئیدی تەواو دڵنیا بە لەوەی کە دەردی پیری، پیس دەستی لێ وەشاندوویت. ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ کەسێکی ئاسایی، کێشە بێت، ئەوا بۆ نووسەر کارەساتە، چونکە هەم خەریکی خۆ دووبارەکردنەوە دەبێت و هەمیش کاڵای هەڵە، بە نرخی ڕاست، بەسەر خوێنەردا ساغ دەکاتەوە. تکا لە خوێنەران دەکەم، هەر کە زانییان لەو قۆناغەی پیری نزیک بوومەتەوە، دەستبەجێ ئاگادارم بکەنەوە.

*

ڕووناکبیر زیندەوەرێکی هێندە دەگمەنە، ڕەنگە لە کوردستاندا، تاقەکەسێک شک نەبەین، بێ دوودڵی ئەو ناوەی پێ ڕەوا ببینین. هەموو ڕووناکبیرێک ڕەخنەگرە، ڕووناکبیر هەر لە ڕەخنەگرتن کەوت، ئیدی پێی ناگوترێت ڕووناکبیر. لەسەر شانۆی ژیان ڕووناکبیر ڕۆڵی ڕەخنەگر وازی دەکات، ڕووناکبیر ئەکتەرێکی هێندە لێهاتوو نییە، توانای نمایشکردنی هەموو ڕۆڵێکی هەبێت، ئەکتەرێکە تەنیا توانای بینینی یەک ڕۆڵی هەیە، ئەویش ڕۆڵی ڕەخنەگرە. مەبەستم لە ڕەخنەگر، کەسانی وەک میشیل فۆکۆ، ئێدوارد سەعید، نوام چۆمسکی و هادی ئەلعەلەوییە. تکایە با ئەوانەی ستوونەجنێو دەنووسن، خۆیان لێ نەبێت بە ڕەخنەگر، ئاخر هیچ کام لەوانە، شایانی ئەوەیش نین، پێیان بگوترێت، هەواڵنووس، با سەرنووسەریش بن.

دەسەڵاتداری نادیموکرات کە زەندەقی لە ڕەخنە چووە، هانا بۆ کڕینی

توانای، یان بڕینی زمانی ڕەخنەگر دەبات، وەلێ ڕەخنەگر نە لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماردا بە چۆکدا دێت و نە بۆ پلە و پایە دەنووشتێتەوە. دەسەلاتداری ستەمکار ئەوانە بە ڕووناکبیر دەزانێت کە بە بالایدا هەلدەلێن، یان لە ئاستی ستەمکارییەکانیدا بێدەنگ دەبن. خۆ بە (ڕووناکبیر)زانی سەر بە دەسەلاتی ستەمکار، جەماوەرێکی خۆش دەوێت کە تەنیا چەپلەی بۆ لێ بدەن، ڕکی لەو جەماوەرە دەبێتەوە کە دەیخەنە ژێر پرسیارەوە. خالێکی هاوبەش لە نێوان (ڕووناکبیر)ی سەر بە دەسەلاتداری ستەمکار و دەسەلاتداری ستەمکار خۆیدا، ئەوەیە: هەردوو لایان سەرقالی بە مێگەلکردنی جەماوەرن.

ڤۆلتیر (١٦٩٤ – ١٧٧٨) لەسەر ساتیرێک کە دژی میرێکی دەنووسێت، یازدە مانگی ژیانی لە زیندانی (باستیل)دا بەسەر دەبات. ڕەنگە ناودارترین ساتیرەڕۆمانی ڤۆلتیر، (کاندیده) بێت کە بە مانای (خۆشباوەڕ) دێت، تێیدا لە ڕێی (مشتومڕی تەوسئامێز)ەوە،(*) وەک ڕەخنەگرێکی بوێر، ئاوڕ لە نادادپەروەری و دووڕوویی دەداتەوە و فەلسەفەی گەشبینی کە لەو خۆشباوەڕییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەداتە بەر ڕێژنەی تەنزەڕەخنە.

ڕووی تیری ڕەخنەی ڤۆلتیر زیاتر لە کلێسا بوو، نەک لە ئایینی مەسیح، ئەو یەکەمین کەسێک بوو، دروشمی (بڕووخێ کلێسا)ی بلند کردەوە. مەبەستی لەوە، کۆتایی پێ هێنانی کاریگەریی کلێسا بوو لەسەر قوتابخانە. خەباتی ڤۆلتیر لەو بوارەدا، لە پێناوی بلاوکردنەوەی گیانی تۆلێرانسدا بوو، بەرانبەر هەموو تێگەییشتنە ئایینییەکان. بەناوبانگترین گوتەی ڤۆلتیر لە پێناوی چەسپاندنی تۆلێرانسدا، ئەوەیە کە دەلێت: (من با وەکوو تۆیش بیر نەکەمەوە، وەلێ ئامادەم لە پێناوی ئەوەدا تۆیش بیروڕای خۆت دەرببڕیت، خۆم بە کوشت بدەم.) گوتەیەکی ناوداری دیکەیشی هەیە کە تێیدا مەبەستی لە دەسەلاتدارانی کلێسا و کۆشکە کە بە تەوسەوە پێیان دەلێت: (ئەوان پیرۆزن، کەس مافی ئەوەی نییە خۆی لە قەرەیان بدات،) کە لای خۆمان دەبێتە، ئەوان قوللەی قافن و ئێمە مێشووله، وا باشترە بە گژیاندا نەچینەوە.

ڤۆڵتیر چونکە ڕەخنەی تەوساوی و توندی دەگرت، لای پیاوانی کڵێسا، میر و (خانەدان)ەکانی سەردەمی خۆی خۆشەویست نەبوو، هەر بە هۆی ئەو ڕەخنە زبرانەیشەوە، دووچاری هەڵاتن و ئاوارەیی دەبووەوە. ئەو سەروەختە ئەوە شتگەلی تازە بوو کە ئەو داوای ئازادیی بیروڕا دەربڕین و جیاکردنەوەی کڵێسای لە دەوڵەت دەکرد. ئەوێک کە دەیگوت: (هاوڕێکانم خۆش دەوێن، قینم لە دوژمنەکانم نییە،) ئەوێک کە بڕوای بە خودا پتەو بوو، کڵێسا بە زەندیقی لە قەڵەم دەدا.

ڕۆشنبیر کەسێکە وەک ژان ژاک ڕۆسو کە ڕێی بۆ شۆڕشی فەرەنسا تەخت و خۆش دەکات، یەکێکە وەک ژان پۆڵ سارتەر کە لە شەڕی نێوان جەزائیر و فەرەنسادا، لایەنی یەکەمیان دەگرێت، ڕۆشنبیر شاعیرێکە لە چەشنی ئەمەل دەنقەل کە لە ساڵانی شەست و حەفتادا لە میسر، خۆی بە تەنیا بە گژ بێدادیدا دەچێتەوە و گوتەکانی (سپارتاکۆس)ی وەبیر کۆیلەکان دەهێنێتەوە،(**) کەسێکە وەک ڤۆڵتیر، دەسەڵاتداران دەتوانن لە زیندانی توند بکەن، یان لە زێدی خۆی دووری بخەنەوە، وەلێ پێیان ناکرێت، مەلی وشەیەکی لە فڕین بخەن.

٢٠١٠/٩/٢١

پەراوێزەکان:

(*) نووسین بەو شێوەیە بە گەلێک لە زمانە ئەورووپاییەکان، وەک: ئینگلیزی، ئەڵمانی و سوێدی polemicی پێ دەڵێن.

(**) دوا وشەگەلی سپارتاکۆس، ناوی شیعرێکی ئەمەل دەنقەلە.

## نووسین و ئازادی

لە ڕوانگەی (کالڤینۆ)وە، بۆ ئەوەی نووسینمان بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت: لەشسووکی، خێرایی، وردبینی، ڕوونی و فرەلایەنی.[1] ڕەنگە مەبەستی لە لەشسووکی و خێرایی، هەر کورتبڕی بێت. وردبینی دەشێت خۆ لادان بێت لە غەفڵەت و بە ڕوونی نووسینیش، کاتێک دێتە ئاراوە کە خۆمان لە تەمومژی ناپێویست بپارێزین. نووسەر هەیە وشەکانی بە تەمومژ بارگاوی دەکات، هەیە وشەکانی وەک بێچووەمەلی تازەکی سەر لە هێلکە جووقاو، ڕووتوقووتن. فرەلایەنی بریتییە لەوەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی کێشەکان بدەین و ڕێ بۆ گەشەکردنی بیرورای جیاواز خۆش بکەین. ڕەنگە ئەمە جوانترین پەیامی ئەدەب بێت.

ماشیری پێی وایە، دەقی ئەدەبی، کارێکی تەواوکراوی داخراو نییە، وزەیەکە بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە، تێکستی ئەدەبی یان نییە، یان کە هەبوو، دەرگای بەسەر چەندان مانادا ئاواڵەیە و وەڵامی حازربەدەستی بۆ پرسیاری دێرین پێ نییە. ئەوانەی لە دەقی ئەدەبیدا بۆ وەڵامێکی کۆنی دیاریکراو دەگەڕێن، هەر لەو ئیسلامییانە دەچن کە هێشتا دیلی نێو ئەشکەوتی ڕابردوون و هەستێکمان لا بەجێ دەهێڵن، نیشتمان لە کنمان لە گۆڕستان بچێت. ئەرکی دەقی ئەدەبی ئەوە نییە، بمانگەیەنێت بە یەقینێکی جێگیر، ئەوەیە ئاسۆی گومانمان ڕووناکتر و بەرینتر بکات.

لە ئایاری ۲۰۰۲ دا، لە ڕاپرسییەکدا بۆ دیاریکردنی دە شاکاری ئەدەبی، بە درێژایی ئەو مێژووەی دەکەوێتە نێوان (هۆمیرۆس و تۆلستۆی)یەوە، کە گەورەنووسەرانی وەک میلان کوندێرا، کارلۆس فۆینتس، نادین گۆردیمێر و سەلمان ڕوشدی بەشدارییان تێدا کردبوو، دۆن کیخۆتە، ساتیرەڕۆمانەکەی

سێرڤانتێس (١٥٤٧ – ١٦١٦) له شاکارەکانی شەکسپیریش دەنگی زیاتر هێنا. له ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٠٥ دا، سەرکۆماری ڤێنزوێلا بڕیاری دا، یەک میلیۆن له دۆن کیخۆتەی سێرڤانتێس چاپ بکرێت و به خۆڕایی ببەخشرێتەوە. ٢٣ ی ئەپریل کە ڕۆژی کتێبە، ڕۆژی کۆچی دوایی سێرڤانتێسە. دۆن کیخۆته کە لەسەر ئاستی هەموو زمانەکانی دنیا، جوانترین دەقی ئەدەبییە، له چوار سەدەی ڕابردوودا، له ئینجیل زیاتر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم ڕاوەڕێوییەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێم: ئەدەبی گاڵتەجاڕی کە منیش لەو بوارەدا هەندێک ئیشم کردووە، باڵاترین جۆری ئەدەبە و ئەگەر کەسانی بێتوانا خۆیان لەو بوارەدا تاقی بکەنەوە، ئەوا لەبری ئەوەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسن، خۆیان دەبن بە مایەی گاڵتەجاڕی.

(دنیا کتێبێکە، چاوەڕێی کەسێک دەکات، بیخوێنێتەوە، لێکی بداتەوە، کۆدەکانی شی بکاتەوە و مەتەڵەکانی هەڵبهێنێت.) دیکارت چونکە ئەو کتێبەی بە وردی خوێندەوە، ئەوە بۆیە لەسەر ئاستی دنیا، دابڕانێکی لە مێژووی فیکردا هێنایە ئاراوە. زۆر قینم لەو ڕستانەیە کە بە (بێ گومان) دەست پێ دەکەن، ئاخر لە دیکارتەوە فێربووم، هەموو شتێک بخەمە ژێر پرسیار و گومانەوە. نووسەری داهێنەر ڕێسا دێرینەکانی نووسین ڕەچاو ناکات، هاوزەمان لەگەڵ نووسیندا ڕێسای تازەی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و بەردەوام خوێنەر دووچاری شۆک دەکات. نووسەر ئەگەر عەودالّی داهێنان بێت، نابێت وابەستە یان پاشکۆ بێت، پێویستە ئازاد بێت، ئازادیی بە مانای خەوبینین بە داهێنانەوە. خەون با لەگەڵ عەقڵانیبووندا ناکۆکیش بێت، ئەو ڕێگەیەیە کە نووسەر ناچارە بیگرێتە بەر، ئاخر لە نێوان مێرگی پاراوی سۆز و دەشتی وشکوبرینگی عەقڵدا، داهێنەر یەکەمیان هەڵدەبژێرێت.

ئەهلی کتێب، بە مانای جوولەکە و گاور دێت، ئەهلی قەڵەم بە مانای نووسەر و شاعیر دێت. یەکەمین پەیڤ کە خودا بە جوبرەئیلدا بۆ پەیامبەری هەنارد، وشەی بخوێنە (إقرأ) بوو، پازدەهەمین وشەی یەکەمین سوورەتیش، قەڵەم بوو، (الذي علم بالقلم.) مەرج نییە هەموو وشەیەک شیاوی خوێندنەوە

بێت، مەرج نییە هەموو وشەیەکی جوان بوێر بێت، وەلێ هەموو وشەیەکی بوێر، هەم شیاوی خوێندنەوەیە و هەم جوانیشە. دەسەلاتدارانی نادیموکرات، لە وشەی جوانی بوێر دەترسن، نەک لە وشەی دزێوی بێشەرم. شمشێریش وەک دراو، شتێکی کاتەکییە، ئەوەی بە نەمریی دەمێنێتەوە، پەیڤی جوانە، ئەوە بۆیە ئەوانەی خاوەنی شمشێر و دراون، زەندەقیان لەو خاوەنقەڵەمانە چووە کە وشەی بوێر دەنووسن. گرنگ ئەوە نییە چی دەنووسین، ئەوە گرنگە چۆنی دەنووسین. ئەگەر ئەهلی قەڵەم بین، دەتوانین بە تازەترین شێوە، باسی کۆنترین بابەت بکەین. بابەت گرنگ نییە، ئەوە گرنگە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. (هەنگ و مێرووله هەردووکیان دزی دەکەن، ئەمیان شیلەی گوڵ دەدزێت و دەیکات بە هەنگوین، ئەویان بە دزینی گەنم زەرەر لەم و لەو دەدات.)(٢)

(ماو) گرێی (لۆلیتا)ی هەبوو، پێی خۆش بوو هەمیشە بە لەشکرێک لە کیژی جەحێڵ ئابڵووقە درابێت، گرێی من ئەوەیە، پێم خۆشە هەمیشە وشەی جوان لە سەروەختی سەمادا ببینم. نووسین لە کن من سەمایە، کە هونەرمەندانە دەرەقسم زادەی ئەوەیە، وشەکانم بێجگە لە سانسۆری ویژدانی خۆم، نە هیچ پێوەندێک لاقی بەستوون، نە دەست بە زنجیرن، نە کۆت لە گەردن. نووسین نهێنیی هەبوونی منە و ئازادانە دەنووسم، نە کۆیلەی ئەم دەسەلاتم، نە گوێڕایەڵی ئەو حیزب، نە دیلی بەرژەوەندیی تایبەتی، ئەوە بۆیە دەربڕینەکانم هێندە کاریگەر و سەرنجڕاکێشن، ئەوە بۆیە زمانم هێندە تیژە. جیاوازیی نێوان نووسەر و هەڵەوەڕ ئەوەیە، ئەمیان زمانی تیژە و ئەویان زمانی پیس.

سەرم لێ نەشێواوە، بەوپەڕی هۆشیارییەوە خەریکی ئەوەم، (ڕوومەتی زەوقی گشتی، بدەمە بەر زللەی نووسین.)(٣) منێک کە سەرچڵانە بۆ دەستەبژێر دەنووسم، چاوەڕێی ئەوەیشم بۆ تیری قسەی دزێوی عەوام، ببمە نیشانە و دەیان تاوانم کە هیچ یەکێکیانم نەکردووە، وەپاڵ بدرێت. من فیکرێکی دیاریکراوم پێ نییە، تا بە هۆی وشەوە بەرجەستەی بکەم، من تەنیا

پەیڤم پێیە و کانیاوی بیرم لە ناخی پەیڤەکانمەوە هەڵدەقوڵێت. بۆ ئەوەی داهێنەر بیت، پێویستە ئازاد بیت، بۆ ئەوەی ئازادیش بیت، پێویستە خۆت سەروەری خودی خۆت بیت. ئەوی کۆیلەی ئەم دەسەلآت یان ئەو حیزب، فلآن فیکر یان فیسار ئایین بێت، نە ئازادە و نە داهێنەر. جیاوازیی سەرەکیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەلآتداری ستەمکار ئەوەیە، ئەمیان خەو بە لەدایکبوونی نەوەیەکەوە دەبینێت کە بە هیچ هێزێک کەوی نەکرێت و ئەویان سەرقاڵی بە مێگەلکردنی خەڵکە.

ئەگەر لە مانای (ئایرۆنی)[٤] حاڵی نابیت، ئەگەر زاراوەی (گرۆتێسکەری)ت[٥] نەژنەفتووگە، ئەگەر نازانیت (پارادۆکس)[٦] چییە، ئەگەر هیچ ئاشنایەتییەکت لە گەڵ کۆمیدیای ڕەشدا نییە، ئەگەر دەرکی پێ ناکەیت، نووسەر لە کام جێدا، بە تەوسەوە دەپەیڤێت، نووسەر لە کوێدا شتێک دەڵێت و دروست مەبەستی پێچەوانەکەیەتی، نووسەر کەنگێ بە دەستی ئەنقەست، لە پێناوی مەبەستێکی جواندا شتەکان دەشێوێنێت، کەنگێ گریان لە پێکەنینەکانی دەچۆڕێت، ئەگەر نازانیت گەمەکردن لەگەڵ وشەدا بەری چ دارێکە، بیرورای خۆت لەسەر نووسینی بنووسی ئەم دێرانە مەخە ڕوو، ئەگەر نا، دەکەویتە نێو گۆمی غەفڵەتەوە. یەکێک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی کەسایەتیی کورد، قسەکردنە لەسەر بابەتێک کە هیچی لێ نازانێت، ئەوە نەنگی نییە، شارەزای ئەم یان ئەو بوار نەبین، نەنگی ئەوەیە، خۆ لە شتێک هەڵبقورتێنین کە بواری کاری ئێمە نەبێت.

کەس بێ خەوش نییە، منیش خاوەنی گەلێک خەوشم، تاقە خەوشێک کە نیمە، ترسنۆکییە، خاوەنی هەندێک لایەنی ڕووناکیشم، گەشترین لایەنی من، سڵنەکردنەوەیە لە گوتنی ڕاستی. وشەکانم بە دوو باڵ دەفڕن، باڵی بوێری و باڵی ڕاستگۆیی. وشەکانم ڕووی دەمیان لە مێگەل نییە، بۆ ئەوانە نانووسم کە بڕیاریان داوە تا مردن هەر کۆیلە بن و تەنیا ئەو کاتانە ناویان ببیسترێت کە بە گژ تریفەی وشەکانی مندا دێنەوە. بۆ ئەوانە نانووسم کە ئەم حیزب یان ئەو فیکر بە پیرۆز دەزانن. نووسینی من بۆ ئەوانەیە کە ئازادیی خودی خۆیان

بە لاوە پیرۆزە. منداڵ لە جەستەی دایکیدا دەخولقێت، نووسینی نووسەری هەقبێژیش لە ڕۆحیدا دروست دەبێت و ئەوەی گوێی پێ نەدات، گوشاری دەرەوەی خودی خۆیەتی. کە دەنووسم قەت مەبەستم ئەوە نییە، ئەم و ئەو بریندار بکەم، ئەگەر کەسێک بە نووسینی من بریندار ببێت، ئەوە هەڵەی من نییە، هی ئەوەیە، گوتنی ڕاستی، نزیکەی هەمیشە، برینداركەرە.

*

پەراوێزەکان:

(١) ممدوح عزام، القراءة و الحب ٢٥ يوليو ٢٠١٠ الشرق الأوسط.

(٢) حسين أحمد رسول، سرقات النمل و سرقات النحل، الشرق الأوسط ١٧ مايس ٢٠٠٥ لندن.

(٣) مایاکۆڤسکی.

(4) irony

(5) grotesquerie

(6) paradox

## جەهلی موقەدەس

(تا فیکرم بەهێزتر ببێت،
تا ڕووبەری بەرینتر لە دەڤەری مانا داگیر بکەم،
شەڕ لە دژم گەرمتر دەبێت.)
مەحەممەد ئارگون

شێخ مەحەممەد سەعید بۆتی کە مەم و زینی ئەحمەدی خانیی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، دیباچەکەی، چونکە باس باسی کوردایەتییە، فەرامۆش دەکات، ئەو زانا ئایینییە کە مامۆستای کۆلێژی شەریعەیشە لە زانکۆی دیمەشق، دەربارەی زنجیرەدرامای (ما ملکت أیمانکم) کە هالە دیاب نووسیویەتی، نەجدەت ئەنزوەر دەری هێناوە و ڕەمەزانی ڕابردوو نیشان درا، هەڵوێستێکی توند دەنوێنێت، هێندە توند تا ئاستی کافراندنی هەموو ئەوانەی لەو درامایەدا کاریان کردووە. بووتی دەڵێت: (چونکە ناوی دراماکە لە دەقێکی قورئانەوە وەرگیراوە، بۆیە ئەوە گاڵتەکردنە بە خودا، ئایینی خودا و هەموو موسڵمانان!) ئایا ئەوە پارادۆکس نییە، لە هەموو دنیای عەرەبدا، کوردێک، موسڵمانان لە دژی درامایەکی عەرەبی هان بدات؟

تەنیا لەبەر ئەوەی لێکدانەوەی من بۆ دەقێکی پیرۆز، جیاوازە لە لێکدانەوەی تۆ بۆ هەمان دەق، بێ یەکودوو بە زەندیق نێوزەدم دەکەیت، تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە تێڕوانینی من بۆ فلان کێشەی سیاسی، جیاوازە لە خوێندنەوەی تۆ بۆ هەمان کێشە، دەستبەجێ بە ناپاک لەقەڵەمم دەدەیت، لە هەردوو بارەکەدا، بە زەندیق یان بە ناپاک تۆمەتبارم بکەیت، ئەوە نیشانەیە، یان دروستتر بەڵگەیە بۆ ئەوەی، تۆ کەسێکی فەقیرفیکر و هەژارخەیاڵیت، کەسێکیت ڕێز لە

بیرورای جیاواز ناگریت و لەگەڵیدا هەڵناکەیت، گەردێک لە تۆلیرانس شک نابەیت و مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیت.

بە کافر نێوبردنم، تەنیا لەبەر ئەوەی وەک تۆ فیکر ناکەمەوە، تەواو وەک ئەوە وایە، بێ پەردە و تەمومژ، بە ڕاشکاوی پێم بڵێیت: (تۆ فیکر دەکەیتەوە، کەواتە تۆ کافریت.)[1] کە دیکارت گوتوویەتی: (من فیکر دەکەمەوە، کەواتە من هەم،) دەتوانین وەهای لێک بدەینەوە، تۆ ڕێ نادەیت، من فیکر بکەمەوە، کەواتە لێ ناگەڕێیت من هەبم. بۆیە دەتوانین بڵێین: زەوتکردنی ئازادیی بیرورا دەربڕین، کارێکی هێندە دڕندانەیە، تەواو وەک زەوتکردنی بوون و ژیان.

(هەبیت یان نەبیت، ئەوە مەسەلەکەیە.) ڕەنگە ئەوە بەناوبانگترین گوتەی شەکسپیر بێت، کە (موناجات)ێکە[2] لە ناخی (هاملێت)ەوە، هەڵدەقوڵێت، بایەخی ئەو گوتەیە، بەوەوە بەندە کە باس لە هەبوون یان نەبوونی ئینسان دەکات.

ڕەخنەگر، کەسێکە خاوەنی فیکرێکی قووڵی ڕەخنەیی کە زادەی ڕۆشنبیرییەکی فراوانە و ڕەخنەکانی نە بەرهەمی بڕیار یان هەڵوێستی پێشوەختن، نە بارگاوین بە شتی کەسەکی یان تایبەتی، نە گوشارێکی دەرەکییان لە پشتەوەیە و ئەگەر بەرەو ڕووی گوتارێکی توندوتیژیش ببێتەوە، هاوسەنگی و هێمنیی خۆی دەپارێزێت و کاردانەوەیەکی توندوتیژی نابێت. مەحەممەد ئارگون (١٩٢٨ – ٢٠١٠) یەکێک بوو لەو بیرمەندانەی، هەرچەندە هێرشێکی لەسەر بوو کە زەبروزەنگی لێ دەچۆڕا، وەلێ بە زمانێکی هێوری، بێلایەنی ئەکادیمیک سەرقاڵی هەڵکۆڵینی کەلەپووری ئیسلام بوو.

خەباتی فیکریی مەحەممەد ئارگون بۆ ئەوەبوو، جیاوازی لە نێوان موسڵمان و ئیسلامیدا بکەین و لەبەر ڕۆشناییی عەقڵێکی ڕەخنەگرانەدا خەریکی خوێندنەوەی کەلەپوور بین و دەرگامان بە ڕووی هەموو دیتنێکی ئینسانخوازدا بکەینەوە. ئەو پێی وابوو لێکدانەوەی قورئان لە سەردەمی پەیامبەردا، لە هیچ کام لەو لێکدانەوانە ناچێت کە دواتر بۆی کراوە. جێی

سەرنجە ئەو بزاوتانەی لە بازنەی ئیسلامدا خۆیان بە خاوەنفیکر دەزانی، لەبری ئەوەی بچن سوود لە فیکری ڕۆشنی مەحەممەد ئارگون وەربگرن، دەچوون سازشیان لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمکاردا دەکرد.

مەحەممەد ئارگون چونکە دەیزانی، چی دەخوازێت، چونکە دەیزانی بەرەو کام هەوار بەڕێوەیە، ئاسۆی فیکری تەواو ڕوون بوو، ئەو هەڵکۆڵینەی لە بواری فیکری ئیسلامدا دەستی پێ کرد، پشووی نەدا تا گەیاندییە قۆناغی دابڕانێکی ئەپستمۆلۆگیک. (بیرمەندە گەورەکان هەمیشە ئەوانەن کە دیواری بەردینی بۆچوونە جێگیر و زاڵەکانی سەردەمی خۆیان دەڕووخێنن، مەحەممەد ئارگونیش یەکێک بوو لەوانە.)[٣] ئەو دژی لە یەکدی جوداکردنەوەی کولتوورەکان بوو، نەیدەویست خەڵکانی سەر بەم کولتوور، وەک شتێکی سەیر، سەرنجی کولتووری خەڵکانی دیکە بدەن.

ئارگون لە خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامدا، تێکستە ئایینییەکانی بەو زەمانەوە دەبەستەوە کە تێیدا نووسراون. ئەو وای بۆ دەچوو ئەوە فەندەمەنتالیستەکانن کە پێ لەسەر یەکیەتیی سیاسەت و ئایین دادەگرن و لێ ناگەڕێن لێک جیا بکرێنەوە و هەر یەکەیان لە جێی شیاوی خۆیدا دابنرێت. ئارگون دەیگوت: (هەواری ڕۆح، جێگەی ئایینە و ئەوە سووک سەرنجدانی ئایینە، ئەگەر لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکرێتە ئامێر و بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بخرێتە گەڕ.)[٤] ئەو چونکە بە تێڕوانینێکی هاوچەرخ و نوێوە، سەرنجی دەقی قورئانی دەدا، بۆیە هەمیشە بۆ تیری هێرشی ئیسلامییە توندڕۆکان، ئەوانەی کارگەیەکن جەهل و زەبروزەنگ بەرهەم دەهێنن، دەبووە نیشانە.

لە ڕوانگەی (هاشم ساڵح)ەوە، ئارگون یەکەمین توێژەرەوەی موسڵمانە بە گیانێکی زانستییانەی نوێوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر مێژووی درێژی ئیسلام کردبێت، لێکۆڵینەوە بە گوێرەی پێڕەوێکی تایبەت، بە کەرەسەی مەعریفی و بە تێرمی دیاریکراو. ڕەنگە ناودارترین کتێبی ئارگون، (بەرەو هەڵسەنگاندنی عەقڵی ئیسلامی) بێت، تێیدا بە ناخی کۆمەڵگەیەکدا ڕۆ دەچێت (کە دووڕوویی

بەرهەم دەهێنێت و تاک وا ڕادەهێنێت، ئەوە بڵێت کە بیری لێ ناکاتەوە و ناوێرێت ئەوە بدرکێنێت کە بیری لێ دەکاتەوە.)[٥]

ئارگون لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلام، سوودی لە دەستکەوتەکانی مۆدێرنێتە وەردەگرت، بایەخی بە ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەدا و ئەو باسانەی دەورووژاند کە بێدەنگییان لێ کرابوو. ئەو دەیخواست مێژوو لە ئەفسانە جیا بکاتەوە، جێ بەو تێزە لەق بکات کە پێی وایە تەنیا یەک ڕاستی هەیە و لە کن وی زمانی عەرەبی لە زمانەکانی دیکە پیرۆزتر نەبوو. ئارگون تۆزی سەر ئەو باسانەی تەکاند کە وەختی خۆی موعتەزیلە[*] ورووژاندبوویان، بە تایبەتی مەسەلەکانی وەک سرووش، ئەفراندنی قورئان و پێوەندیی قورئان بە دیرۆکەوە.

خەمی گەورەی ئارگون ئەوەبوو، شتە جێگیرەکان، ئەو مەسەلانەی قسەیان لەسەر نەدەکرا، ببزوێنێت و دەست بۆ هەندێک کێشە ببات کە دەستیان بۆ نەبراوە و ئەو قۆناغانە جێ بهێڵێت کە ئیسلامناسی پێی گەیشتووە و شتگەلی تازە بڵێت. لە ڕوانگەی ئارگونەوە، ئایین و قورئان دوو دیاردەی جیاواز بوون، یەکەمیان هەم لە دووەمیان دێرینتر بوو، هەمیش بارگاوی بوو بە ئێدۆلۆگیا و سیاسەت. ئەوە لە کن ئارگون ئارسۆدۆکسی ئیسلامی بوو کە بنەڕەتەکانی فیقهی شافیعی، بناغەی عەقڵی ئیسلامی پێک دەهێنن، تا هەنووکەیش هەر ئیشیان پێ دەکرێت و دەرگا بە ڕووی لێکدانەوەی نوێدا دادەخەن.

ئارگون پێی وابوو، ئەوە بەراوەژوو کەڵک لە ئایین وەرگرتنە کە دەقەکان لە قازانجی ئەم یان ئەو دەسەڵات لێک بدرێنەوە. لە کن ئەو ڕێزگرتن لە جیاوازی، ویستێکە خودایی و پێوەندیی بە ئارەزووی ئینسانەوە نییە و بڕوای بەوە هەبوو: (بیروڕای ئێمە با بە ڕاستیشی بزانین، ئەگەری ئەوە هەیە هەڵەی تێدا بێت، بیروڕای ئەوانی دیکە، با لە هەڵەیش بچێت، ڕەنگە ڕاستی تێدا بێت.)[٦]

ئارگون ڕەخنەی لە عەقڵی گوتراو نەدەگرت، عەقڵی نووسراوی دەهەژاند،

هەرچەندە ڕووی دەمی زۆربەی ڕەخنەکانی لە ڕابردوو بوو، وەلێ گوتاری ئیسلامیی هاوچەرخیشی فەرامۆش نەدەکرد. ئەو وای بۆ دەچوو، مودێرنێتە شتێک نییە تایبەت بە خۆرئاوا، بەڵکوو ڕەگوڕیشەی بە مێژوودا ڕۆ چووە و قورئان لە سەروەختی سەرهەڵدانیدا، لوتکەی تازەکاری بووە. ئەوەیش هەر تازەکاری بووە کە جاحیز و ئیبن ڕوشد توانییان کولتووری بێگانە لەگەڵ ژینگەی ئیسلامدا بسازێنن.

ئارگون کە دێتە سەر باسی سێکوچکەی عەقڵ، کۆمەڵگە و دەسەڵات، هەوڵ دەدات جیاوازییەکانی نێوان: ئیمام، خەلیفە و سوڵتان دەستنیشان بکات و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە هەمیشە خەلافەت یان دەسەڵات لە ئیسلامدا، لەبری ڕێگەی ڕەوا، هەر بە ڕێگەی خوێنین یەکلایی کراوەتەوە. ئارگون بڕوای بە ململانێی نێوان لێکدانەوە جیاوازەکان هەبوو، لە ڕێی خوێندنەوەی عەقڵانیی ڕەخنەگرانەوە، سەرقاڵی گەڕان بوو بە دوای دۆزینەوەی مانای نوێدا، ئاخر دژی مۆمیاکردنی مانا بوو. ئارگون وای بۆ دەچوو، ئەوە هەڵەی ئیسلامییە توندڕۆکانە کە زەبروزەنگ باڵی بەسەر دنیای ئیسلامدا کێشاوە. ئەو پێی وابوو: فەرامۆشکردنی واقیع و خوێندنەوەی داخراو بۆ دەقی پیرۆز، توندوتیژی و کافراندنی ئەوی دی بەرهەم دەهێنن و ئەو جۆرە لێکدانەوە وشکانەی ناو نابوو: خوێندنەوەی کێوی.[٧]

کە بەرەی ئیسلامی بۆ ڕزگاری لە هەڵبژاردنەکەی جەزائیری ١٩٩١دا، زۆرینەی بە دەست هێنا و لەشکر نەیهێشت ئیسلامییەکان دەسەڵات بگرنە دەست، ئارگۆن هەرچەندە دژی پێکەوە گرێدانی ئایین و دەسەڵات بوو، وەلێ هەر لایەنی دیمۆکراسی گرت و ئەو هەڵوێستەی سوپای سەرکۆنە کرد. دیکارت ڕۆڵێکی گرنگی لەو بوارەدا وازی کرد کە کریستیانەکانی ئەورووپا، خۆیان لە دۆگمای ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار بکەن، ئارگون خەوی بەوە دەبینی لە دنیای ئیسلامدا هەمان ڕۆڵ ببینێت و بە شێوەیەکی عەقڵانی، ئیسلام زیندوو ڕابگرێت، ئیسلامێک کە لە حاڵەتی شەڕدا نەبێت، جاڕی ئاشتی بدات، ئیسلامێک پشت بکاتە زەبروزەنگ و ئامێز بۆ دیالۆگ بکاتەوە.

ئایین لای ئارگون، هەر دەقی پیرۆز نەبوو، بەڵکوو هەڵسوکەوت و دیرۆک و لێکدانەوەی جیاوازیش بوو، ئەو دەیگوت، ئەوانەی لێکدانەوەیان بۆ دەق کردووە، وەک شتێکی بێ گیان سەرنجیان داوە و (أفلا تتدبرون؟) و (أفلا تفقهون؟)یان فەرامۆش کردووە. وەک چۆن میشیل فۆکۆ لە ڕێی خوێندنەوەی مێژووی شێتی و سێکسەوە، فیکرێکی نوێی بەرهەم هێنا، ئارگونیش بە هۆی لێکدانەوەی کەلەپووری ئیسلامەوە، فیکرێکی تازەی هێنایە گۆڕێ و دەرگای ئەو شتانەی بە ڕووی عەقڵی عەرەبیدا کردەوە کە پێشتر بیریان لێ نەکرابووەوە.

لە ڕوانگەی ئارگونەوە، ئەو فرەمەزهەبییەی کە لە قۆناغەکانی پێشووی ئیسلامدا هەبووە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئیسلام لە ڕابردوویدا، بڕوای بە فرەلایەنی و جیاوازی هەبووە. ئارگون پێی وابوو، ئەوە دەسەڵاتدارانن لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا ئایینەکە دەشێوێنن، ئەگەر نا، ئەو ئازادیی ویژدانەی لە دیرۆکی ئیسلامدا هەبووە، هێندە لە سیکۆلاریزمەوە دوور نییە. ئەو دەیخواست تاکی موسڵمان، تاکێک بێت، ئازاد نەک ماڵی، تاکێک لێکدانەوەی نوێی بۆ دنیا هەبێت.[٨]

هاشم ساڵح کە قوتابیی ئارگون بووە و سێزدە کتێبی ئەوی کردووە بە عەرەبی، دەربارەی مامۆستاکەی دەڵێت: (ڕەنگە ئارگون یەکەمین کەس بووبێت، زاتی ئەوەی کردبێت، لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییانەی بەرین و نوێوە، سرووشی قورئانی بە وەحیی تەورات و ئینجیلەوە گرێ بدات و باسی لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەو سێ ئایینە ئاسمانییەی بکات. ئەوە هەر ئەویش بوو، پێوەندییەکانی نێوان ئایینە ئاسمانی و زەوینییەکانی بەسەر کردەوە و لەبەر ڕۆشنایی، تەورات و قورئان و داستانی گەلگامیشدا، خوێندنەوەی بۆ تۆفانی نووحیش کرد. وێڕای ئەوانە، ئارگون لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییانەی لە نێوان ئایینە یەکتاپەرستەکان و فەلسەفەی یۆنانیشدا کرد و زمانی شیعریی ئاخاوتەی ئەو سێ ئایینە و زمانی لۆگیکئامێزی ئاخاوتەی فەلسەفەی یۆنانیشی دایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. وەک چۆن زانا

ئەورووپاییەکان بە مێتۆدی ڕەخنەگرانەی مێژوویی، خوێندنەوەیان بۆ تەورات و ئینجیل کردبوو، ئارگونیش بە هەمان مێتۆد، قورئانی پیرۆزی خوێندەوە.)(٩)

ئەدونیس لە ئارگون دەپرسێت: (ئاخۆ دەکرێت بە هەمان ئەو فیکرەی خوڵقێنەری ئەم هەلومەرجەیە، ڕیفۆرم لە هەلومەرجەکەدا بکەین؟) جۆرج تەرابیشی(**) دەڵێت: (خەونی هەرەگەورەی ئارگون، نوێکردنەوەی فیکری عەرەبی بوو، بە تایبەتی فیکری ئایینی. پێی وابوو ئەگەر ڕەهەندە ڕۆحییەکەی ئیسلام بەسەر ڕەهەندە سیاسییەکەیدا سەر بکەوێت، ئیسلامیش بەرەو مۆدێرنێتە بە ڕێ دەکەوێت.)

٢٠١٠/١٠/٥

پەراوێزەکان:

(١) ناونیشانی کتێبێکی (سەلوا ئەللەوبانی)یە.

(٢) ڕەنگە جیاوازیی بنەڕەتیی لە نێوان موناجات و مۆنۆلۆگدا، ئەوە بێت، لەمیاندا کارەکتەرەکە غەیری خۆی هەست بە هەبوونی کەسی دیکە ناکات و لەویاندا هەست بە هەبوونی خوێنەر یان گوێگر دەکات.

(٣) هاشم صالح، أركون و اللقاءات الأولى، الشرق الأوسط ١٩ سبتمبر ٢٠١٠ لندن.

(٤) خالد غزال، العقل الديني يتشكل في التأريخ، النهار ١٧ أيلول ٢٠١٠ بيروت.

(٥) هاشم صالح، مدخل إلى فكر محمد أركون، نحو أركيولوجيا للفكر الإسلامي، منهجيات علوم الإنسان والمجتمع و مصطلحات مطبقة على دراسة الإسلام ١٦/ ١٠/ ٢٠٠٧ المصدر:

h.moc.gov.sy/index.php?d=51&id=268

(٦) سلوى اللوباني، يوم مواجهة الأفكار بالأفكار ٢٦ سبتمبر إيلاف.

(٧) عبدالمجيد خليقي، قراءة النص الديني عند المفكر محمد أركون، ١٧ أيلول ٢٠١٠ المستقبل.

(٨) عباس بيضون، نهاية الفكر الإصلاحي ١٦ أيلول ٢٠١٠ السفير.

(٩) هاشم صالح، اركون المصلح الأكبر للإسلام في عصرنا الراهن ١٦ أيلول ٢٠١٠ السفير.

(*) كرۆكی لێكدانەوەی موعتەزیلە (كە ڕێبازێكی فیكری بوو، لە كۆتاییيەكانی سەردەمی ئەمەوییەكاندا لە (بەسرە)وە سەری هەڵدا و لە سەرەتای سەردەمی عەبباسییەكاندا گەشەی كرد،) لەوەدا چڕ دەبووەوە كە داوای دادی كۆمەڵایەتییان دەكرد و عەقڵ لە كنیان لە نەقڵ بەبایەختر بوو. موعتەزیلە بەوە دەستی پێ كرد كە (واسڵ)ی كوڕی عەتاء لە كۆڕی (ئەلحەسەنی بەسری) كە شێخی بوو، دوور خرایەوە. كە جابیری، ئەبو زەید و ئارگون یەك لە دوای یەك كۆچی دواییان كرد، یاسین تەملالی گوتی: مەرگ موعتەزیلەكانی سەدەی بیستەمی بەزاند. (الأخبار ١٦ أيلول ٢٠١٠)

(**) جۆرج تەرابیشی: دەخوازم بە سەرپەرشتیی تۆ تێزێكی دۆكتۆرا پێشكەش بە سۆربۆن بكەم.

ئارگون: باشە تۆ پاش نووسینی ئەو هەموو كتێبە، چ پێویستییەكت بە دۆكتۆرا هەیە؟ بۆ ئەوەی لە پێش ناوەكەتەوە دال و نوقتە دابنێیت؟ من كە سەرپەرشتی چەندان تێزی دۆكتۆرام كردووە، قەت دال و نوقتەم لەپێش ناوی خۆمەوە نەنووسیوە. (الحياة ١٦ أيلول ٢٠١٠)

## قەسر و قەبر

لە خۆرئاوا لەمێژە خەڵک، دەستبەرداری بەهەشتی ئەو دنیا بوون و بیر لەو بەختەوەرییە دەکەنەوە کە دەشێت لەم دنیا بە دەستی بهێنن. بنیامین فرانکلین دەڵێت: لوتکەی خواپەرستی ئەوەیە، کارەیلی وەها بکەین، خەڵکی ئەم دنیایە خۆشی و چێژی لێ ببین، ئەگەر لەم دنیا لە پێناوی بەختەوەریی ئینساندا ئیش نەکەین، زەحمەتە خودا لەو دنیا لێمان خۆش ببێت. لە ڕوانگەی (هاشم ساڵح)ەوە، جیاوازیی نێوان ئینسانی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست و ئینسانی سەروەختی ڕۆشنگەریی ئەوەیە، یەکەمیان سووک سەیری ژیانی ئەم دنیایەی دەکرد و تەنیا ژیانی ئەو دنیای بە لاوە گرنگ بوو، بەڵام دووەمیان بایەخی بە ژیان و خۆشییەکانی ئەم دنیا دەدا و ئەم دنیای واقیعەی بە کاتەکی و پووچ نەدەزانی.

عەلمانییەکان ئینسان بۆ ئەوە هان دەدەن، لەم دنیا لە پێناوی قەسرێکی ڕۆشندا خەبات بکات، وەلێ ئەوەی بە لای ئیسلامیی توندڕۆوە گرنگە، قەبرێکی پڕ لە نوورە. لای سیکولاریستەکان، (مانەوە، بەقاء) گرنگە، لای ئیسلامیی توندڕۆ (لەناوچوون، فەناء) جێی بایەخە، ئەوە بۆیە پیاوانی ئایینی توندڕۆ، جەستە بە لایانەوە هیچە، ڕۆح لە کنیان گرنگە. لای سیکولاریستەکان، سەرمایەی ئینسان، ژیانە و ژیان لە سەنتەردایە، لە کن ئیسلامییانی توندڕۆ، مەرگ دەکەوێتە سەنتەرەوە. لە کاتێکدا عەلمانییەکان، هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئینسان بێ ترس و بە دڵنیایی بژی، ئیسلامییانی توندڕۆ بەردەوام بە ئەشکەنجەی قەبر و بە ئاگری دۆزەخ ئینسان دەتۆقێنن.

نە عەلمانی، کەسێکی مولحیدە، نە عەلمانیبوون، دژایەتیکردنی ئایینە. وەک چۆن هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، سیستەمی خۆی هەیە، ئایینیش خاوەنی

سیستەمی تایبەت بە خۆیەتی، عەلمانیبوون جیاکردنەوەی ئەو دوو سیستەمەیە لە یەکدی کە بە زیانی ئیسلامییانی توندڕۆ، وەلێ بە قازانجی هەردوو سیستەمەکە (سیاسی و ئایینی) دەکەوێتەوە.

ئیسلامیی توندڕۆ پەلاماری ژیان دەدات، دنیا ڕەت دەکاتەوە، وەک زەندیق بۆ موسڵمانی نائیسلامی دەڕوانێت و سووک سەرنجی خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی دیکە دەدا. ئیسلامیی توندڕۆ، ئەوی تا هەنووکەیش بڕوای بە جیهاد هەیە و خۆی پێ موجاهیدە، تەنیا قینی لەوی دیکە نییە، ڕقی لە ژیان، لە سەردەمەکە، لە کۆمەڵگە و لە دنیایە. ئیسلامیی توندڕۆ تەنانەت ڕقی لە خودی خۆیشی دەبێتەوە، ئەوە نییە شەیدای ڕەنگی ڕەشە و تەنانەت خزمەتی ریشی خۆیشی ناکات! موجاهید هێندە ڕقی لە خۆیەتی، ئامادەیە خۆی بتەقێنیتەوە! بۆیە دەبێت لە کن مە ئاسایی بێت کە بڕوای بە جیاوازی و ئازادی نەبێت، وەک دەخوازێت، دەست وەر بداتە ژیانی کەسانی دیکەوە و زۆر بە ئاسانی هانا بۆ نواندنی زەبروزەنگ ببات.

(ژنیش کە مەخلوقێکە لە نێوان فریشتە و ئینساندا و نزیکترین زیندەوەرە لە کەماڵەوە،)[1] دەکەوێتە بەر بەرقی غەزەبی موجاهید. تا پیاوانی توندڕۆی ئایین، زێتر کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکەن، ژیان لە ژنان تاڵتر دەبێت، ژنان زێتر دووچاری پەلاماری پیاوان دەبنەوە و سووکایەتییان زێتر پێ دەکرێت. لەو شارانەدا کە ئیسلامیی سیاسی جێپێی پتەوە، زۆرترین ژن دووچاری تەنگ پێ هەڵچنین، توندوتیژی، ئەتککردن و کوشتن دەبنەوە.

جیاوازییەکی سەرەکیی نێوان کۆمەڵگەی دواکەوتوو لەگەڵ هی پێشکەوتوودا ئەوەیە، لە یەکەمیاندا، دەسەڵاتدار لە ڕۆشنبیر بەناوبانگترە و لە دووەمیاندا، کاریگەریی ڕۆشنبیر لە هی دەسەڵاتدار زیاترە. موجاهید، ڕقی زۆری لە ڕۆشنبیرە و ڕۆشنبیر بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێت و لە هەر کوێ دەستی ڕۆییشتبێت، دەستی لە ڕۆشنبیر وەشاندووە. پێوەندییەکی پتەو لە نێوان دەسەڵاتداری نادیموکرات و پیاوی ئایینیی کۆنپارێز و توندڕۆدا هەیە، هەردوو لایان بۆ پتەوکردنی هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا، سوود

له توانای یەکدی وەردەگرن و هەمیشە بە هانای یەکدییەوە دەچن. پیاوانی ئایینیی توندڕۆ چونکە هاوسەنگەری دەسەڵاتداری نادیموکراتن و لێی سوودمەندن، لە گوتار و قسەوباسیاندا، توخنی دیاردەی گەندەڵکاری ناکەون و دژی ناوەستنەوە.

(خودایە ئاوڕوویان ببە!
خودایە ڕیسواتریان بکە!
خودایە زەلیلتریان بکە!
خودایە لووتیان بشکێنە!
خودایە چی زووترە بیانفەوتێنە!
خودایە وا بکە، دەستیان بچێتە خوێنی یەکدی!
خودایە کەسێک بکە بە سەروەریان ئەشکەنجەیان بدات و برسییان بکات!)[٢]

ئەوانە (نزا و تکا)ی واعیزێکی عەرەبستانی سعوودن، لە دژی کەسانی موسڵمانی لیبرال و عەلمانی. بە ڕاست ئەوانە دوعان؟ یان جنێون؟ ئاخۆ ئایینی ئیسلام ڕێ بەوە دەدات، لە بڵندگۆی مزگەوتەوە، واعیزێک ئەو جنێوانە ئاراستەی کەسانێکی هاوئایینی خۆی بکات؟ ئاخۆ ئەگەر ئەو واعیزە جنێودەرە کە پێ ناچێت هێندەی گەردێک ئەوین لە دڵیدا هەبێت، دەستی بڕوات، ئەوانە قەلاچۆ ناکات کە بیروڕایان لە هی ئەو جیاوازە؟

هەرچەندە یەکێتی و پارتی لە ڕێکەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوانیاندا، پێ لەسەر جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دادەگرن، کەچی پۆستی وەزیری ئەوقاف بە کەسێک سپێردراوە کە دژی جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت![٣] بۆچی ئەوان پێش دەکەون و ئێمە نا؟ چونکە ئەوان ئایینیان لە دەوڵەت جیا کردووەتەوە و ئێمە نا، ئاخر جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، هەنگاوی یەکەمە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دژەمەرگی ژیاندۆست، کۆمەڵگەیەک لە گۆڕاندا و دەربازبوو لە زیندانی تەنگی ڕابردووی تاریک.

ئەوە بۆیە لە سەرەتاوە باسی ئەم دنیا و ئەو دنیام کرد، چونکە زۆر لەوانەی دژی سیکولاریزم دەوەستنەوە، پێیان وایە سیکولاریزم بە واتای عیلمانییەت دێت و لە عیلمەوە هاتووە، وەلێ ڕاستییەکەی عەلمانییەتە، لە (عالەم)ەوە هاتووە و مەبەست لێی، وێڕای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بایەخدانیشە بە کاروباری دنیا. چونکە ڕووی دەمی ئایین لەوانەیە کە بڕوایان بە غەیب و موعجیزە هەیە، ئیسلامی توندڕۆ بە پاساوی ئەوەی زانست لەگەڵ ئەفسانەدا ناکۆکە، سیکولاریزم دەبەنەوە بۆ لای عیلمی کافران و بەو بیانووەوە سەنگەری لێ دەگرن.

یەکێک لەوانەی بە هەڵە تێی نەگەیشتووە و بە هۆشیارییەوە سەرقاڵی فریودانی عەوامە، (مەلاعەلی باپیر)ی ئەمیری کۆمەڵە، ئەوەتا شتێکی وەها دەڵێت: (ئەوی بچێتە ناو حیزبێکی عەلمانییەوە، زانا نییە، کۆلکەمەلایە، مەلا دەبێت ئیسلام بەرنامەی ژیانی بێت.)[٤] بە مەرجێک سیکولاریزم تاک ئازاد دەکات، وابەستەی کام ئایین دەبێت و لێ ناگەڕێت، کەس بە تۆپزی ئایینێک بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت. عەلمانیبوون، ئایین بە گشتی، نەک تەنیا ئایینی ئیسلام، دەباتەوە بۆ شوێنە شیاوەکەی خۆی، بۆ خانەی پێوەندیی ئازادی نێوان تاک و خودا. وەک چۆن دەشێت، زانایانی ئایینی، سەر بە حیزبێکی سیکولاریست بن، ئەوەیش هەر ئاساییە، زانایانی بوارەکانی سروشت، موسڵمانی ڕاستەقینە بن. موسڵمانبوون پردێکە لە نێوان تاک و خودادا، هیچ پێوەندییەکی بە وابەستەیی حیزبییەوە نییە. ئەگەر بە دەستپاکییەوە، سیکولاریزم بکەینە کوردی، دەبێتە دنیایی، دنیاییبوون بەو مانایەی کاروباری دنیا لە هی دین جیا بکەینەوە، نە زانکۆ دەست بخاتە ئیشوکاری مزگەوتەوە، نە مزگەوت، پرۆگرامی زانکۆ دەستنیشان بکات، هەردوو لایان لە بواری کاری خۆیاندا تەواو ئازاد بن.

مەلاعەلی باپیر بڕوای بەو ئازادییە نییە و دەست لە کارێک وەردەدا کە ئیشی ئەو نییە. تێکستی سرودی ئەی ڕەقیب، دەقێکی ئایینی نییە، دەقێکی ئەدەبییە، بۆیە شیکردنەوەی ئەو دەقە، ئیشی ڕەخنەگرێکی ئەدەبییە، نەک

مەلایەک با میری گرووپێکی ئیسلامییش بێت. مەلاعەلی باپیر دەبێژێت: (دینمانە ئایینمان هەر نیشتمان، کوفرە و شەرعییەتدانە بەوەی، غەیری خوا، شتێکی دیکەیش بپەرستین، بۆیە من لەبەر سروودی ئەی ڕەقیب هەڵنەستامەوە.)[٥] بە ڕای من، کێشەکە دوورونزیک پێوەندیی بەوەوە نییە، پێوەندیی بەوەوە هەیە، مەلای ناوبراو پێش ئەوەی کوردستانی بێت، ئیسلامییە، با کەس ئیسلامیبوون لەگەڵ موسڵمانبووندا تێکەڵ نەکات، کە یەکەمیان کەمینەیەکی خەڵکی ئەم وڵاتەیە و دووەمیان زۆربەی زۆری هاووڵاتییانی کوردستانن. دەشێت ئیسلامییەک لە جێیەکی دیکەی دنیا، لە پێناوی نیشتماندا خەباتی کردبێت و تەنانەت خۆیشی بە کوشت دابێت، وەلێ پێم شک نایەت، ئیسلامییەکی کن خۆمان، لە ڕێی کوردستاندا، دڵۆپێک خوێنی بەخشیبێت.

نالی بە داوەشەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە.

چونکە دەقی ئەدەبی زێتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت، (دینمانە ئایینمان هەر نیشتمان) لە ڕوانگەی منەوە، هاوبەش بۆ خودا دۆزینەوە نییە، لوتکەی بڕوا بە خودا هێنانە، ئاخر هەر (حب الوطن من الإیمان)ە. ناڵێم مەلاعەلی باپیر هیچ دەربارەی جیناسی موحەڕڕەف، تەشبیهی مورەککەب، لەففونەشری مورەتتەب یان هی موشەووەش نازانێت، کێشەکە ئەوەیە، بە وریاییەوە خۆی لە ڕەوانبێژیی شیعر نەبان دەکات. نە ئایین نیشتمانە و نە نیشتمان ئایین، لە (دینمانە ئایینمان، هەر نیشتمان)دا، لێکچوواندن هەیە کە ڕەگەزێکی گرنگی شیعری دێرینە. وەک چۆن مەمک دەشوبهێنرێت بە بەی و کوڵم بە پەڕەی گوڵ، ئاوا نیشتمانیش شوبهێنراوە بە ئایین و لێکچوواندنێکی هەتا بڵێیت شاعیرانەیشە. ئەوە نەک هەر سووک سەرنجدانی ئایین نییە، بەڵکوو لوتکەی ڕێزلێنانە لە ئایین و بەو مانایە دێت، وەک چۆن لەژێر هیچ گوشارێکدا دەست لە ئایینی خۆمان هەڵناگرین، هەر وایش لە هیچ هەلومەرجێکدا دەستبەرداری نیشتمان نابین. مەلاعەلی باپیر چونکە بڕوای

به جیاوازی نییه، چونکه هەر ڕەش و سپی دەبینێت و ئەوی وەک خۆی بیر نەکاتەوە بە کافری دەزانێت، ئەوە بۆیە (دینمانە ئاییمان، هەر نیشتمان) بە کوفر لێک دەداتەوە، بە مەرجێک دەیتوانی بڵێت، لەو دەربڕینە شیعرییەدا، موبالەغەیەکی ناهونەری، یان لێکچوواندنێکی نەگونجاو هەیە.

٢٠١٠/٧/١٣

پەراوێزەکان:

(١) بەلزاک.

(٢) راکان حبیب، واعظ لا یعرف الحب ٢٤/ ٠٦/ ٢٠١٠ إیلاف.

(٣) هەولێر ٢٣/ ٠٦/ ٢٠١٠ لاپەڕە پێنج.

(٤) لڤین، ژمارە١٣٢ ل١١ شەممە ١٠/ ٠٧/ ٢٠١٠ سلێمانی.

(٥) سەرچاوەی پێشوو.

(*) قەسر و قەبر: تەلار و گۆڕ.

(**) حب الوطن من الإیمان: خۆشویستنی نیشتمان لە بڕواهێنانەوە هەڵدەقوڵێت.

(***) پێنج ساڵ لەمەوبەر، لەو ڕۆژەدا کە سەرۆکی هەرێم بۆ خولی یەکەم، لە بەردەم پەرلەمانتارانی کوردستاندا، سوێندی یاسایی دەخوات و ئەی ڕەقیب لێ دەدرێت، هەموو ئامادەبووانی هۆڵەکە، بۆ ڕێزگرتن لە سرورودی نیشتمانیی کوردستان، بەرزەپێ هەڵدەستن، مەلاعەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵ نەبێت، کە لە جێی خۆی نابزوێت، کەچی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٠ کە وەک پەرلەمانتارێکی عێراق بۆ سوێندخواردنی یاسایی، لە بەغدا دەبێت، هەر کە (موطني موطني) لێ دەدرێت، بێ دوودڵی هەڵدەستێتە سەر پێ و تا سرورودی نیشتمانیی عێراق تەواو نەبێت، دانانیشێتەوە! وەختی خۆی، ئەم ساتیرەشیعرەم بەو بۆنەیەوە نووسی کە مامۆستای ناوبراو ڕێزی لە سرورودی ئەی ڕەقیب نەگرت.

**سڵاوێک لە عەتر و عەبیر**

*بۆ تۆ مەلاعەلی باپیر،*

هەر تۆمان هەبی بەسمانی
کاریزما و فەریادڕەسمانی،

ئێمە مێگەلین، تۆ شوانی
سایەی پیرۆزی یەزدانی،

گومڕاین، ڕێنیشاندەرمانی
خۆت عوسمان و عومەرمانی،

زاڵمین، خۆت زەواڵمانی
خۆت عەلی کیمیکاڵمانی،

بۆ پێشەوە
پێشمان کەوە،
تۆمان هەبی،
نە لە شەولەبان دەترسین،
نە لە شەوە،

ئێمە تۆمان خۆش گەرەکە
پێشمان کەوە، بۆ مەعرەکە،

ئارەزوومان لە جیهادە
یان سەرکەوتن، یان شەهادە. ١٦/ ٠٦/ ٢٠٠٥

*کاریزما: ڕێبەری پیرۆز.*
*فەریادڕەس: کەسێک کە بە هانامانەوە دێت.*
*سایە: سێبەر.*
*گومڕا: ئەوی ڕێی ڕاستی بزر کردبێت.*
*زەواڵ: نەمان، لەناوچوون.*
*کیمیکاڵ: کیمیاوی.*
*شەولەبان: باگردێن.*
*شەوە: جنۆکە، مۆتەکە.*
*مەعرەکە: شەڕ.*
*شەهادە: شەهیدبوون.*

## ئەو ئومییانەی نەخوێندەوار نین

١

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.(١)

دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک
چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!(٢)

شیعرێ گیانی تیابێ و بژی و ببزوێ،
زوبانی دڵ بزانێ و باش پێی بدوێ،
قوربان ڕاستت ئەوێ، من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ، کوجا مەرحەبا![٣]

لە شیعری نوێدا، گۆران وەک نموونە، خەمی گەورەی شاعیر ئەوەیە، توانای دەربڕین وەک پێویست بە هانایەوە نایەت و هەر چەند هەوڵ دەدات، نە لە توانایدا هەیە، ڕۆح بە بەر جەستەی خەیاڵ، لێکدانەوە و خولیاکانیدا بکات، نە پێی دەکرێت، قسەی دڵی بخاتە سەر زمانی شیعرەکانی.

بێتە حوجرەم، پارچەپارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح
هەر کەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟[٤]

له شــيـعــری دێرینـدا، نـالی وەک نـموونە، ئەوە کــارێکی ئاســایـی بووە، شـاعـیـرێک خـۆی بە بێـهـاوتا بزانێت و گـۆرانی بە بالآی شـیـعـری خـۆیدا هەڵبڵێت. وەک چۆن ئەوە ئاسایی بووە، شاعیرێک شیوەنەشیعرێک بۆ کۆچی ناوەختـی ناسیـاوێکی بهۆنێتەوە، تـەنانەت ئەوەیش هـەر ئاسایی بووە، شـاعیر سـتـایشـی ئەم پاشـا، یان ئەو مـیـر بکات، جـەواهیـری چونکە دوا شـاعیـری گەورەی شیعری سـتـوونییـە، زۆرن ئەوانەی، ئەوە بۆ ئەو بە ئاسـایی لە قـەڵەم دەدەن کە ستایشەشیعری بۆ ئەم سەرۆک یان ئەو پاشای عەرەب نووسیوە.

لە سـەروەخـتـێکدا کـە گـەڕان لە دووی قـازانجی تایبـەتی دەبێت بە ئامـانج، ڕەنگە ئەوەیش هـەر ئـاسایی بێت، شـاعیـر سـواری ئەسپی دوا شـەپۆلەشـیعر بووبێت، خـۆی بە شـاعـیـرێکی سـوپەرپۆسـتـمـۆدێرن بزانێت و بە پەخـشـان سـتـایشـی ئەم سەرۆک یان ئـەو دەسەڵاتدار بکات! شـاعیری دێرین، شـاعیری ئەم خێڵ یان ئەو تیرە بوو، شـاعیری نوێخواز لە شـەڕی نێوان دوو خێڵ یان دوو حـیـزبدا نـابێتـە تەرەف و بە ئـەوینێکی گـەش، بە گـژ ڕکوکـینەی کـوێردا دەچێـتـەوە و گـاندی ئاسـا بـە پشـتکردنە زەبروزەنگ، ڕووبـەڕووی کوشـتـوبڕ دەبێـتـەوە. ئەو شـاعـیـرەی ئەمـڕۆ سـتـایشـی فـلان سـەرکردە دەکـات، لای ئاسـاییـیـە، سبـەی هـەجووی بکات! ئەو شاعیرەی ئەمڕۆ فلان دەسـەڵاتدار بە مـاندێلا دەچوێنێت، هیچ دوور نـیـیـە، سـبـەی وەک هـیـتلەر وێنەی بـکێشـێت. هەمیشـە هـەر وابووە، بەهێزەکان هەڵەیان کردووە و بێـهێزەکان باجـەکـەیان داوە، بۆیە کە سـەرخێڵەکان لە کۆتاییدا ئاشتینامە مۆر دەکەن، ئەوی قامکی پەشیمانی دەگەزێت، شاعیری خێڵە.

سـتـایشـچی، ڕەنگە بتوانێت ئەکتـەرێکی باش بێت، بەڵام ڕووناکبیـر نییـە. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ستایشچی و ڕووناکبیر ئەوەیە، ئەمیان ژیانی دەسـەڵاتـی بە لاوە گرنگە، وەلێ ئـەویان بیر و خـەیاڵی لە کن دەسـەڵاتی ژیانە. تەمـەنـی (ئەلحـەبیب بورقـیـبـە ١٩٠٣ – ٢٠٠٠)ی دەسـەڵاتدار، چوار هـێندەی عومری (ئەبو ئەلقاسم ئەلشابی ١٩٠٩ – ١٩٣٤)ی شاعیر دەبوو، ئاخر ئەمیان نزیکـەی سـەد سـاڵێک ژیا و ئەویان تەنیـا چارەکـەسـەدەیەک، وەلێ ئـەلشـابی

چونکە شیعری بۆ ژیان دەگوت، نەک بۆ دەسەڵات، ڕەنگە ناوی بورقیبەمان لە بیر بچێتەوە، وەلێ ناوی ئەو شاعیرە یاخییە، بە نەمریی دەمێنێتەوە.

٢

(فەلسەفە ئەوەیە، مێشەکە فێر بکەین، چۆن لە شووشەکە بێتە دەرەوە،) ڕەنگە مەبەست ئەوەبێت، فەلسەفە ڕێگە داخراو و کۆڵانە دەرنەچووەکانمان بە ڕوودا دەکاتەوە و بۆ خۆ قوتارکردن لە زیندانی دابونەریتی کۆن کۆمەکمان دەکات، هانمان دەدات ڕوو لە ئاسۆی گەش و نوێ بکەین و ئومێدی هەلومەرجێکی لەوەی ئێستا، ئینساندۆستانەترمان پێ دەبەخشێت. لە ڕوانگەی (هیگڵ)ەوە، فەلسەفە، کرۆکی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئەوە بۆیە فەیلەسووف هەمیشە لە ئێمە باشتر دەبینێت، لە کاتێکدا کە ئێمە ڕەنگە هەر لایەکی کێشەکە ببینین، ئەو دەرک بە هەموو لایەنەکانی دەکات و پێکهێنەرەکانیشی دەبینێت، ئەوە بۆیە ئەرستۆ دەیگوت: فەلسەفە، دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەیە کە دەبنە هەوێنی سەرهەڵدانی شتێک.

لە فەلسەفەدا، وروژاندنی پرسیار، لە دەستنیشانکردنی وەڵام گرنگترە و ڕەنگە یەکێک لە جیاوازییەکانی ئێمە و فەیلەسووف ئەوە بێت، لە کاتێکدا ئێمە بە دوای شتی گونجاودا دەگەڕێین، ئەو بە دوای حەقیقەتدا وێڵە، یان بە دەربڕینێکی تر، لە کاتێکدا ئێمە ملکەچی شتە جێگیرەکانین، ئەو لە هەوڵی لەقاندنی بەردی بناغەی شتی جێگیردایە. لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعیدەوە، بایەخی فۆکۆ لەوەدایە، (ئەو شتانە تێک دەشکێنێت کە ئێمە پێمان وایە، جێگەی مشتومڕ نین.) ڕەنگە لایەنی لاوازی هیگڵ ئەوە بووبێت، پێی وابوو، ئەوە بیروبۆچوونەکانن، دەبنە هەوێنی گۆڕانکاریی مێژوویی، وەلێ لە کن کارڵ مارکس، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، زادەی هەلومەرجی مادییە. فەلسەفە، نە زانستە، نە فیکر، نە مۆراڵە، نە ئایین، کەچی کەم و زۆر پێوەندیی بە هەموو ئەوانەوە هەیە. ڕەنگە داهێنان لە بواری فەلسەفەدا، زادەی کۆششی ئینسان بێت، لە پێناوی نەمریدا.

٣

کوا مەمکی پڕ چنگ؟
لیمۆی باخی سنگ؟[٥]

شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد
سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەک بەرد.[٦]

مەبەست لە (وکواعب أترابا، سوورەتی نەبەء٣٣) کیژانی مەمکخڕ و مەمکقوتی هاوتەمەنە، کە بە گوێرەی هەندێک لێکدانەوە، ئەو کیژانەی بەهەشت تەمەنیان شازدە ساڵانە. لە ڕوانگەی (ئەسفەهانی)یەوە، مەمکی خڕ و قوت، چرایەکە بە گەرمایی جەستە دەگرێت. ئەو مەمکە خڕەی گۆران گوتەنی کە (پڕ چنگە و وەک بەردیش توندە،) بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکرێت، تا بەهەشت لای پیاوانی موسڵمان خۆشەویستتر ببێت.[٧]

هەژار کە قورئانی کردووە بە کوردی، لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەدا نیشانەی پێکاوە، ئەوەتا ئایەتی (وکواعب أترابا، سوورەتی نەبەء ٣٣)ی وەها وەرگێڕاوە: (پۆلەکیژی مەمکخڕی هاوتەمەنیش.)[٨] (ئۆکتافیۆ پاس پێی وایە، وەرگێڕ کە دەقێک وەردەگێڕێت، پێویستە هێندە دەستپاک بێت، خوێنەر هەمیشە وا هەست بکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، وەرگێڕانە، نەک ئۆرگیناڵ. د. محەممەد بەرادە دەڵێت: وەرگێڕ دەبێت بە جۆرێک دەقەکە تەرجەمە بکات، خوێنەر پێی وابێت، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ئۆرگیناڵە نەک وەرگێڕان.)[٩] کەواتە لای یەکەمیان فۆرمە هونەرییەکە گرنگە، وەلێ لە کن دووەمیان، ناوەڕۆک بایەخدارترە. ڕەنگە وەرگێڕی لێزان، بتوانێت شێوازی نووسەر لەبەر چاو بگرێت و هیچ شتێکیش لە ناوەڕۆک فەرامۆش نەکات. هەژار لە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزدا، نەک هەر (شێوە)ی ڕەچاو نەکردووە، تەنانەت هەندێک جار لە تەرجومەکردنی (ناوەڕۆک)یشدا، هەڵەی گەورەی کردووە.

(الذين يتبعون الرسول النبي الأمي... ئەعراف ١٥٧) لە کن هەژار ئەو

(الأمی)یه بووه به (نهخـوێندهوار،) ئهوهتا کـردوویه به: (ئهوانه وا دهکـهونه شوێن ئهم پێغـهمبـهرهی کـه ڕاسپـاردهی خوایه و نهیخـوێندووه.)(١٠) هـهژار لهبری (هو الذي بعث في الأميين رسولا... جومعه ٢) نووسـیویه: (هـهر ئهویشه لهناو نهخوێندهواراندا پێغهمبهرێکی له خۆیان بۆ کل کردن. ل٥٥٣) یان: (وقل للذين أوتوا الكتـاب والأمـيين... ئالی عـیمـران ٢٠) لای هـهژار بووه به: (بهو کهسـانهش کـه بوونه ئههلی کـتێب و بـهو کهسـانهش که نهزانن، بێژه..)(١١) کـهواته (ئوممی) له کن هـهژار، نه جـارێک و نه دووان، بهڵکوو به درێژایی قـورئان، کـهسـێکه نهخـوێندهوار و نهزان، به مـهرجـێک ئوممی له قـورئاندا هـهرگیز بهو مـانایه نایهت و هیچ ئاماژهیهک بۆ ئهوه نییه که له سهرهوهختی سـهرههڵدانی ئیسـلامـدا، وشـهی ئوممی به مـانای نهخـوێندهوار له ئارادا بووبێت و ڕهنگه ئهو وشهیه بهو مانایه، سهدان ساڵ دواتر هاتبێته ئاراوه.(*)

مـهحـهممهد عابید ئهلجابری پێی وایه، ئوممی، وشـهیهکی عیـبـرییـه نهک عـهرهبی و مـهبهست لێی عـهرهبه، به تایبـهتی خـێڵـه عـهرهبهکـانی مـهککه. مهحهممهد شهحروور دهڵێت: (مهبهست له ئوممییهکان، ئهوانهیه که نه جووله‌که بوون، نه کریستیان.) له کن د. جهواد عهلی، (ئوممییهکان، قورهیشییهکان و ئهو عهرهبانهی دیکه بوون، که بڕوایان به ئایینی جوولهکه نهبوو.) ئیبن تهیمییه وای بۆ دهچێت، (جوولهکه و گاور، ئههلی کتێب بوون، ئوممییهکان، عهرهبی بێ کتێب بوون.) شـهـرستانی دهڵێت: (پێش سـهرهـهڵدانی ئیسلام، خهڵکهکه دوو جۆر بوون، ئههلی کتێب و ئوممییهکان، ئههلی کتێب <فهله و جوو> له مهدینه نیشتهجێ بوون و ئوممییهکانیش له مهککه.)

(ليس علينا في الأمـيين سـبـيل... ٧٥ ئالي عـیمـران. ) لای هـهژار بووه به: (زیانگهیاندن بهو نهخوێندهوارانه، بۆ مه گوناهێکی نییه.)(١٢) ئایا ئهوه جێی باوهڕه، پێـمـان وابێت، له قـورئاندا وا هاتووه کـه ئههلی کـتێب گـوتوویانه: زیانگهیاندن به خـوێندهوار گـوناهه و بـه نهخـوێندهوار هـیچ گـوناهێکی تێدا نییه؟ ئهوانهی ئههلی کتێب نهبوون، پێش پهیدابوونی ئیسلام، بتپهرست بوون، بۆیه ڕهنگه مـهبهست له ئوممیـیهکان، ئهو بتپـهرستـانه بێت کـه چوونه ڕیزی

ئایینی ئیسلامەوە و بوون بە موسڵمان. لە هیچ حاڵەتێکدا ئوممییەکان نەخوێندەواران نین، دەشێت یاوەرانی پەیامبەر و شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام بن، هەر بۆیە دواتر زاراوەی موسڵمان، جێگەی ئوممی دەگرێتەوە.(١٣)

٠٦/ ٠٩/ ٢٠١٠

پەراوێزەکان:

(١) هۆنراوەی هەڵبەستی دەروون، دیوانی گۆران، ل١٢١ محەممەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٨٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

(٢) هۆنراوەی لە درزی پەچەوە، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤

(٣) هۆنراوەی بۆ گەورەیەکی شیعردۆست، دیوانی گۆران، ل١١٤ محەممەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٨٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

(٤) دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ل١٠٧ بەغدا ١٩٧٦ کۆڕی زانیاریی کورد.

(٥) هۆنراوەی ئاواتی دووری، دیوانی گۆران، ل١٤ مەحەممەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٨٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

(٦) هۆنراوەی بۆ کچێکی بێگانە، دیوانی گۆران ل٧٤ مەحەممەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٨٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

(٧) غالب حسن الشابندر، النهد ألأنثوي في القرآن الكريم، ٢٨/ ٠٨/ ٢٠١٠ إيلاف.

(٨) قورئانی پیرۆز، ل٥٨٣ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.

(٩) فاتیمە ناعووت.

(١٠) قورئانی پیرۆز، ل١٧٠ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.

(١١) قورئانی پیرۆز ، ل٥٢ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.

(١٢) قورئانی پیرۆز ، ل٥٩ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.

(١٣) زكريا محمد، الأميون في القرآن، موقع كيكا.

(*) سی و قوسوور ساڵێک بەر لە ئێستا، لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب)دا، کاریکاتێرێک بڵاو کرایەوە، تێیدا منداڵێک لە پیاوێک دەپرسێت: هل أنت أمي؟ پیاوەکەیش دەڵێت: لا، أنا أبوك.

## ئەو پەلكەگیایانەی لە بنجیان یاخی دەبن

نازم حیكمەت بە (مەمەد)ی كوڕی دەڵێت:

وەک کرێچی
لەسەر ئەم زەوینە مەژی!
وەک گەشتیارێ
کە سەردانی گوندێکی نێو مێرگێ دەکا،
لەسەر ئەم زەوینە مەژی!
وەها بژی وەک دنیا ماڵی بابت بێ.
هەور و کتێبت خۆش بوێ!
بەڵام پێشتر
ئادەمیزادت خۆش بوێ!
کە لقێ وشک هەڵدەگەڕێ،
کە ئەستێرەیە کز دەبێ،
کە گیاندارێ دەئەنگێورێ،
هەست بە خەمناکییان بکە!
بەڵام پێشتر
هەست بە خەمی ئینسان بکە!
بە هەموو شتێکی چاکی سەر گۆی زەوی،
دڵت خۆش بێ!
بە هەموو وەرزەکانی ساڵ،
دڵت خۆش بێ!

بەڵام لە پێش ئەوانەدا
دڵت با بە ئینسان خۆش بێ!

نازم حیکمەت ڕووی دەمی لە نووسەرانی ئاسیا و ئەفریکایە و دەبێژێت:

بە قژی زەردم دەستخەڕۆ مەبن!
من خەڵکی ئاسیام،
بە چاوی شینم هەڵمەخەڵەتێن!
خەڵکی ئەفریکام،
لە زێدی مندا
درەخت سێبەری بۆ ڕەگی نییە
وەکوو لای ئێوە،
لە زێدی مندا
نان لەناو گەرووی دڕندەدایە
وەکو لای ئێوە،
لەزێدی مندا
لە لای سەرچاوەی ئاوەکانەوە
ئەژدیها دەژی،
وەکوو لای ئێوە،
لە زێدی مندا
دەمرین عومرمان نابێ بە پەنجا
وەکوو لای ئێوە.
لە سەدا هەشتای خەڵکی لای ئێمە
نەخوێندەوارن
وەکوو لای ئێوە،
شیعر لای ئێمە

دەماودەم دەڕوا و دەبێ بە بەستە
وەکوو لای ئێوە.

میکیس تیۆدۆراکیس، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی لەسەر ئاستی دنیا ناسراوی یۆنان، ئەلبوومێکی بە ناونیشانی (لەژێر بەفردا،) ئامادە کردووە، بریتییە لە کۆمەڵەشیعرێکی نازم حیکمەت (١٩٠٢ – ١٩٦٣) کە ڕیستۆس(*) کردوویە بە یۆنانی، وەلێ محەممەد ئەنداگ بورزگیسکی، بەو سیفەتەی تاقە میراتگری شەرعیی نازم حیکمەتە، ڕێگە نادات ئەو ئەلبوومە بڵاو بکرێتەوە. محەممەد ئەنداگ بورزگیسکی، کوڕە تاقانە شەرعییەکەی نازم حیکمەتە و لە شیعرەکانی ئەو شاعیرەدا، چەندان جار بە (مەمەد) ناوی هاتووە.

ئاری کە کچی ڕیستۆسە، لەو بارەیەوە دەڵێت: (باوکم پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نازم حیکمەتدا هەبوو، بۆیە بۆ وەرگێڕانی شیعری ئەو شاعیرە، ڕێککەوتننامەی نووسراو لە نێوانیاندا نەبوو، نە ڕیستۆس و نە نازم حیکمەتیش پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد، مەمەد ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی ئەو کارە گرنگە بگرێت.) محەممەد چونکە قینی لە نازم حیکمەتی باوکی دەبێتەوە، بۆیە ئەنداگ بورگیسزکیی کردووە بە پاشناوی خۆی کە پاشناوی (مننەووەر)ی دایکیەتی کە بە ڕەچەڵەک پۆڵۆنیایی بووە.

مەمەد کە کوڕی نازم حیکمەتە لە مننەووەر، دەڵێت: (باوکم شیعری لە پێناوی مشتێک ڕۆبڵدا دەنووسی، چونکە من سێ ساڵان بووم، بۆ گەییشتن بە ئامێزی ژنێکی دیکە، دایکمی جێ هێشت، هیچ هەستێکی ئینسانیم بەرانبەری نییە.) ساڵی ١٩٩٩ کاتێک باسی ئەوە لە ئارادا بوو، تەرمەکەی لە مۆسکۆوە، بۆ تورکیا بهێنرێتەوە، هەرچەندە (ڤێرا)ی دوا ژنی نازم حیکمەت، بۆ ئەوەی ڕێگە بەو کارە بدات، داوای ملیۆنێک دۆلاری دەکرد و بۆیشی دابین دەکرا، وەلێ هێنانەوەی تەرمەکە، پێویستی بە چرای سەوزی محەممەدی کوڕە تاقانە شەرعییەکەی نازم حیکمەتیش هەبوو، کەچی بەو بیانووەی باوکی شیاوی ئەوە نییە، جەستەی بە خاکی نیشتمان شاد ببێتەوە، بوو بە

بەربەست لە ڕێی هێنانەوەی تەرمی ئەو شاعیرە گەورەیەدا.

ڤێرا، ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی دەکات و لەسەر داوای خۆی، خۆڵەمێشی تەرمەکەی، لە گڵکۆی نازم حیکمەتدا دەشارنەوە، بۆیە هەنووکە هێنانەوەی تەرمی ئەو شاعیرە بۆ زێدی خۆی، وێڕای مەحەممەد، پێویستی بە (بەڵێ)ی ئانای کچی ڤێرایش دەبێت. محەممەد هەرچەندە خۆی بە کوڕی دایکی دەزانێت، کەچی بۆ مەسەلەی پارە، هەر کە شانۆنامەیەکی نازم حیکمەت نمایش دەکرێت، یان کە بەرهەمێکی سەرلەنوێ چاپ دەبێتەوە، یان تەرجەمە دەکرێت، یان تەنانەت کە شیعرێکی دەکرێت بە گۆرانی، بەو سیفەتەی کوڕە تاقانە شەرعییەکەی شاعیرە، لە دۆلارێکی خۆی خۆش نابێت و ئۆفیسێکی بۆ ئەو مەبەستە ئاوەدان کردووەتەوە.[1]

ئەوە کورتەی بەزمی مەمەد بوو لەگەڵ نازم حیکمەتی بابیدا، (هەژاری موکریانی)یش، کوڕێکی هەیە ناوی شێرکۆیە، کارێکی بە بابی کردووە، پێ دەچێت مەمەد لەچاویدا پەپوولە بێت و پێم سەیرە ئەوە بیر و بۆچوونیەتی سەبارەت بە هەژار و کەچی ئەویش وەک مەمەدی نەکردووە، ناوی باوکی لە خۆی دانەماڵیوە. شێرکۆ هەژار دوو بەرگی لە کتێبێک بڵاو کردووەتەوە، ناوی لێ ناوە: (هەژار و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک،) لەو کتێبەدا ئەوەی ئەو بە باوکی شەرعیی خۆی کردووە، نە سەرما بە هەتیو، نە با، بە دەواری شڕی کردووە، ئەگەر بڵێم کردوویە بە پۆڕی خوراو، ئەوە هیچم نەگوتووە.

هەرچەندە ئەوە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە، شێرکۆ ڕقێکی زۆری لە هەژارە و نەیتوانیوە یان نەیخواستووە، وەک لێکۆڵەرەوەیەکی بێلایەن، ژیاننامەی هەژار بنووسێتەوە، وەلێ ڕەنگە خوێنەر بڕوا بە زۆربەی ئەو چیرۆکانە بکات کە دەربارەی بابی دەیانگێڕێتەوە. من هەرچەندە هەرگیز پێش ئەم کتێبەی، تاقە ستوونێکیشم نەخوێندووەتەوە، بە خامەی شێرکۆی مام هەژار نووسرابێت، وەلێ ددانی پێدا دەنێم، نەک هەر نووسەرێکی بەتوانایە، بەڵکوو توێژەرەوەیەکی چاکیشە و شارەزای هونەری نووسینە. خەوشی سەرەکیی شێرکۆ وەک نووسەرێک، ڕقی ئەوە لە باوکی کە نزیکەی بە هەموو

ڕووپەلەکانی کتێبەکەیەوە زەق زەق دیارە.

هەندێک نووسەر هەن، لەبری ئەوەی بە گژ سیستەمی بابسالاریدا بچنەوە، دێن بە گژ باوکیاندا دەچنەوە، وەک ئەوەی محەممەد شوکری لە ڕۆمانی (تەنیا بە نانی ڕووت)دا ڕەچاوی کردووە. شێرزاد حەسەنیش هەندێک جار، بە تایبەتی لە دیمانەکانیدا، سەنگەر لە باوکی دەگرێت. جێی داخە نووسەرێک لەسەر زەوینەی بە کەلاوەکردنی باوکی، کۆشکێک بۆ خۆی ڕۆ بنێت، شکۆمەندیی خۆی لە بە سووک سەرنجدانی باوکیدا ببینێت و لە ڕێی ڕسواکردن و زڕاندنی ناوی باوکییەوە، ناوبانگ پەیدا بکات. لە (هاملێت)ی شەکسپیر و (برایانی کرامازۆڤ)ی (دەستۆیفسکی)دا، تاوانی باوککوشتن هەیە، بەڵام ئەو دوو بلیمەتە، کەڵکیان لە گرێی ئۆدیب بینیوە، بیریان لای تۆڵەسەندنەوە نەبووە. لە ئەدەبدا باوککوشتن، دەستپێشخەرییە، ئەزموونگەرییە و تێپەڕاندنە لە نەوەی پێشوو، خۆڕزگارکردنە لە دەسەڵاتی گەورەئەدیبانی پێش خۆمان، لادانە لە ڕێسا ئەدەبییە دێرینەکان و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نوێی تایبەت بە خۆمانە، نەک سووکایەتیکردن بە باوکی شەرعیمان.

باوک کە لە گرێی ئۆدیبدا ڕۆڵی سەرەکی وازی دەکات، کەسێکە بەزەبروزەنگ و دڵپیس، هەموو ژنانی خێڵ بە هی خۆی دەزانێت و هەر کە کوڕەکانی گەورە دەبن، دەریان دەکات، دواتر ئەو کوڕە گەنجە دەرکراوانە کە لە سێکس بێبەش کراون، کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدەن، بە گژ دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی باوکیاندا بچنەوە. ئیدی دەیکوژن و گۆشتەکەی دەخۆن، بەو شێوەیە یەکی بەشێک لە هێزی باوکیان دەچێتە لەشیانەوە. کە کوشتیان و لە ڕێی خواردنی گۆشتەکەیەوە لەگەڵیدا بوون بە یەک، ویژدانیان ئازاریان دەدات و هەوڵ دەدەن خۆیان لەو گوناهە پاکژ بکەنەوە، بۆیە کوشتنی باوک قەدەغە دەکەن و توخنی ژنەکانی باوکیشیان ناکەون. نە سەرکوتکردن، هەر چەپاندنی سێکسییە و نە کوشتنیش هەر کوشتنی جەستەیی، بێبەشکردنی منداڵ لە سۆزی باوکایەتییش، جۆرێکە لە چەپاندن، ناوزڕاندنیش نواندنی جۆرە

زەبروزەنگێکە لە بابەتی کوشتن، ئەوە بۆیە بە هۆی هەڵوێستی مەمەد، محەممەد شوکری، شێرزاد حەسەن و شێرکۆ هەژارەوە گرێی ئۆدیبم وەبیر هاتەوە.

شێرکۆ لافی ئەوە لێ دەدات، کەس لە بواری هەژارناسیدا، بە تۆزی پێیدا ناگات. ئاخۆ ئەگەر کوڕی نەبووایە، چانسی ناسینی هەژاری دەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەوایە ناداتەوە و لە خۆی ناپرسێت: ئاخۆ مافی ئەوەی هەیە، نهێنییەکانی خێزانەکەی بەو شێوازە ئاوڕووبەرانەیە، بباتە دەرەوە؟ ئاخۆ مافی ئەوەی هەیە، پۆشاکەکانی ژێرەوەی باوکی لەبەر هەتاو هەڵبخات؟ شێرکۆ ئەگەر وەک محەممەد شوکری ڕۆمانێکی نووسیبا و قارەمانە سەرەکییەکەی باوکی بووایە، ئەوەیان زۆر ئەهوەنتر دەبوو، ئاخر ڕۆمان سەفەرێکە لە هەواری واقیعەوە بەرەو دوورگەی خەیاڵ. (نایتوود) ڕۆمانێکە جۆنا بارنێز نووسیویەتی، باس لە پێوەندیی هاوڕەگەزبازی نێوان ژنان دەکات و ت. س. ئەلیەت بە گەرمی داکۆکیی لێ کردووە. ڕەنگە ئەگەر شێرکۆیش ڕۆمانێکی دەربارەی هەژار نووسیبا، بەرهەمێکی نەمری لە دوای خۆیەوە جێ هێشتبا، ئاخر نووسەر سەروەختی نووسینی ڕۆمان، چونکە نە درێژدادڕی لە گێڕانەوەدا دەکات، نە فیکری خۆی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت و نە بە یەقینیشەوە دەپەیڤێت، بۆیە چیرۆکەکەی زێتر جێی متمانەی خوێنەر دەبێت.

هەژار کە لە کن خوێنەری کورد وەک خەباتگێڕێکی شەکەتینەناس،(**) شاعیرێکی گەورە، زمانزانێکی بێهاوتا و وەرگێڕێکی شارەزا ناوبانگی ڕۆیشتووە، شێرکۆی کوڕی هەموو ئەو شانازییانەی لێ دەستێنێتەوە و دەیهێنێتەوە سەر سفر، ئاخر لە ڕوانگەی شێرکۆوە، خەبات و نووسینی هەژار، لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی و دراودا لە گەڕدا بوون، شیعرەکانی سەر بە قوتابخانەی ئەدەبی دەرۆزە بوون، هیچی وایشی لە زمان وەک زانست نەزانیوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا نە دەستی پاک بووە، نە شارەزای هونەرەکە بووە، تەنانەت (لە بواری دانانی فەرهەنگیشدا، خاوەنی هەنبانە بۆرینە لە تەپۆیش تەپۆتر بووە. ل٢٣١) با وای بۆ بچین، بۆچوونەکانی شێرکۆ هەموویان

ڕاستن و بەڵگەکانیشی هەموویان دروستن، بەڵام ئایا ئەوە، ئیشی کورە، باوکی کۆچکردووی کە هیچ بواری داکۆکی لە خۆ کردنی نییە، بخزێنێتە ئەو گۆشە تەنگەوە؟ ئەم ڕەوتارەی شێرکۆ، کەموزۆر لەوەی بابی دەچێت، کە تا زیندوو بوو زاتی نەکرد، (چێشتی مجێور)ەکەی(***) کە تێیدا بە کەیفی خۆی سووکایەتی بەم و بەو کردووە، بڵاو بکاتەوە.

شێرکۆ لە کتێبەکەیدا سووکایەتی تەنیا بە باوکی نەکردووە، بێجگە لە هێمن، محەممەد مەولوود مەم و حەسەن قزڵجی کە بەڕێزەوە باسی کردوون، جنێوی پیسی بە نزیکەی هەموو دۆست و ناسیاوەکانی دیکەی باوکی داوە، بۆ نموونە، کامە جنێو سووکە، ئاڕاستەی (شوکور مستەفا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و عەبدولڕەحمان زەبیحی)ی کردووە و (گیو موکریانی)یشی خەڵتانی سووکایەتی پێ کردن کردووە.

بە لای شێرکۆوە، هەژار کابرایەک بووە، سۆزانیباز، پارەپەرست و دەروونناساغ و (حەزیشی لە سێکسی بە گرووپ بووە، ل٢٠٢) شێرکۆ دەنووسێت: (لە خەڵک شاراوە نەبووە کە هەژار بیسێکسچواڵ و پیدۆفیل بووە. ل٣٢٢)

کۆرپەلە (منداڵ ئەو سەروەختەی لە پزدانی دایکیدایە) ئەگەر هۆرمۆنی ئۆستروجین کە هی مێیینەیە، زیاتر لە هۆرمۆنی تیستۆسیترۆن کە هی نێرینەیە، بچێتە جەستەیەوە، دەبێتە کچ لە شێوەی کوڕدا، واتا وەک کچ لە دایک دەبێت بەڵام لە شێوەی کوڕدا. پێچەوانەکەیشی دروستە و منداڵێک لە دایک دەبێت، وەک ناخ کوڕە وەلێ لە شێوەی کچدا، ئەوە بۆیە هەندێک کەس دەبنە هۆمۆسێکسچواڵ کە لە کن مە، هاوڕەگەزبازیان پێ دەگوترێت و وەک نەخۆش و نائاسایی سەرنجیان دەدرێت، هەرچەندە ئەوە ڕێکەوتێکی سروشتییە و هەڵەی کەسی تێدا نییە. ئەوە بۆیە هەیە بە شێوە لە پیاو دەچێت، وەلێ چونکە لە ناخەوە ژنە، حەزی لە پیاو دەبێت، یان بە شێوە لە ژن دەچێت، بەڵام چونکە لە ناخەوە پیاوە، حەزی لە ژن دەبێت و گەلەک جار ئەو کەسانە لە ڕێی نەشتەرگەرییەوە، ڕەگەزی خۆیان ساغ دەکەنەوە. لەمێژە لە

گەلەک لە ولاتانی دنیا، ئینسان هەڵگری هەر ناسنامەیەکی ڕەگەزی بێت، شتێکی تایبەتە بە خۆی، بەشێکە لە ئازادییەکانی و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، بە مەرجێک ئازادیی هیچ کەسێکی دیکە پێشێل نەکات. ئەگەر شێرکۆ بوختانی بۆ باوکی نەکردبێت، ئەوا لای مام هەژار (هەڵە،) هەڵەی سروشت نەبووە، هی خۆی بووە، چونکە بە هۆی بڕی ئەم یان ئەو هۆرمۆنەوە، کەس نابێتە پیدۆفیل و پیدۆفیلبوون لە هەموو جێیەک، بەدئاکارییە و تاوان.

لە ڕوانگەی شێرکۆوە، لایەنی گەشی هەژار ئەوەیە، کەسێکی کۆمێدیان بووە و هەموو کۆمێدیبوونەکەیشی لە هەردوو بواری ناوگەڵ و ئاودەستخانەدا چڕ بووەتەوە، ئەوەتا دەنووسێت: (بەهرەی ڕاستەقینەی هەژار، بریتیبوو لە کۆمیدیای گەڵ و ئاودەست. ل٢٦٥ و ل٢٧٠) ئەگەر شێرکۆی کوڕی ڕاست بکات، ئەوا وەک چۆن دانتی بە هۆی کۆمێدیای خوداییيەوە ناسراوە و بەلزاک لە سۆنگەی کۆمێدیای مرۆڤایەتییەوە، دەبێت مام هەژاریش بە هۆی کۆمێدیای گەڵ و ئاودەستەوە بناسرێت.

شێرکۆ دەڵێت: (هەژار تاقە یەک جار لە ژیانمدا هانی نەداوم، خزمەتی نەتەوە و نیشتمانم بکەم، جگە لە وشەی پارە و ڕەوابوونی هەر کارێک بۆ پارە، قەت یەک ئامۆژگاریی تری بۆ من نەبووە. ل٢٦٧) ئاخر ئامۆژگاریی چیت بکات، ئەگەر وەک خۆت دەبێژیت، پێی وەها بووبێت: (سیاسەت کارێکی چەپەڵی زیرەکانە، بۆ .. یینی بێعەقڵان؟ ل٣٠٦) شێرکۆ دەنووسێت: (جارێک لای یەکێکی نزیکی ڕابەرایەتیی حیزبی دیموکرات باسی ئەوەم کرد کە هێمن چەندە کوردیی لە هەژار باشتر دەزانی، چەندە هونەرمەندی پەخشانی ئەدەبیی کوردی بوو، چەندە لە هەژار شاعیرتر بوو، ئەویش گوتی: چەندە وەکوو سەگ تۆپی، لە کاتێکدا مەرگی هەژار پرسەیەکی نەتەوایەتیی گەورەی ساز دا. ل٣٠٢)(٢)

*

پەراوێزەکان:

(١) نصرت مردان، میراث ناظم حکمت الشعري تحت رحمة محمد آنداج بورزجسکي ٨ مارس ٢٠١٠ إيلاف.

(٢) شێرکۆ هەژار، هەژار و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک، بەرگی یەکەم ٢٠٠٨ بەرگی دووەم ٢٠١٠

(*) ریستۆس، شاعیری گەورەی یۆنان کە ئەدونیس پێی وایە، مەزنترین شاعیری کۆمۆنیستە و گەلەک لە نیرۆدا هونەرمەندترە.

(**) یەکێک لە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ناوێک و ئاوەڵناوێک پێک دێت، وەک: سەرسپی و دەمڕاست، بۆیە ماندوونەناس، هەڵەیە، چونکە ماندوو ئاوەڵناوە نەک ناو، ئاخر دەبێت ناوێک پێش نەناس بێت نەک ئاوەڵناوێک، بۆیە دەبێت بڵـــێین: ماندوویەتینەناس، ئەوەیش لەسەر زار قورسە، کەواتە شەکەتینەناس چونکە لەسەر زار خۆشترە، پەسەندتریشە.

(***) هەژار، چێشتی مجێور، خانی شەرەفکەندی ئامادەی کردووە ١٩٩٧ پاریس.

بیسێکسچواڵ: نێر و مێباز.

پیدۆفیل: منداڵباز.

## وجادلهم بالتي هي أحسن

فەرمان خەرابەیی نامیلکەیەکی بە ناونیشانی (ڕاستییەکی وونبوو)ەوە بڵاو کردووەتەوە،[١] لە خۆی وایە (توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە،) تێیدا گومانی خستووەتە سەر ئەو کەس و سەنتەرانەی، داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن و باسیشی لە بزووتنەوەی فێمێنزم کردووە، ئەز لێرەدا هەندێک سەرنج و بۆچوونی خۆم لە بارەی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە، خۆی گوتەنی زانستییەکەیەوە، دەخەمە ڕوو.

بەوە دەچمە ناو باسەکەمەوە کە (وونبوو) هەڵەیە، ئاخر هیچ وشەیەک لە زمانی کوردیدا بە دوو واو دەست پێ ناکات، ونبوو، ڕاستە و (فێمێنزم)یش، چەوتە، فێمینیزم دروستە. فەرمان خەرابەیی وەک خۆی نووسیویەتی، پێشنوێژ و (ووتار)خوێنە لە مزگەوتی ماجیداوای هەولێر، کێشەی من لێرەدا تەنیا ئەوەیە کە وتار بە یەک واو دەنووسرێت، نەک بە دووان، کە وتار هەڵەیە، گوتار ڕاستە.

هەر لە دێڕی یەکەمی نامیلکەکەی (خەرابەیی)یەوە، خراپیی زمانیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەوەتا ئاوەها دەست پێ دەکات: (لەم نامیلکەیەدا پەردە هەڵدەماڵم لەسەر ڕاستیەک کە لە ناو خەڵکی وون بووە و شاراوەیە. ل٣) سەرنج بدەن بزانن هەر لەم دێڕەدا چەند هەڵە هەیە:

١) دەبوو بنووسێت: پەردە لەسەر ڕاستییەک هەڵدەماڵم.

٢) ڕاستیەک، هەڵەیە، ڕاستییەک دروستە.

٣) لە ناو، یەک وشەیە، پێکەوە دەنووسرێت، وەک لەسەر، لەناو بە عەرەبی دەبێت بە في و بە ئینگلیزیش بە (ئین،) واتا لەو دوو زمانەیشدا یەک

وشەی سادەیە.

٤) خەڵکی، هەڵەیە، خەڵکیدا دروستە. ئەگەر لەبری (لەناو،) (لەلای) نووسیبا، (خەڵکی) پێویستی بە (دا) نەدەبوو.

٥) لە (وون بووە،)دا سێ هەڵە هەیە:

ئەلف: ون بووە، بێ: ونبووە. پێ: تەنیا (ون) بۆ ئەو جێیە ڕاستە.

٦) دێڕەکەی بە دروستی بۆ دەنووسم: (لەم نامیلکەیەدا، پەردە لەسەر ڕاستییەک هەڵدەماڵم کە لەناو خەڵکیدا ون و شاراوەیە.)

ئیدی چونکە خوێنەر گومانی لە وێرانیی زمانەکەی خەرابەیی نەما، پێی دەڵێم: مافی ئەوەی هەیە، پێشنوێژی بکات، گوتار بدات، نامیلکە بنووسێت، وەلێ مافی ئەوەی نییە زمانی کوردی بشێوێنێت، بۆیە وا چاکە، لای کەم شەش مانگێک بۆ فێربوونی زمانی کوردی تەرخان بکات، ئەوسا سەرلەنوێ بکەوێتەوە نووسین، ئاخر ئەگەر پەیامێکی پاک و جوانیشمان پێ بێت، ناتوانین بە زمانێکی پەڕپووتدا بینێرین. خەرابەیی چونکە لە ئەرکی نووسەر بەد حاڵیی بووە، تا هەنووکە چەندان نامیلکەی لاوازی عەوامفریودەری نووسیوە، ئەگەر زانیبای ئیشی نووسەر بە پلەی یەکەم خوێندنەوەیە و نووسین ئەلبێرتۆ مانگوێل گوتەنی: (هیچ نییە جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەوەی دوای پرۆسەی درێژخایەنی خوێندنەوە لە زەینماندا جێ دەمێنێت،) دەستی بە نووسینەوە دەگرت.

٥/ ١/ ٢٠١١ لە هەولێر بەشێک لە ژنانی چالاک، لە دژی نامیلکەکەی خەرابەیی، چونکە تێیدا سووکایەتییان پێ کرابوو، خۆپیشاندانێکیان بەرەو پەرلەمانی کوردستان ساز کرد. سایتی ستاندەر کە پێگەیەکە نزیک لە ئیسلامییەکانەوە، کە پێ دەچێت بۆ داڕشتنی هەواڵ، هانا بۆ هەڵبەستنی فیشاڵ ببات، لە ڕۆژی ٦/ ١/ ٢٠١١ دا وەهای نووسیبوو: (چەند ئافرەت و پیاوێک بە ناوی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان و زاراوەی جێندەرەوە، لە دژی ئایین و زانایانی ئیسلامی خۆپیشاندانێکیان ساز کرد،) ئاخر لەو خۆپیشاندانەدا، نە کەس دژی ئایین قسەی کردبوو، نە کەس ناوی زانایانی

ئیسلامیی هێنابوو.

بە قەولی مەلا فەرمان خەرابەیی سێ جۆر فێمینیزم هەیە: (لیبرال، ڕادیکال و جەندەری. ل٧) لێرەیشدا دوو هەڵەی کردووە، یەکەم فێمینیزم سێ جۆر نییە، زۆر زیاترە، دووەم: فێمینیزمێک نییە ناوی فێمینیزمی جەندەری بێت. فێمینیزم وێڕای لیبرال و ڕادیکاڵ، جۆری دیکەیشی هەیە لەوانە: سۆشیال فێمینیزم، کە (کلارا زێتکین)ی (١٨٥٧ – ١٩٣٣) ئەڵمانیایی، ناسراوترین کەسی ئەو شەپۆلەیە و بە دەستپێشخەریی ئەو، هەشتی مارس کرا بە ڕۆژی ژنان. ئەلێکساندرا کۆلۆنتای (١٨٧٢ – ١٩٥٢) کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ یەکەمین ژن بوو، پۆستی وەزیریی لە ڕووسیا وەرگرت، فێمینیستێکی کۆمۆنیست بوو. بلاک فێمینیزم هەیە، بزووتنەوەیەکە داکۆکی لە ژنانی ڕەشپێست دەکات، ئەوانەی مووچەیان بۆ هەمان ئیش لە مووچەی ژنانی سپیپێست کەمترە و ئەوانەیشی ژنانی سپیپێستی دارا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشی ناو ماڵ بە کرێیان دەگرن و ستەمیان لێ دەکەن.

ڕەنگە ئەنارشیست فێمینیزم، لەبارترین نیشانە بێت بۆ تیری نووسەری وەک مەلا فەرمان، ئاخر ئەو ڕەوتە بڕوایان بە هاوسەرگیری نییە، چونکە وای بۆ دەچن، لە پرۆسەی ژنومێردایەتیدا، ژن دەبێتە موڵکی پیاو. ١٩٩١ ڕەوتێکی دی پەیدابوو، ناوی ئەنالیتیکاڵ فێمینیزم بوو، ئان کود یەکەمین سکرتێری بوو. وێڕای ئەوانە، حیزبی فێمینیست، پۆستمۆدێرن فێمینیزم، پۆستکۆلۆنیال فێمینیزم، کۆنتییەنتاڵ فێمینیزم و پراگماتیسک فێمینیزمیش هەنە. دوو جۆر فێمینیزمی تریش هەیە، فێمینزمی لێکچوو و فێمینزمی لێکجودا، لێکجوداییەکان پێیان وایە، ئەوە کاری سروشتە ژن و پیاوی جیاواز ئەفراندووە و ئەوە هەر سروشتیشە لە کۆمەڵدا ڕۆڵی جیاوازی پێ سپاردوون، لێکچووییەکان وای بۆ دەچن، زەقکردنەوەی جیاوازیی بایەلۆژیایی نێوان ژن و پیاو، پاساوێکە بۆ بەئاساییکردنی چەوساندنەوەی ژن.[٢]

خاڵی هاوبەشی نێوان فێمینیستەکان سەر بە هەر ڕەوتێکی فێمینیزم بن، ئەوەیە، ئینسان بە چاوپۆشین لەوەی نێرە یان مێ، هەمان بەها و هەمان مافی

هەیە، ئەگەر ئاسانکاری بۆ نووسەری نامیلکەکە بکەین، دەڵێین: بە کوردی دەبێتە: شێر لە لانە هاتە دەر، چ نێر بێ، چ مێ! ڕەنگە ئامانجی بزووتنەوەی فێمینیزم لە کوردستاندا، لەوەدا چڕ ببێتەوە کە ژن پاسیڤ نەبێت، ئەویش وەک پیاو ئەکتیڤ بێت، کە ژن بەرکار نەبێت، ئەویش وەک پیاو بکەر بێت، ئەمەیش مافێکە ئەوی نکووڵی بکات، ئەگەری ئەوە هەیە، خوا بیگرێت. کەواتە وەک فەرمان خەرابەیی، بۆی چووبوو، فێمینیزم سێ ڕێباز نییە، لای کەم، یان بە گوێرەی زانیارییەکانی من، (چواردە)یە.

نامیلکەنووس دەڵێت: (فێمینیزمی جەندەری لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە دەستی پێ کرد، میشیل فۆکۆ و ژاک دریدا، دەوری باڵایان بینیوە لە سەر هەڵدانی ئەم شەپۆلەدا. ل١٢)[٣] بە داخەوە مەلا فەرمان هەرچەندە سوودی لە ژێدەرگەلێکی زۆر بینیوە، وەلێ لێرەدا خوا وەکیلی بێ سەرچاوە قسەی فڕێ داوە، ئاخر فۆکۆ کە لە ١٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٦ دا هاتووەتە دنیاوە و لە ٢٥ ی حوزەیرانی ١٩٨٤ دا کۆچی دوایی کردووە، ئیدی چۆن ڕۆڵی باڵای لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکدا وازی کردووە کە شەش ساڵ دوای مەرگی سەری هەڵدابێت؟ فۆکۆ هەم فەیلەسووف بووە، هەم کۆمەڵناس، هەم شارەزا لە سایکۆلۆژیادا و سەرقاڵی نووسین بووە لە بارەی مێژووی سێکسچواڵییەتی، شێتی، دەسەڵات و مەعریفەوە و وەک فێمینیست نەناسراوە.

(ژاک دریدا)یش (١٩٣٠ – ٢٠٠٤) فەیلەسووفێکی پۆست ستروکتورالیست بووە، ناوی لەگەڵ (هەڵوەشاندنەوەخوازی)دا دێت و لە بوارەکانی (جیاوازی، دیاردە و میتافیزیک)دا جێدەستی دیارە و خەریکی دیالۆگ بوو لەگەڵ (پلاتۆن)دا، ئەو فەیلەسووفەی لای خۆمان بە ئیفلاتوون ناسراوە. ڕەنگە قینی مەلا فەرمان لێی زادەی ئەوە بێت، دریدا جوولەکە بووە. جۆن ستیوارت میل، کارڵ مارکس، لویس ئاڵتوسێر، ئانتۆنیۆ گرامشی و ژاک لاکان، هەندێک لەو فەیلەسووف و بیرمەندانەن کە فێمینیستەکان، سەروەختی خەبات لە پێناوی یەکسانیدا، سوودیان لە تێزەکانیان دیتوە.

جێندەر، بزووتنەوە نییە، تێرمێکە مەبەست لێی ئەوەیە، ڕەگەز زادەی

کولتـووره و کۆمـەڵ ئەو ڕۆڵە دیاری دەکـات کـە ئەم یان ئەو ڕەگـەز دەیبـینێت. جێندەر چەمکێکە باس لەوە دەکات کە ئەوە هـەلومەرجی کۆمـەڵایەتییـە، بڕیار لەسـەر چۆنیـەتی دابەشکردنی دەسـەڵات لە نێـوان نێر و مێدا دەدات. جێندەر ئەوەیش دەگـرێتـەوە کە ئـەو چەوسـاندنەوەیەی مـێ لە سـۆنگەی مـێبـوونیـیـەوە ڕووبەڕووی دەبێـتـەوە، زوڵمـێکە وەک چەوسـاندنەوەی چینایەتی و ڕاسـیـزم، هـەرچەندە ئەو سـتـەمەی لە مـێ دەکرێت، لە سـۆنگەی ئەوەوە نیـیـە، وەک مێ لە دایک بووە و لەبەر ئەوەیە، کۆمەڵ دەیکات بە مێیەکی ژێردەستە.(٤)

گـەرچی فـەرمـان خـەرابەیـی لە مـانـای جـێندەر حـاڵـی نەبووە، نازانێت فێـمـینـیـزمـێک نییـە، ناوی جێندەری بێت، دەرکی پێ نەکـردووە کـە جـێندەر (گـوتـە)یەکـە بە مـانـای ڕۆڵی ڕەگــەز دێت، نەک فـیـکر، کـەچی بێـبـاکـانە دەنووسـێت: (ئەو سـەنتـەر و ڕێکخـراوانـەی لە کـوردسـتـاندا هەن، فـیـکری فێـمـینـیـزمی جـەندەرییـان هەیە. ل١٤) نامـیلکەنووس دەڵێت: (مـەبـەست لە جـێندەر ئەوەیە، مـرۆڤ مـەرج نیـیـە هەتا سـەر مـێ یان نێـر بێت، بەڵکوو دەتوانێت، ڕەگـەزی خـۆی بگۆڕێت. ل١٥) لێـرەدا بە شـێـوازی مـەلا دەدوێم و دەڵێم: حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە، ئەو بۆچوونە ئەگەر زادەی جەهل نەبێت، ئەوا لادانە لە ڕاستی بـە هۆشیـارییـەوە، ئاخر گۆڕینی ڕەگـەز نە پێوەندی بە چەمکی جێندەرەوە هەیە، نە بە هیچ تەوژمێکی فێمینیزمەوە.(٥)

هەر لە دە هەزار کەسدا ئەگەری ئەوە هەیە، یەکێکیان ترانسسێکسچواڵ(*) بێت، ترانسسـێکسچواڵ کەسـێکە لە لەشێکی هەڵەدا، پیاوێکە حەز دەکات ژن بووایە، یان ژنێکە دەخوازێت پیاو بووایە، ترانسسێکسچواڵ دوو جۆری هەیە، یەکەمیـان زادەی زۆریی یان کـەمیی هۆرمـۆنـە، کاتێک ئینسـان کـۆرپەلەیە لە پزدانی دایکیدا، دووەمیان دوای لەدایکبوون سەر هەڵدەدات. ئەمەی دووەمیان بۆ گـۆڕینی ڕەگـەزی خـۆی، پێـویسـتی بە نەشـتـەرگـەری نابێت. لە سـوێد لە (١٩٧٢) ەوە، ڕەگەزگۆڕین شتێکی یاسـاییـە، لەوێ ساڵی پار شـەست کـەس داوایان کردووە ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن. ئەوانەی ترانسسـێکسچواڵن، زوو زوو تـووشـی نەخـــۆشـی دەروونـی دەبن، زوو زوو هـەوڵـی خـــۆکـــوشـتن دەدەن،

تەمەنیشیان لە هی کەسانی دیکە کورتترە و ئەگەر ڕەگەزی خۆیشیان بگۆڕن، نە هێور دەبنەوە، نە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، مەگەر تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، دڵیان بەو کارەیان خۆش بێت.(٦) ئەوە لە دەستی ئینسان خۆیدا نییە وەک ترانسسێکسچواڵ لە دایک ببێت، یان دواتر وای لێ بێت، بۆیە پێویستە هەستیان بریندار نەکرێت و داخوازییان جێبەجێ بکرێت، کەچی فەرمان خەرابەیی نەک هەر هیچ کۆمەکێکیان ناکات، بەڵکوو بە هەڵە لێکدانەوە، بۆ ڕەوشی ئەو کەسانە دەکات کە گرفتاری دەستی ئەو دەردە کوشندەیەن.

یەکێکی دیکە لە خەوشە زۆرەکانی نامیلکەکە ئەوەیە، فەرمان خەرابەیی هاتووە، خراپ سوودی لە قسەی سەرپێیی و نووسینی کرچوکاڵی هەندێک لە کۆلکەنووسەری ژن وەرگرتووە و لەسەر بزووتنەوەی فێمینیزمی کردوون بە ماڵ. لە ڕوانگەی ژنانی یەکسانیخوازەوە، چارەسەری فرەژنی بەوە ناکرێت، ژنیش مافی فرەپیاویی هەبێت، بەوە دەکرێت، فرەژنی قەدەغە بکرێت، خەرابەیی ئەمە دەزانێت، وەلێ چونکە بۆ ژنانی چالاک لە بۆسەدا بووە، لێکدانەوەی تاقەژنێکی بەسەر هەموو فێمینیستەکاندا گشتاندووە، یان کە سەنتەرێکی ژنان خراپەی لێ دەرکەوتووە، هەموو سەنتەر و ڕێکخراوەکانی ژنانی پێ تۆمەتبار کردووە. ژنەکوردێکی سوێدنشین هەیە، زوو زوو نووسینی ئەم و ئەو زەوت دەکات و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە، خەرابەیی بۆ دژایەتیکردنی خەباتی ئافرەتان، تەنانەت قسەی ئەو ژنەیش بە نموونە دەهێنێتەوە کە توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستی نییە.

هەندێک لەو ژنانەی مەلا فەرمان قسە یان نووسینی بە نموونە هێناونەتەوە، بڕوایان بەو چارەسەرە دێرینە نییە کە ئایینی ئیسلام پێشنیاری دەکات و بە دوای چارەسەری نوێدا دەگەڕێن. نامیلکەنووس ئەوەی بە لاوە سەیرە و دەخوازێت هەمووان وەک خۆی بفکرن، ئەمەیش زادەی بڕوا نەبوونە بە جیاوازی و ئازادیی بیرکردنەوە کە هەمیشە ستەمکارییان لێ دەکەوێتەوە. خەون بە سەرهەڵدانی ئەو جۆرە مەلایەوە دەبینم، گوتوبێژ بۆ ئەوە بکات، شتێکی نوێ فێر ببێت، ئاخر مەلای لای ئێمە، بۆ ئەوە گوتوبێژ دەکات، شتە

کۆنەکانی خۆی بەسەر ئەم و ئەودا بسەپێنێت.

ڕەنگە پیاوانی ئایین بە زەبری کۆمەڵێک هۆکار بتوانن بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن، بەڵام موسڵمانی ڕاستەقینە کەسێکە بە خۆشیی خۆی بڕوا بە چارەسەرییەکانی ئیسلام بهێنێت. ئەگەر کرۆکی ئایین خۆشەویستییە، ئەوا کرۆکی خۆشەویستییش ئازادییە، بۆیە هەقە ئەوانەی بڕوایان بە ئەوین و ئازادی هەیە، بە بیروڕای جیاواز سەغڵەت نەبن و لەبری توندوتیژی، لە ڕێی خۆشەویستییەوە بانگەشە بۆ ئایین بکەن، تا هەموو تاکێک ئازاد بێت لەوەی بەدەم بانگەکەیانەوە دەچێت یان نا. ئەگەر ڕاستە ئیمان و ئازادی دوو دیوی یەک دراون، ئەوا پیاوانی ئایین، مافی ئەوەیان نییە، لە هەوڵی بە کۆیلەکردنی ئەم و ئەودا بن.

مەحەممەد عابد ئەلجابری دەڵێت: (کە خۆری عەقڵانیبوون لە یۆنان ئاوابوو، عەقڵ لای ئیسلامیش دەستی لە کار کێشایەوە.) جۆرج تەرابیشی پێی وایە دەست لە کار کێشانەوەی عەقڵ لای ئیسلام، زادەی هۆکاری ناوەکییە نەک دەرەکی.[٧] ئایا هانابردن بۆ تۆقاندن زادەی بزربوونی عەقڵ نییە؟ ئایا بێ هەبوونی ئازادی، ئەگەری پێشکەوتن لە هیچ بوارێکدا لە ئارادا هەیە؟ ئایا کە لە دەقی قورئاندا (أفلا تعقلون؟) هەبێت، هەنووکە بۆچی ڕێگە لە بەگەڕخستنی عەقڵ بگیرێت؟ فەرمان خەرابەیی ئەگەر عەقڵی وەگەڕ خستبا نەیدەنووسی: (ئەوانەی داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن، زۆربەیان قەیرەن و ئومێدی شووکردنیان نەماوە. ل٣٩) ئایا ڕۆزا لوکسەمبورگ (١٨٧١ – ١٩١٩) کە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی کرد و گیانی خۆی لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا بەخشی، بە دوای شوودا وێل بوو؟ چڕکردنەوەی خەباتی ژنان لە مەسەلەی شوودا، لێکدانەوەی ئەوانەیە، ژنیان تەنیا بۆ ناو جێ دەوێت و هەر ئەدەبێکیش ژن بینووسێت، بە (ئەدەبی ناوجێ)ی ناوزەد دەکەن، ئەوانە نەک هەر وەک هۆش و هەست، تەنانەت وەک نەستیش سەنگەری دژ بە ژنانیان هەڵبژاردووە و بڕیاری پێشوەختیان داوە، چییان بۆ سەرکوتکردنی ژنان لە دەست بێت، درێغی نەکەن.

مــایەی داخــە ئەم مــامــۆســتــا ســینگ لە قــورئان تەژی و پێــشنــوێژ و گــوتارخــوێنەی مــزگــەوتی مــاجــیداوای هــەولێــر، بێ پەردە و ڕاســتــەوخــۆ ســووکــایەتی بە ژن دەکــات، ئەوەتا دەنووســێت: (ڕ. ع[**]) دەزانێت لــەعــابەی ئۆتۆمــاتیکیی سێکسیی چۆن بە کار دێ و چێژی چۆنە. پەراوێزی ژمــارە ١٨ لاپەڕە ٤٠) (ڕاست)ی زۆرێک لە زانیــاریــیەکانیشی لە کــەمــەی گــۆچان دەچن، وەک: ســاڵی پار (ڕێژەی تەڵاق لە عێراقدا لە سەددا هــەشتــاوپێنج بووە. ل٣٤) هــەروەهــا دەنووسێت: (ڕێژەیی قــەیرەیی لە عێراقدا لە ســەددا هــەشتــاوپێنجــە. ل٣٨) ئایا ئــەوە جــێی بروایــە ڕێژەی قــەیرەیی و هــی تەڵاقــیش هــەر لە ســەددا هــەشتاوپێنج بن؟

٢٠١١/١/١١ – هــەولێر

پەراوێزەکان:

(١) ڕاستییەکی ونبوو، ئامادەکردنی: فەرمان خەرابەیی، ناوی چاپخانەی پێوە نییە ٢٠١٠ هــەولێر.

(2) Feminism, frn Wikipedia.

(٣) لێرەوە ئیــدی کــە ڕستــەیەکی بە نموونــە دەهێنمــەوە، زمــانە چەوتــەکەی بۆ ڕاست دەکەمــەوە.

(4) Genusvetenskap, Frn Wikipedia.

(٥) شــولامــیت فــایەرســتــوون لە (دیالێکتــیکی ســێکس ١٩٧٠)دا دەڵێت: (ژن بۆیە ژێرچــەپۆکـــەی پیـــاوە، چــونکە توانــای منداڵبـــوونی هــەیە، ڕەنگە ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لەو ژێرچەپۆکییە ئەوە بێت، ئەو توانایە لە دەست بدات،) بروام وایە فەرمان خەرابەیی، قسەی ئەم ژنەی ژنەفتبا، بەد سوودی لێ دەبینی.

(6) Anna Bratt, Född i fel kropp, DN, 09.01. 2011 Stockholm.

(٧) إشكالية العقل العربي النقدي، إبراهيم الحيدري ٣ أكتوبر ٢٠١٠ إيلاف.

(*) transsexual.

(**) ئەوە بنووسی ئەم باسە، دوو حەرفی داناوە، ئەگەر نا مەلا فەرمان ناوی تەواوی ئەو خاتوونەی نووسیوە.

## هۆلۆكۆستی كوردان

دەزانن
دڵ هەیە،
ڕەقترە لە ئاسن؟
دەزانن
ئازاری وا هەیە،
كۆتایی بۆ نییە؟
دەزانن
بەیانیان تامەزرۆی مردن بووین،
ئێواران زەندەقمان لێی دەچوو؟
(شارلۆت دێلبۆ)

بریا كورد ئەنفال نەكرابا، كە كرا، بریا كورد بەشداریی تێدا نەكردبا، كە كردی ئیدی ئەوە پەڵەیەكی لە سڕینەوە نەهاتووە بە تەوێڵی هەموو جاشئەنفالچییەكەوە و هیچ لێبوردنێك توانای سڕینەوەی ئەو پەڵەیەی نییە.(*) بە ڕاست، ئەوە بۆچی تاقە یەكێك لەو جاشانەی كوردیان ئەنفال كرد، نایەت داكۆكی لەو هەڵوێستەی بكات؟ وەك هیچ پاساوێك بۆ ئەو ڕەوتارەی شك نابات، ئەدی بۆچی ویژدانی ئازاری نادات و بە خۆكوشتن، پەشیمانبوونەوەی خۆی ڕاناگەیەنێت؟ یان هیچ نەبێت، داوا لە میللەتەكەی ناكات، لێی خۆش ببێت؟

بۆ ئەنفالكردنی كورد، بەعس ئیلهامی لە دوو سەرچاوە وەرگرت: ئەنفالكردنی كافران و هۆلۆكۆست. لەشكری ئیسلام چی بە كافران و ئەڵمانە

نازیستەکان چییان بە جوولەکە کرد، بەعسیش هەمان شتی بە کورد کرد. ئەڵمانە نازیستەکان و جوولەکە، نە هاوئایین بوون، نە هاورەگەز، بەعس و کورد، هاوئایین بوون، وەلێ هاورەگەز نەبوون. نازیستەکان بۆ قەلاچۆکردنی جوولەکە، لەسەر هێنانەوەی بیانوو پەکیان نەدەکەوت، بەعسییەکانیش بۆ قڕکردنی کورد، چەندان پاساویان دەهێنایەوە، وەلێ جاشئەنفالچییەکان کە کورد بوون، لە پای چی، ئاوا بەوپەڕی دڵگەرمییەوە، کوردیان قەلاچۆ دەکرد؟

(بۆ تۆقاندنی دوژمن کە دوژمنی هاوبەشی خودا و ئێوەیشن، لە پەیداکردنی کەرەسەی شەڕ، درێغیی مەکەن! وأعدوا لهم ما أستطعتم من رباط الخیل ترهبون به عدو الله و عدوکم. ئەنفال٦٠) بەعس بە وەرگرتنی ئیلهام لەو ئایەتە، هەر بە چەکی ئاسایی لە کوردی نەدەدا، چەکی کۆکوژیشی تێدا تاقی دەکردەوە. (پەیامبەر پێویستە پەرێزی خاوێن بێت و مافی ئەوەی نییە دیلی هەبێت. ما کان لنبي أن یکون له أسری. ئەنفال٦٧)(**) بەعسییەکان وەک کوردیان پێ کافر بووبێت و ئیشیان بەو ئایەتە کردبێت، دەیانگرتین، دەیانبردین بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق، لەوێ دەیانکوشتین و لە کۆقەبردا دەیانشاردینەوە.

ئینسان، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام ڕەگەز، نەتەوە یان ئایینە، بێ گوێدانە ڕەنگی پێستی و ئەو زمانەی پێی دەپەیڤێت، هەر هەمان بایەخی هەیە. نازیستەکان دەیانگوت: ئێمە لە جوولەکە بالاترین، بەعسیش پێی وابوو، کورد لە عەرەب کەمترە، ئەدی جاشەکان کە خۆیان کورد بوون، لە سۆنگەی چییەوە کوردیان ئەنفال دەکرد؟ چونکە عەرەب، یان تۆ بڵێ موسڵمانان، بە گوێرەی دەقی قورئان، چاکترین ئوممەتی ڕووی سەر زەوین، (کنتم خیر أمة أخرجت للناس. ئالي عیمران ١١٠) بۆیە موسڵمانان قڕیان دەخستە کافرانەوە، چونکە بە قەولی ئارسەر دی گۆبیناو، (ئاری بالاترین ڕەگەزە،) چونکە بە قسەی چارڵس داروین، (مانەوە بۆ باشترینە،) بۆیە نازیست جوولەکەی دەسووتاند، ئەدی جاشەکان لەبەر ڕۆشنایی کام تێزدا، کوردیان ئەنفال دەکرد؟

ئایا ئەوە ڕاستە کە دەڵێن: تیرۆر ئایینی نییە؟ پێم وایە ئەگەر بەد، سوود لە ئایین وەربگیرێت، دەبێتە سەرچاوەی تیرۆر. بەعس بۆ قەلاچۆکردنی کورد، خراپ و بەراوەژوو سوودی لە سوورەتی ئەنفال وەرگرتووە. خۆ کورد کافر نەبوو، ئەدی لە سۆنگەی چییەوە ئەنفال کرا؟ با وای بۆ بچین کورد کافر و بەعس موسڵمان بوو، باشە بە چ پاساوێک بەعسی موسڵمان مافی قەلاچۆکردنی کوردی کافری هەیە؟ دادگاکانی پشکنینی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستیش، نموونەیەکی دیکەیە، بۆ بەراوەژوو سوودوەرگرتن لە ئایین. ئەوسا کە دەسەڵاتی ڕەها لای کڵێسا بوو، ئایینی عیسا کرابووە سەرچاوەی تیرۆر و ئەوی ڕەخنەیەکی لەو دەسەڵاتە سەرکوتگەرە گرتبا، بە زەندیق لە قەڵەم دەدرا و دەکرایە خۆراکی ئاگر.

نازیستەکان جوولەکەیان قەلاچۆ دەکرد، قڕیان دەخستە قەرەجەوە، ئەوانەیشیان دەسووتاند کە لە ڕووی عەقڵەوە کەموکووڕییان هەبوو. دوندی کارەسات ئەوەبوو، خەڵکێکی زۆریان وا گۆش کردبوو، هەموو ئەو کوشتارانەیان پێ ئاسایی بێت. کار گەیشتبووە ئەوەی، منداڵێک ئەگەر ڕەوتاری هاوڕێیەکی خۆی بە دڵ نەبووایە، پێی دەگوت: (تۆ زۆر بێعەقڵیت، هاکا خۆت لە فڕنێکدا بینییەوە.) بەعسیش جاشەکانی وا پەروەردە کردبوو، کوشتنی کورد لە کنیان، کارێکی ئاسایی بێت.

ئەوە هێندە بە ئازار نییە، ئینسان لە کاتی هێرشبردن و بەرەنگاربوونەوەدا بپێکرێت، ئاخۆ ئەو زللە و گوللانە چەند بە ئازار بن، کە بەر دیلێکی دەست و پێ بەستراو دەکەون؟ دیلێک کە هیچ بواری داکۆکی لە خۆ کردنی نییە. برینی جەستەی ئەوانەی لە سەنگەردا دەپێکرێن، هێندە بەسوێ نییە، ئینسان کە بە دیلیی هەستی بریندار دەکرێت، ئەوسا هەست بە ئەوپەڕی ئازار دەکات. جاشەکان کوردیان بە دیل دەگرت و دەیاندانە دەست بەعسییەکان، ئاخۆ ئەو جاشانە لە بەعسییەکان دڕندەتر نەبوون؟ ئاخۆ کورد قەت لێیان خۆش دەبێت؟ ئاخۆ مێژوو هەرگیز لێیان دەبووریت؟

ئەوە تەنانەت لە کوشتوبڕیش خراپترە، ئەگەر بە بەر چاومانەوە تاوان

بکرێت و گوێی خۆمانی لێ بخەوێنین، ئاخر ئەو وەختە ئەوپەڕی دڕندەیی دەبێت بە شتێکی ئاسایی. لە پرۆسەی ئەنفالدا، تەنیا ئەنفالچییان تاوانبار نین، هەموو ئەوانەیشی ئاگاداری ئەنفالکردنی کورد بوون و لێی بێدەنگ بوون، تاوانی ئەو کۆمەڵکوژییە، کەم و زۆر ئەستۆی ئەوانیش دەگرێتەوە، ئاخر ئەگەر کورد دۆستی شک بردبا، بەعس وا بە ئاسانی ئەنفالی نەدەکرد.

پەراوێزەکان:

(*) جاش: ناتۆرەیەکە، میللەت دوای ئەوانەی خستووە کە ناپاکییان لە گەل و نیشتمان کردووە.

(**) (پەرێزتان خاوێن بێت!) سەرەتای ئایاری ١٩٨٣ سەروەختی قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان لە قڕناقا و پشتئاشان، نەوشیروان مستەفایش هەمان فەرمانی دەرکرد، ڕەنگە ئەوی (موسڵمان)یش شیوعییەکانی پێ (کافر) بووبێت و ئیلهامی ئەو فەرمانەی لەو ئایەتەوە بۆ هاتبێت.

(١) سوودم لەم کتێبە بینیوە:

Om detta m ni berätta, Stephan Bruchfeld och Paul Levine, Norstedts tryckeri 1998 Stocholm.

## ڕێگەی پیس و ئامانجی پاک

موددەعی دوێنێ ئەگەر جوونی دەدا عەیبی نەبوو
شکڵی خۆی دیبوو لە ئاوێنە بە عەکسی دەوەڕی
حاجی قادری کۆیی

دوو بە یەک! باسی ئەنجامی یارییەکی تۆپی پێ ناکەم، کە ئەم تیپیان دووان و ئەوی تریان گۆڵێکی تێدا تۆمار کردبێت، باسی ئەوە دەکەم، تا هەنووکە لڤین هەلومەرجێکی وەهای ڕەخساندووە، دوو کەس بە کوشت بچن و (هاولاتی)یش یەکێکی بە کوشت داوە. لڤین سۆرانی مامەحەمە و شێخ سەتتار، هاولاتییش هاوڕێ نەمەڵی. لەو هەموو فایلڕەشە، هاولاتی کەسی نەدیتەوە، فایلی ئاشکرا بکات، هاوڕێ نەمەڵی نەبێت، کە لە چاو ئێف ئێفەکاندا[*] لە پەپوولەیەک بەولاوەتر نەبوو. هەر کە هاولاتی لە ٢٣/ ٩/ ٢٠٠٧ دا فایلەکەی بلاو دەکاتەوە، هاوڕێ نەمەڵی دوو ڕۆژ دواتر خۆی دەکوژێت، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی بەڵگە بێت بۆ ئەوەی کەسێکی پاک بووە.

ئەحمەد میرە کە لە ڕێی لڤینەوە، بەردەوام تۆمەت دەبەخشێتەوە، چونکە پێوەندیی بە ژیانی خۆیەوە هەیە، تا هەنووکە زاتی نەکردووە، ناوەکانی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە هەوڵیان داوە، تیرۆری بکەن، بە مەرجێک دەیانناسێت و لەسەر ئەو تاوانە حوکم دراون، چ جای ئەوەی بوێرێت ناوی ئەو لایەنە بهێنێت کە ئەم و ئەویان بۆ تیرۆرکردنی هان داوە! کەچی بێ دوودڵی دەنووسێت: (حیزبە دەسەلاتدارەکانی کورد لە کەرکووک، سۆرانی مامەحەمە و شێخ سەتتاریان تیرۆر کرد.)[١]

میرە لە پێناوی بەرزکردنەوەی تیراژی لڤیندا، گاڵتەی بە ژیانی سۆران و

شێخ سەتتار دێت، وەلێ کە مەترسی لە خۆی نزیک دەبێتەوە، پاشەکشێیەک دەکــات، هەلاتن لە چاویدا، لوتکەی بەرەنگاربوونەوەیە. تیــراژی لڤین، لە فێبریوەریی ٢٠٠٨ دا، پازدە هەزار دانەیە، وەلێ هەر کە دیمانەیەک کە لەگەڵ شێخ سەتتاردا ساز کراوە، بڵاو دەکاتەوە و لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٨ ناوبراو دەکوژرێت، تیراژی گۆڤار دەبێتە حەڤدە هەزار. ئەو دیمانەیەی لەگەڵ شێخ سەتتاردا ساز دەکرێت، لڤین بە سێ بەش، لە سێ ژمارەدا بڵاوی دەکاتەوە، بەشی دووەمی دیمانەکە لە یەکی ئاداردا پەخش دەکرێت، چوار ڕۆژ دواتر، شێخ سەتتار دەکوژرێت. لڤین بەراوەژوو سوود لەو کوشتنە وەردەگرێت و لە پازدەی ئاداردا، دەیکاتە مــانشــێــتی ســەرەکــیی بەرگی لڤین و لەگــەڵ بڵاوکردنەوەی بەشی سێیەمی دیمانەکەدا، تیراژی لڤینیش بەرز دەکاتەوە.

چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆرەوی
وەک بفەرمووی من فلانم، پێت دەڵێن توو خوا هەوی؟

ئەو فەرموودەیەی حاجی بۆ هەمووان ڕاست دەکەوێتەوە. نەخۆشییەک هەیە، ناوی ئالزهایمەرە، پەلاماری یادەوەریی کەسانی پیر دەدات و ئەگەری ئەوە هەیە، ئێمەیش نەبوێرێت. هەندێک لە نیشانەکانی ئەمانەن: تووشبوو شتەکانی لە بیر دەچێتەوە، ڕووداوەکان تێکەڵ دەکات، ڕابردووی نایەتەوە یاد، ناتوانێت بە دروستی هەستی خۆی دەرببڕێت و تۆمەت دەبەخشێتەوە. شێخ سەتتار (١٩٣٥ – ٢٠٠٨) لەو دیمانەیەدا کە بووە هەوێنی لەناوچوونی، دەڵێت: (مام جەلال ساڵی ١٩٨٤ هات مەفاوەزات لەگەڵ سەددامدا بکات، سەددام پێی وت: تۆ نوێنەری کورد نیت، پارتی و شیوعی هەن، بۆیە گەڕایەوە و لەسەر داوای سەددام مەزبەحەکەی پشتئاشانی شیوعییەکانی ساز کرد... مام جەلال سوپای ئێرانی دەهێنێت بۆ تەقتەق بۆ ئەوەی لە دیموکرات بدەن.)[٢] ئەو (١٩٨٤)ە، هەڵەی چاپ نییە، چونکە هەمان ئەو قسانە، بە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتاوچواریشەوە، مانشێتی بەشی دووەمی دیمانە بەدناوەکەیە. قەسابخانە لە پشتئاشان سەرەتای ئایاری ١٩٨٣ بۆ شیوعییەکان ساز کرا،

ئەوی سازی کرد نەوشیروان مستەفا بوو نەک مام جەلال و گوتوبێژی نێوان ینک و بەعــســیش پاییــزی ١٩٨٣ دەســـتی پێ کـرد. ئەو هێــزەی هـات لە دیموکراتی دا، سوپای ئێران نەبوو، پاسداران بوو، بۆ تەقتەق نەهات، بۆ کۆیە هات. کەواتە شێخ سەتتار بەشێکی زۆر لە نیشانەکانی ئالزەهایمەری پێوە دیاربووە و لڤین خراپ کەڵکی لە ڕەوشی ئەو پیرەمێردە وەرگرتووە.

شێخ سەتتار دەڵێت: (من حساب بۆ شۆڕش ناکەم و لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە هەتا ئێستا دژی بارزانیم.)[٣] شێخ سەتتار ڕاست دەکات، هەر لە دوای کۆنفرانسەکەی ١٩٦٤ی (ماوەت)ەوە، هەتا ٢٣، ١١، ١٩٩٥ کە بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، واتا وەک خۆی ددانی پێدا دەنێت، چلودوو ساڵێک لە ڕاژەی دەسەڵاتی عێراقدا بووە، ئایا کەسێک بەو مێژووەوە، مافی ئەوەی هەیە تانە نەک لە دیرۆکی بارزانی یان تاڵەبانی، تەنانەت لە هیی (ئەرشەد زێباری)یش بدات، وەک داویەتی؟ کابرایەکی دیکەیش هەیە کە پاشناوی (پشدەری)ی خستووەتە دووی خۆی، وەک شێخ سەتتار بە درێژایی تەمەنی لە خزمەتی دوژمنی کورددا بووە، کەچی زنجیرە کتێبێکی بڵاو کردووەتەوە، ناوی لێ ناوە: میللەتی کورد دوژمنی خۆت بناسە!

شێخ سەتتار وەک لە دیمانە سێ بەشییەکەدا ئاشکرای دەکات، هەر لە نیوەی دووەمی ساڵانی شەستەوە، پێوەندیی بە سەددام حوسێن و تەنانەت (نازم گزار)یشەوە هەبووە، لە لایەن بەعسەوە، لە پاداشتی ئەو خزمەتە زۆرەی بەو حیزبەی کردووە، چەندان پۆستی پێ سپێردراوە و وێڕای ئەندامیەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق لە ساڵانی(١٩٨١ تا ١٩٨٤)دا، سێ جاریش کراوە بە وەزیری سێ وەزارەتی جیاواز، (نیشتەجێکردن، شارەوانی و گواستنەوە،) کەچی دەڵێت: (نەوشیروان مستەفا لە حیزبێکدا نابێت کە هەمووی فایلە.)[٤] پێ دەچێت، لە کن شێخ سەتتار، هەبوونی فایل تەنیا بە دزییەوە خەوش بێت و بە ئاشکرا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پێشمەرگایەتیدا نەبێت! ئەم شێخ سەتتارە کە هەبوونی فایل بۆ ئەم و ئەو، بە خەوش تۆمار دەکات، کە هاوکاریی لەگەڵ ئێران و عێراق بۆ کەسانی دیکە بە

ناپاکی لە قــەڵەم دەدات، چونکە ئەگــەری ئەوە هــەیە، دووچاری نــەخــۆشــیی ئالزەهــایمەر بوویێت، لە هــەمــان دیمــانەدا دەڵێت: (قــایمــەقــامی کــۆیە بووم و پێنجسەد چەکدارم لەگەڵ بوو ... چەکمــان هەڵگرت و چووینە ناوچەی بارزان و بارزانیمان دەگرت و لێمان دەدان و شەڕمان لەگەڵ دەکردن.)(٥)

ڕەنگە کــوشــتنی کــەســێک لە سلێــمــانی لەســەر لایەنێک بکەوێت و لە هەولێریش لەسەر لایەنێکی دیکە، وەلێ لە کەرکووک چونکە شارێکی فرەمافیا و فرەحاکمە، لەســەر هیچ لایەنێک ناکەوێت. من وەک چۆن نازانم ئەوانە کێ بوون سۆرانی مامەحەمەیان تیرۆر کرد، هەروایش نازانم، ئەوانە کێ بوون شێخ سەتتاریان کوشت، وەلێ پێم وایە، ئەوە ئەحمەد میرە بوو لە پێناوی نزمکردنەوەی شکۆمەندیی دەسەڵاتی کوردی و بەرزکردنەوەی تیراژی ڤیندا، هەلومەرجێکی وای ڕەخساند، ئەو گەنجە خێر و خۆشینەدیوە و ئەو پیرەمێردە زاکیرەناساغە، بە کوشت بچن.

شێخ ســەتتــار دەڵێت: (لە دوای ١٩٦٤ەوە بۆم دەرکــەوت، ئەمــانە شــۆڕش ناکــەن، بازرگــانیی دەکــەن. یان: شــۆڕشــەکــە، ئەوەی تــاڵەبانی ڕێبــەری بوو، پێــوەندیی لەگــەڵ بەعــســدا هــەبوو.)(٦) کــەس لاریی لــەوە نیــیــە کــە لــە هــەمــوو شۆڕشەکانی کورددا، بە کۆن و نوێیەوە، کەموکووڕی هەبووە و ڕێ کەوتووە کەسانی ناپاکیش بخزێنە ڕیزەکانیانەوە، بەڵام شێخ سەتتارێک چل ساڵێک پتر، ئەو سەنگەرەی هەڵبژاردبێت کە قەلاچۆکردنی کورد ئامانجی بوو بێت، دوا کەسە مافی ئەوەی هەبێت، تانە لەم یان لەو سەرکردەی ئەم یان ئەو شۆڕشی کورد بدات. ئایا ئەگەر ڤینەوانەکان دڵسۆزی گەلی کورد بوونایە، بۆ شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورددا، هانایان بۆ کەسانی وەکوو شێخ سەتتار دەبرد؟

پێــویســتــە ئەوەیش باس بکەم، ئەوانەی لە ڤین کــار دەکــەن، ئاســتی ڕۆشنبیرییان هێندە نزمە، تا ڕادەی بێسەوادی. ئەوە خەوش نییە، کەسانێک لەبەر کۆمەڵێک هۆکار نەخوێندەوار بن، ئەوە خەوش و تەنانەت کارەساتیشە کەسانێک گۆڤار دەربچوێنن و کۆلکەخوێندەوار بن. با هەندێک نموونە بهێنمەوە و بە بەڵگەوە قسە بکەم. ئەو جەللادە ترسناکەی ناوی لەگەڵ

(کۆشکی کۆتایی)ی بەدناودا دێت و دوای کودەتا شوومەکەی تەمموزی ١٩٦٨ی بەعس، بەرپرسی ئاسایشی گشتیی عێراق بوو، (نازم گزال)ی ناو نەبوو، وەک چەند جارێک لڤین نووسیویەتی، (نازم گزار)ی ناو بوو. ئەمە هەڵەی چاپ یان ڕێنووس نییە، بەڵگەیەکە بۆ نزمیی ئاستی خوێندەواریی باندی لڤین. ئەوەیش هەر زادەی نەشارەزایی و کەمسەلیقەیی ستافی لڤینە کە بە مانشێت دەنووسێت: (مام جەلال دوای وتوویژی ١٩٨٤ مەزبەحەی پشتئاشانی ساز کرد.) ئاخر وەک پێشتر ڕوونم کردەوە، ئەو مانشێتە وشەیەکی ڕاستی تێدا نییە و لڤینی درشتبین هەستی پێ نەکردووە.

ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، ئەوە باندی لڤین بوون، ڕەوشێکی وایان هێنایە گۆڕێ، سۆران و شێخ سەتتار بە کوشت بچن، کەچی هێشتا نەک هەر دەست لە خوێنیان هەڵناگرن، بەڵکوو بەردەوام بازرگانی بە خوێنی بەفیڕۆچوویانەوە دەکەن، ئەوە نییە ناویان ناون، شەهیدی قەڵەم! سۆرانی مامەحەمە، گەنجێکی هێشتا پێنەگەییشتوو بوو، بە زەحمەت دەیتوانی دوو سێ ڕستەی بەسوود پێکەوە بلکێنێت، ئیدی ئەوە گاڵتەکردن نییە بە خوێنی سۆران و بە هەستی کەسوکارەکەی و بە ئاوەزی خوێنەران، ناوی بنێین شەهیدی قەڵەم! شێخ سەتتاریش، خواخوای بوو، گەل لێی ببوورێت و پەڵەی قەڵەمفرۆش لە تەوێڵی نەدرێت. کورد شەهیدی قەڵەمی هەیە، وەک نموونە: عەبدولخالیق مەعرووف، شەهیدی قەڵەم بوو. ئایا نووسینی ناوی سۆرانی مامەحەمە کە پەپوولەیەک بوو، بە تەنیشت شێخ سەتتارەوە کە بریا وەک ناوەکانی باوک و باپیری، پاکژ و ئاوڕوومەند بووایە،(**) نزم سەرنجدانی یەکەمیان نییە؟

شێخ سەتتار کە وەزیر دەبێت لە کن بەعس، زۆر جار هەوڵ دەدات لەنێو ڕیزەکانی یەکیەتیی نووسەرانی کورددا بە ئەندامێکی ئاسایی وەربگیرێت، بەڵام چونکە ناپاکیی لە کورد کردبوو، هەمیشە داواکەی ڕەت دەکرێتەوە، تا بەعس ساڵی ١٩٨٣ یەکیەتیی نووسەرانی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەو ئاواتە دێرینەی نایەتە دی، وەلێ کە یەکیەتیی نووسەرانی بەعس دادەمەزرێت، شێخ سەتتار دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا! کەسێک ناپاکیی لە گەلێک بکات

له تاکێکیشی دەکات، فوئادی مەجید میسری له ٢٧/ ٧/ ١٩٧٦ دا، بەو ئومێدەی بێ ئەوەی ئازار بدرێت و گوشاری بخرێته سەر، بۆ سەر ئیشەکەی بگەڕێتەوە، نامەیەک بۆ شێخ سەتتار، تا بۆ ئەو مەبەستە کۆمەکی بکات، دەنێرێت. نووسەری نامەکە، هەرچەندە نە لاوازیی نیشان دەدات، نە گفتی هیچیش بە بەعس دەدات، کەچی شێخ سەتتار ناپاکیی لەویش دەکات و سەروەختی گوتوبێژی نێوان یەنک و بەعس، نامەکە کە پێویستە تەنیا لە نێوان هەردووکیاندا بمێنێتەوە، بڵاو دەکاتەوە. ئەمە ئەو قارەمانەیە کە ڤینەوانان بۆ بڵندکردنەوەی تیراژ و دژایەتیکردنی دەسەڵاتی کوردی، دەستیان بە داوێنییەوە گرتووە. ئایا سەنگەرگرتن لە پدک و یەنک بەو چەکە ژەنگنە، لوتکەی گەندەڵی نییە؟ ئایا بە ڕێگەیەکی پۆخڵدا، دەگەینە ئامانجێکی خاوێن؟ ئایا خوێنەر ناهەقیەتی، بە چاوی گومانەوە سەرنجی ئامانجی ڤین بدات؟

ڤین تەنیا لەوەدا دەستڕەنگینە، ئەم و ئەو، بە چاوپۆشین لە دیرۆکی ڕەشیان، وا هان بدات و بیانوروژێنێت، تا قورسترین تۆمەت بدەنە پاڵ دەسەڵاتی کوردی و دزێوترین جنێوی پێ بدەن، ئەوە بۆیە کە تەواو دڵنیا دەبێت، وەک پلانی بۆ دانابوو، دروست وەها نێچیرەکە بە تەڵەوە بووگە و چی جنێوی پیسە بە پارتی و یەکێتیی داوە و چی تۆمەتی قورسیشە بۆیانی هەڵبەستووە، بەم پرسیارە کۆتایی بە دیمانە درێژەکە دەهێنێت: (لە هەڕەشەی لایەنەکان ناترسیت؟)(٧) شێخ سەتتاری پیرەمێردی بەستەزمانی بە فاقەوەبوویش کە دوای چەند سەعاتێک لە تۆمەتهۆنینەوە و جنێوبەخشینەوە، تەواو گەیشتووەتە هەوای خۆی، دەڵێت: (لە چی بترسم عومری پیرەمەرێکم ماوە، با بمکوژن.)(٨) ئافەرین ڤین بۆ دەستوبردت، کەسێک زێتر لە چل ساڵێک ناپاکیی لە میللەتێک کە بەردەوام لە شۆڕشدا بووە، کردبێت و تووشی هیچ کێشەیەک نەهاتبێت، تۆ بە دیمانەیەک بە کوشتی بدەیت، یان وەک سەروەختی شۆڕشی نوێ دەگوترا، بە دیمانەیەک وا بکەیت، بە سزای ڕەوای گەل بگات! ڕەنگە ڤین لەسەر ئاستی دنیا تاقە گۆڤار بێت، لە چوار پێنج مانگێکدا دوو کەسی بە کوشت دابێت.

٢٠١٠/٤/٢

پەراوێزەکان:

(١) لڤین ژمارە ١٢٢ لاپەڕە ٥٠ یەکی ئەپریلی ٢٠١٠

(٢) لڤین ژمارە ٦٢ ل٨ یەکی ئاداری ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٣) لڤین ژمارە ٦١ ل٢٣ فێبریوەریی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٤) لڤین ژمارە ٦٣ ل٢٥ پازدەی ئاداری ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٥) لڤین ژمارە ٦١ ل٢٢ فێبریوەریی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٦) لڤین ژمارە ٦٢ ل٨ یەکی ئاداری ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٧) لڤین ژمارە ٦٣ ل٢٥ پازدەی ئاداری ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٨) لڤین ژمارە ٦٣ ل٢٥ پازدەی ئاداری ٢٠٠٨ سلێمانی.

(*) ئێف ئێف: فیرعەونە فایلدارەکان.

(**) پاکژ: تاهیر. ئاوڕوومەند: شەریف.

## پێڕست


که گیرفانی با پڕ دەبێت لە چرپە ..... 5

پەری سەرقاڵی ڕاوی ئەستێرەیە ..... 11

دڵشاد مەریوانی شاعیرێک کە ڕیشی پڕ بوو لە پەپوولە ..... 21

سامی شۆڕش وەک شاعیرێک ..... 30

شیعر و غەیب ..... 46

هەڵوێستە شیعر ..... 51

نووسین و نوێژ ..... 55

پەیامی سپارتاکۆس ..... 62

نووسین و ئازادی ..... 65

جەهلی موقەدەس ..... 70

قەسر و قەبر ..... 78

ئەو ئومییانەی نەخوێندەوار نین ..... 85

ئەو پەلکەگیایانەی لە بنجیان یاخی دەبن ..... 91

وجادلهم بالتی هی أحسن ..... 100

هۆلۆکۆستی کوردان ..... 108

ڕێگەی پیس و ئامانجی پاک ..... 112